تەفسیری

پێشین

جوزئی شەشەم

ئامادەکردنی

عثمان أحمد حاتم

جمادى الأولى ١٤٤٢

تەفسیری

پێشین

جوزئی پێنجەم

ئامادەکردنی

عثمان أحمد حاتم

جمادى الأولى ١٤٤٢

پێشەکی

قورئان کۆتا پەیامی خودایە ﷻ بۆ هەموو مرۆڤ وجن ، وپارێزراوە لە هەموو گۆڕانکارییەك ، پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان پەیڕەوی لێبکەن ، ولە مانا ومەبەستەکانی تێبگەن بۆ ئەوەی خۆشبەختی دونیا وسەرفرازی قیامەت بە دەست بهێنن ، لەو سۆنگەیەوە تێگەیشتن لە قورئان گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ ژیانی موسڵمانان.

قورئان هاوشێوەی هیچ کتێبێکی تر نییە ، چونکە فەرموودەی خودای پەروەردگارە ، ولە قسەی مرۆڤەکان ناچێت ، وخوێندنەوەی پەرستش ویادی خودایە ، ترمزی لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك پیتێك لە کتێبەکەی خودا بخوێنێتەوە ئەوە چاکەیەکی بۆ هەیە ، وپاداشتی هەر چاکەیەکیش بە دە هێندە دەدرێتەوە ، ناڵێم : ﴿الٓمٓ﴾ پیتێکە بەڵکو : ألف پیتێکە ، ولام : پیتێکە ، ومیم پیتێکە ؛ پێویستە موسڵمانان گرنگییەکی زۆر بە خوێندنەوە وفێربوون وفێرکردنی قورئان بدەن ، چونکە بوخاری لە عوسمانەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : باشترینتان ئەوانەتانن کە فێری قورئان دەبن وخەڵکیش فێردەکەن .

قورئانی پیرۆز چەند ناوێکی هەیە کە باوترینیان قورئانە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ۝٣﴾(الزُّخْرُف) ، و"الكتاب" خودا دەفەرموێت : ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا۝٩٢﴾(الأَنعَام) ، و"الفرقان" ، واتە : جیاکەرەوەی ڕاستی لە پووچەڵ ونارەوا خودا دەفەرموێت : ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا۝١﴾(الفُرْقَان) ، و"الذكر" : خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ۝٩﴾(الحِجْر) .

بە ماوەی بیست وسێ ساڵ دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ کە سیازدە ساڵی لە مەککە ودە ساڵی لە مەدینە بووە ، وسی(جزء) و(سەد وچواردە) سورەتە ، وشەی (سورة) بە مانای ڕوونی وبەرز وبڵندی دێت ، یان بە مانای شورایە وەك شورای شارەکان لەبەر ئەوەی هەموو ئایەتەکانی سورەتەکە لە خۆی دەگرێت ، ووشەی (آية) مانای نیشانەیە ؛ قورتبی دەڵێت : زانایان کۆدەنگن کە هیچ وشەیەکی لێکدراوی (أعجمی) واتە : جگە لە عەرەبی لە قورئاندا نییە ، ودیسان کۆدەنگن کە هەندێك ناوی تێدایە کە عەرەبی نییە وەك (إبراهيم) ، و(نوح) ، و(لوط) ، وناکۆکن ئایا جگە لەوە هیچی تری ئەعجەمی تێدایە ؟ ، تەبەری نکوڵی ئەوە دەکات ودەڵێت : هەر وشەیەکی تێدابێت کە هاوواتای وشەیەکی ئەعجەمی بێت ئەوە لە بابەتی ئەو وشانەیە کە زمانەکان لەسەری کۆکن وبەهەمان شێوە بەکاری دەهێنن ، ڕیزبەندی پیتەکان ووشەکان وئایەتەکانی قورئانی

پیرۆز لە لایەن پێغەمبەری خوداوە ﷺ دیاری كراوە ، دروست نییە بۆ هیچ كەسێك پاش وپێش لە پیتێك یان وشەیەك یان ئایەتێكی قورئاندا بكات ، ئەحمەد والترمذی وئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : بە عوسمانی كوڕی عەفانم رضي الله عنه گوت : چی پاڵنەرتان بوو سورەتی ئەنفال كە لە سورەتە درێژەكان نییە وئایەتەكانی لە سەد ئایەت كەمترە لە ڕیزبەندی حەوت سورەتە درێژەكە دابنێن ، ولەگەڵ سورەتی تەوبە كە ئایەتەكانی لە سەد ئایەت زیاترە پێكەوە كۆیان بكەنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنوسن ولە دوای ئەنفالەوە داتانناوە ؟ ، عوسمان رضي الله عنه گوتی : پێغەمبەری خودا ﷺ لە كاتێكدا ئەو سورەتانەی كە ئایەتەكانی زۆر بوو ، وهەندێك لە ئایەتەكانی بۆ دادەبەزی بانگی ئەو كەسانەی دەكرد كە قورئانیان دەنووسییەوە ودەیفەرموو : ئەم ئایەتانە بخەنە نێو ئەو سورەتەی كە باسی ئەو شتە وئەو شتە دەكات ، وئەگەر ئایەتێكی بۆ دابەزیبایە دەیفەرموو : ئەم ئایەتە بخەنە نێو ئەو سورەتەی كە باسی ئەو شتە دەكات ، سورەتی ئەنفال لەو سورەتانە بوو كە لە سەرەتای كۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ مەدینە دابەزی ، وسورەتی تەوبە لە كۆتاییەكاندا دابەزی وباسەكانیان لە یەك دەچوون ، گومانم وابوو كە یەك باسن ، پێغەمبەری خودا ﷺ وەفاتی كرد وبۆی دیاری نەكردین كە یەك باسن یان جیاوازن ، لەبەر ئەوە پێكەوە كۆم كردنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنووسی ، ولە ڕیزبەندی حەوت سورەتە گەورەكە دامناوە .

زانایان ناکۆکن ئایە هەموو سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناویناون ؟ لە فەرموودەی صەحیحدا جێگیر بووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی چەند سورەتێکی هێناوە وەك الفاتحە والبقرە وآل عمران والکهف وهود والواقعە والمرسلات ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : ناوی هەموو سورەتەکان لە فەرموودە وئەسەرەکاندا هاتووە ، وناوی هەموو سورەتەکان لە سەردەمی هاوەڵانەوە باوبووە ، لەبەر ئەوە نابێت جگە لەو ناوانەی کە لە موصحەفی عوسماندا رضي الله عنه هاتووە ناوی تر لە سورەتەکانی قورئان بنرێت ، وبۆچوونی دروست ئەوەیە کە ناوی هەندێك لە سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی ناون وئەوانی تر هاوەڵان ناویان ناوە ولەو سەردەمەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموویان ، وسورەتەکان هەندێکی پێغەمبەری خودا ﷺ ڕیزبەندی کردووە وهەندێکی هاوەڵان دایانناوە وئەو موصحەفەی کە پێشەوا عوسمان رضي الله عنه کۆی کردەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموو هاوەڵان رضي الله عنهم .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ژمارەی ئایەتەکانی قورئان شەش هەزار ئایەتە ، لەوە زیاتر زانایان ناکۆکن ، هەیانە دەڵێن : لەوە زیاتر نییە ، وهەیانە دەڵێن : دووسەد وچوار ئایەتە لەوە زیاترە ، وگوتراوە : دووسەد وچواردە ، وگوتراوە : دووسەد ونۆزدە ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وپێنج ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وشەش ، وگوتراوە : دووسەد وسی وشەش ، ئەبوعومەری الدانی ئەوەی لە کتێبی (البیان)دا گێڕاوەتەوە .

ژمارەی وشەکانی قورئان فوزلی کوڕی شاذان لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : حەفتا وحەوت هەزار وچوار سەد وسی ونۆ وشەیە ؛ وژمارەی پیتەکانی عبداللەی کوڕی کەسیر لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : ئێمە ژماردوومانە : سێ سەد وبیست ویەك هەزار وسەد وهەشتا پیتە ، وفوزل لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : سێ سەد وبیست وسێ هەزار وپازدە پیتە ، وسەلام ئەبومحمد حەمانی دەڵێت : حەجاج هەموو قورئان خوێن وئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو وئەوانەی قورئانیان دەنووسییەوە کۆی کردنەوە وپێی گوتن : هەموو قورئان بژمێرن بزانن چەند پیتە ؟ دەڵێت : ژماردمان ، هەموویان کۆ دەنگ بوون کە سێ سەد وچل هەزار وحەوت سەد وچل پیتە.

هۆکاری ئەو جیاوازییەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێك لە زانایان (بسم الله) وپیتە پچڕاوەکان یان پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەندێك شوێن لەسەر ئایەتێك وەستاوە بە ئایەتیان ژماردووە ، وهەندێك بۆچوونیان پێچەوانەی ئەوە بووە ، بۆیە ئەو ناکۆکییە لە سەر زیاتر لە شەش هەزار ودووسەد ئایەتەکە دروست بووە ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو ناکۆکییە هیچ کاریگەرییەکی نییە ، چونکە هەمووان یەك دەنگن کە یەك پیت ویەك وشە لە موصحەفەکەی پێشەوا عوسمان رضي الله عنه کەم وزیادی نییە ، تەنها ناکۆکیان لە شوێنی دانانی ئایەتەکان وژمارەیانە .

شایانی باسە لەم پێشەکییەدا بە کورتی ئاماژەیەك بکەم بۆ پرسێك کە زۆر جار هەندێك لە خوێنەران بەر چاویان دەکەوێت ، وماناکەی لایان ڕوون نییە ، ئەویش پرسی : حەوت

پیت وحەوت خوێندنەوەکەیە (الأحرف السبعة والقراءات السبع) ، بوخاری ومسلم لە عومەری کوڕی خەتابەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حزام بوو ﵄، سورەتی (الفرقان)ی دەخوێندەوە کۆمەڵە وشەیەکی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەو شێوەیە بۆ منی نەخوێند بوویەوە ، خەریك بوو نوێژەکەی پێ ببڕم ، بەڵام ئارامم گرت هەتاکو کۆتایی پێهێنا ، یەخەییم گرت وهێنام بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ تۆ سورەتی (الفرقان)ت بۆ خوێندمەوە ، ومن گوێم لە هیشام بوو کۆمەڵە وشەیەکی دەخوێندەوە ، تۆ بۆ منت نەخوێندووەتەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بخوێنە ئەی هیشام ، قورئانی خوێندەوە بەو شێوەی کە عومەر ﵁ گوێی لێ بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان فەرمووی : بخوێنە ئەی عومەر : خوێندمەوە ، فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان قورئان لەسەر حەوت شێواز دابەزێنراوە ، بەو شێوەیەی دەیزانن وئاسانە بۆتان قورئان بخوێننەوە .

هەندێك لە خەڵك گومانیان وایە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزیوە حەوت خوێندنەوەکەیە ، وئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە ، ئەبوشامە دەڵێت : ئەو کەسەی گومانی وابێت حەوت شێوازەکە ، حەوت خوێندنەوەکەیە ، پێچەوانەی کۆدەنگی هەموو زانایانە ، وئەوە گومانی هەندێك لە نەفامەکانە .

ئەو حەوت جۆرە خوێندنەوەی کە زانراو وباوە لای موسڵمانان ، کە هەر جۆرێکی بە ناوی بە ناوبانگترین خوێنەری ئەو جۆرەوە ناوبانگی دەرکردووە کە بریتین لـە : نافعی مەدەنی ، وئیبن کەسیری مەککی ، ئەبوعەمری کوڕی عەلائی بەصری ، وئیبن عامری شامی ، وعاصم وحەمزە وکیسائی کوفی ، وهەریەکە لـەو قورئان خوێنانە چەند کەسێك قورئانیان لـەسەر دەستیان خوێندووە ، وخاوەن ڕێگە وخوێندنەوەی تایبەتن .

قورتبی لـە پێشەکی تەفسیرەکەیدا باسی ناکۆکی زانایان دەکات سەبارەت بەو حەوت شێوازە (الأحرف السبعة) ودەڵێت : زانایان ناکۆکن کە مەبەست لـەو حەوت شێوازە چییە ، سی وپێنج بۆچوونیان هەیە لـە بارەیەوە ، کە ئەبوحاتەمی کوڕی حبان بوستی باسی کردووە ؛ بەهێزترین وپەسەندترین ونزیکترینیان لـە ڕاستییەوە بریتییە لـە : یەکەم : مەبەست حەوت شێوازی دەربڕینی جیاوازە بە هەمان مانا ، وەك : (أقبل ، تعال ، هلم) ئەم وشانە ئەگەرچی شێوازیان جیاوازە بەڵام هەمان مانایان هەیە ، کە ئەمە بۆچوونی زۆربەی زانایانە ، وبێگومان مەبەست ئەوە نییە کە هەموو قورئان دەتوانرێت بە حەوت شێواز بخوێندرێتەوە ، بەڵکو هەندێك وشە بە مانایەك زیاتر تا حەوت مانا وشێواز دەخوێندرێتەوە ، وپێویستە بزانرێت ئەو دروستییەی خوێندنەوەی قورئان بەو شێوازە جیاوازانە بە حەز وئارەزوو نییە ، بەڵکو دەبێت بە صەحیحی لـە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ڕیوایەت کرابێت ، ئیبن تەیمییە دەڵێت : موسڵمانان کۆدەنگن کە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لـەسەر دابەزێنراوە ، دژیەك نین لـە مانا ومەبەستەکانی ، بەڵکو لـەوانەیە : هاومانابن یان ماناکانیان نزیك بێت لـە یەکەوە ، وەك : ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەڵێت : بێگومان وەك ئەو قسەی

هەریەکە لە ئێوەیە کە بڵێت : (أَقْبِلْ ، وَهَلُمَّ ، وَتَعَالَ) ، یان دەشێت وشەیەك هەمان مانای وشەکەی تری نەبێت ، بەڵام هەردوو ماناکە ڕاست بێت ئەمەش ناکۆکی جۆرییە نەوەك دژیەکی ؛ دووەم : حەوت زاراوە لە قورئاندا هەیە کە هەموویان زاراوەی زمانی عەرەبین ، بۆ ئاسانکاری وقورس نەبوونی خوێندنەوەی لەسەر ئوممەتی ئیسلام بەو حەوت زاراوە دابەزیوە ، وبەڵگەش بە هاوشێوەی ئەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە مسلم لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : لە مزگەوت دانیشتبووم ، کەسێك هاتە ژوورەوە ونوێژی کرد بە شێوەیەك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ! ، پاشان کەسێکی تر هاتە ژوورەوە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەو کەسەکەی تر قورئانی خوێندەوە ! ، کاتێك نوێژەکەمان بەجێهێنا ، هەموومان ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەم کەسە بەشێوازێك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ، وئەویتر بەشێوازێکی جیاوازتر لە خوێندنەوەی کەسی یەکەم قورئانی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێکردن ، قورئانیان خوێندەوە ، وشێوازی خوێندنەوەکەیانی بەباش دانا ، گومانم بۆ دروست بوو زیاتر لەو گومانەی کە لە سەردەمی نەفامی لە ناخمدا بوو ! ، کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بینی ئەو گومانەم بۆ دروست بووە ، دای لەسەر سنگم ، لە شەرم وترسدا هەموو گیانم ئارەقی کرد وەك ئەوەی سەیری خودا ﷻ بکەم ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : ئەی ئوبەی : سروشم بۆ کرا کە قورئان بە یەك شێواز بخوێنمەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە کە بە خودا سبحانه وتعالى ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، گەڕایەوە بۆ لام فەرمووی : بە دوو شێواز بیخوێنەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە کە بە خودا سبحانه وتعالى

ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، وەڵامی دامەوە لە جاری سێیەمدا : کە بە حەوت شێواز بیخوێنمەوە .

تەفسیری پێشین هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکانی قورئان ، بە گوزارشت ودەربڕینێکی سادە وئاسان بە زمانێکی کوردی پاراو وپەتی ، ودوور لە درێژ بڕییەك کە ببێتە هۆکاری دروست کردنی بێزاری لای خوێنەر وکورت بڕییەك کە مانا ومەبەستی پێویست نەدات بە دەستەوە ، هەڵبژاردنی ناوی پێشین بەو هیوایەیە کە هاومانای تەفسیرەکانی پێشەوایانی سەلەف بێت وهەردەم ئەو وتەیەی پێشەوا ئەحمەد بەیاد دەهێنمەوە کە دەڵێت : شتێك مەڵێ کە پێشەوایەك ئەو بۆچوونەی پەسەند نەکردبێت ؛ وئەوەش دووپات دەکەمەوە کە بیروباوەڕم بیروباوەڕی زانایانی ئەهلی سوننەت وجەماعەتە بە تایبەت لە لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ (الأسماء والصفات) ، ومەنهەجم مەنهەجی پێشەواکانی سەلەفە ، ولەبەر ئەوەی هەڵە ونەزانین ولە بیرچوون لە سیفەتی مرۆڤن ، ئەو گوتەیەی پێشەوا شافعی دروشمە کە دەڵێت : باوەڕم بە خودا هەیە وبەوەی لە خوداوە هاتووە ، وبەو شێوەیەی خودا ﷻ ویستوویەتی ، وباوەڕم بە پێغەمبەری خودا ﷺ هەیە ، وبەوەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ هاتووە ، وبەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا ﷺ ویستوویەتی ؛ هەر شتێك لەم تەفسیرەدا پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ومەنهەجی زانایانی سەلەف بێت ئەگەر لە ژیاندابم وکەسێك ئاگادارم بکاتەوە بێ چەندوچوون لێی پەشیمان دەبمەوە ، وئەگەر مردنیش یەخەی پێ گرتم داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارم دەکەم وپەشیمانم .

کتێبخانەی کوردی هەژارە لە ڕووی سەرچاوەی تۆکمە وڕاست ودروست بۆ تێگەیشتن لە قورئان لەسەر ڕێبازی پێشینان ، زانراوە کە باشترین ڕێگا بۆ لێکدانەوەی قورئان تەفسیرکردنیەتی بە ئایەتەکانی قورئان وفەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ چونکە هەندێك جار بابەتێکی لە شوێنێکدا بە کورتی یان بە ڕەهایی یان بە گشتی باسکراوە ولە شوێنێکی تر ئەو باسە زیاتر ڕوون کراوەتەوە یان وابەستەکراوە یان تایبەت کراوە ، وهەروەها زانستی "ناسخ ومنسوخ" وهۆکاری دابەزینی ئایەتەکان ، ولێکدانەوەی هاوەڵان بە تایبەت ئیبن عەباس رضي الله عنهما چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لە خودا بۆی پاڕاوەتەوە ونزای بۆ کردووە کە فێری لێکدانەوە وتەفسیری قورئانی بکات ، ولێکدانەوە وتەفسیری زانا گەورە وبە ناوبانگەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ، چونکە دڵنیام لە تەفسیردا ئەوان هیچ بوارێکیان بۆ داهێنان وزیادە خستنە سەر بۆ دوای خۆیان نەهێشتووەتەوە ، وهەمووان پێویستمان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی تەفسیرەکانی زانایانی سەلەف هەیە ، لەبەر ئەوە سەرچاوەی ئەم تەفسیرە هەموو ئەو شاکارانەیە کە ئەوان نووسیویانەتەوە .

لە تەفسیری پێشیندا سودی زۆرم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە ، (جامع البيان)ئیبن جەریری الطبری (٣١٠هـ) ، (تفسير القرآن العظيم مسندًا) ئیبن ئەبوحاتەمی ڕازی (٣٢٧هـ) ، (الكشف والبيان) الثعلبی (٤٢٧هـ) ، (التفسير البسيط)و(الوجيز) الواحدی (٤٦٨هـ) ، (معالم التنزيل) البغوي (٥١٦هـ) ، (زاد المسير) ئیبن الجوزی (٥٩٧هـ) ، (الجامع لأحكام القرآن) القرطبی (٦٧١هـ) ، (التسهيل لعلوم التنزيل) ئیبن جزی الكلبی

(٧٤١هـ) ، (تفسير القرآن العظيم) ئیبن كثير (٧٧٤هـ) ، (الدر المنثور) السيوطی (٩١١هـ) ، (فتح القدير) الشوكانی (١٢٥٠هـ) ، (روح المعانی) الآلوسی (١٢٧٠هـ) ، (فتح البيان) صديق حسن خان القنوجی (١٣٠٧هـ) ، (تيسير الكريم المنان) السعدی (١٣٧٦هـ) ، (أضواء البيان) الشنقيطی (١٣٩٤هـ) ، (تفسير القرآن الكريم) ئیبن عثيمين (١٤٢١هـ) ، هەروەها سودم لە هەموو کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تیمیه (٧٢١هـ) وپێشەوا ئیبن القیم (٧٥١هـ) وەرگرتووە .

هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانم دیاری کردووە ، دەقی فەرموودەکانم بە عەرەبی نەهێناوە لەبەر ئەوەی زۆر درێژ نەبێتەوە ، وزۆرجاریش تەنها شوێنی مەبەستم هێناوە ، وفەرموودە ئەگەر بوخاری ومسلم یان یەکێکیان ڕیوایەتیان کردبێت کەسی ترم لە فەرموودەناس لەگەڵ باس نەکردوون بۆ سودێك نەبێت کە لە ڕیوایەتی جگە لە بوخاری ومسلمدا هاتبێت ، وبۆ فەرموودەکانی تر پشتم بەستووە بە کتێبەکانی ئەلبانی وئیبن حەجەر وئیبن کەسیر وزەهەبی وشەوکانی وئەحمەد شاکر ومقبل وادعی ، ئەگەر فەرموودەیەك قسەی ئەو فەرموودەناسانە لێکۆڵەرانەم دەست نەکەوتبێت لەسەری ناوم نەهێناون کە ئەمە زۆر بەکەمی دەبینرێت وبۆسود ومەبەستێك وزیاتر تێگەیشتنە لە مانای ئایەتەکە هێناومە ، وبۆ ناوی خودای پەروەردگار لە هەر شوێنێکدا ماناکانی بخوازێت یان لە دەقی وەرگێڕاودا هاتبێت (جل جلاله ، سبحانه وتعالى ، عز وجل) نوسیووە ، بۆ ناوی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) نوسیووە ، وبۆناوی پێغەمبەرانی تر عليه السلام یان عليهم السلام نوسیووە ، بۆ هاوەڵان (رضي الله عنه ، رضي الله عنها ، رضي الله عنهما ، رضي الله عنهم) نوسیووە ، وبۆ زانایان (رحمه الله)م بەکار نەهێناوە لەبەر زۆر

دووبارەبوونەوەی ناوەکانیان ، وکاتێك دەڵێم فلانە زانا وادەڵێت ناوی سەرچاوەکەم نەنوسیووە وەك زانایانی پێشین ، چونکە دیاری کردنی سەرچاوە ونۆرەی چاپ وژمارەی لاپەڕە لەم سەردەمانەی دواییدا دایان هێناوە وشێوازێکی ئەکادیمییە ، وئەوەش لەبەر ترسی دزی زانستییە "السرقة العلمية" ، ومەرج نییە دەقاودەق قسەکەیم هێنابێت بەڵکو مانا ومەبەستەکەم نوسیووە ، چونکە ئەگەر دروست بێت لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانی قورئان بکرێت یان بە مانا فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ بگێڕدرێتەوە ، بێگومان دروستە بە مانا قسەی زانایان وەربگێڕدرێت ، وئەگەر لە شوێنێکدا مانای قسەی زانایەکم نوسیبێت ودەستکاری زۆرم کردبێت نەمداوەتە پاڵ زاناکە ، وبۆ لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ سودم لە کتێبەکانی زانستی بیروباوەڕ بە تایبەت کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە وپێشەوا ئیبن عوسەیمین وەرگرتووە ، وبۆ حوکمە فیقهییەکان وابەستەی هیچ مەزهەبێك نابم بەڵکو بەرێزەوە دەڕوانمە ئیجتیهاد وڕای زانایان وپێشەواکانی سوننەت وهەر وتە وبۆچوونێك پێچەوانەی سوننەتی صەحیح بێت وەریناگرم .

عثمان أحمد حاتم

باشوری کوردستان ـ گەرمیان ـ کەلار

٩/شوال/١٤٤١ك

٢٠٢٠/٦/١



﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلْجَهْرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا ١٤٨﴾ خودا ئاشکراکردنی قسەی ناشیرین ونەشیاوی پێ خۆش نییە ، بۆ کەسێك نەبێت کە ستەمی لێکرا بێت ، وخودا بیسەری قسەکانتانە وزانایە بەوەی لە ناختاندایە .

خودای پەروەردگار قسەی خراپ ونەشیاو وناشایستەی پێناخۆشە بۆ کەسێك نەبێت کە بەرگری لە خۆی بکات ، وەك ئەوەی بڵێت : فلانە کەس ستەمی لێکردووم ، یان مافی خواردووم ، وبچێتە لای کاربەدەستێك سکاڵای حاڵی خۆی بکات بۆ ئەوەی مافەکەی بۆ وەربگرێتەوە ، وستەمەکەی لەسەر لاببات ، وئەو خراپانەی بەرامبەری کراوە بۆ بەرپرسان یان هەرکەسێکی تر کە توانای سەندنەوەی مافەکەی هەبێت ئاشکرای بکات ، وهەروەها ئەگەر کەسێك وەسفت بکات بە چروك یان ترسنۆك یان گێل وگەمژە ، دەتوانیت ئەوەی پێ بڵێیتەوە بەبێ زیادە خستنە سەر ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلْبَغْىُ هُمْ يَنتَصِرُونَ ٣٩ وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَاۖ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعْدَ

ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ﴿٤١﴾ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٤٢﴾ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ﴿٤٣﴾﴾(الشُّورَىٰ) ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەو دوو کەسەی دەبێتە شەڕە جنێویان وقسەی نەشیاو بەیەکتر دەڵێن ، هەموو تاوانەکەی لە ئەستۆی ئەوەیانە کە سەرەتا دەستی بە جنێودان کردووە ، بەو مەرجەی ستەم لێکراوەکە سنور نەبەزێنێت ولە بەرامبەرەکەی زیاتر نەڵێت ؛ بەڵام ئەو کەسەی ستەمی لێکراوە باشترە ئارام بگرێت وتۆڵە نەکاتەوە ، وەك خودا ﷻ دەفەرمویت : ﴿۞وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٣٤﴾﴾(آلِ عِمۡرَان) ، و﴿فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾﴾(الشُّورَىٰ) ، و﴿وَلۡيَعۡفُواْ وَلۡيَصۡفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾﴾(النُّور) ، ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ماڵ وسامان بە بەخشین کەم نابێتەوە ، وخودا ﷻ بە لێبوردن بەندە بەعیزەت وسەربەرز دەکات ، وهەرکەسێك لەبەر خودا سادە وخاکی بێت خودا پلەوپایەی بەرز دەکاتەوە ؛ وتەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلۡجَهۡرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ﴾ ، واتە : خودا پێی خۆش نییە کەس نزا لە کەسێکی تر بکات مەگەر ستەمی لێکرا بێت ، ئەوکاتە ڕوخسەتی پێدراوە نزا بکات لەو کەسەی ستەمی لێکردووە ، وئەگەر ئارام بگرێت ئەوە باشترە بۆی .

﴿إِن تُبْدُواْ خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ أَوْ تَعْفُواْ عَن سُوٓءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا ﴿١٤٩﴾﴾ ئەگەر ئاشكرای بكەن ئەو چاكەی كە ئەنجامی دەدەن یان بە پەنهان بێت وبیشارنەوە ، یان لێبوردەبن وچاوپۆشی بكەن لەو كەسەی خراپەیەكتان بەرامبەر دەكات ، بێگومان خودا لێبوردەیە وبە توانا ودەسەڵاتە .

سەعدی دەڵێت : ﴿إِن تُبْدُواْ خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ﴾ ئەم چاكەیە هەموو چاكەیەك دەگرێتەوە كە بە كردار ئەنجام بدرێت یان بە گوفتار ، ئاشكرا بێت یان پەنهان ، واجب بێت یان سوننەت ، ﴿أَوْ تَعْفُواْ عَن سُوٓءٍ﴾ هەركەسێك خراپەی بەرامبەركردن لە نەفستان یان لە سامانتان یان لە كەسایەتیتان ، دەتوانن هاوشێوە ئەو كردارەی لەگەڵدا بكەنەوە ، وهەركەس لێبوردە بێت خودا لێی دەبورێت ، وهەركەس چاكەكاربێت خودا ﷻ چاكەی بۆ دەكات ، لەبەر ئەوە دەفەرموێت : ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا﴾ ؛ ئایا ئاشكرا كردنی چاكەكان باشترە یان شاردنەوەیان ؟ لە بنەڕەتدا كردەوەكان شاراوەبن باشترە ، چونكە خاوەنەكەی پارێزراوترە لە ڕیایی وبەرچاوی خەڵك ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەوت كەس خودا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە ، لە ڕۆژێكدا هیچ سێبەرێك نییە ئەو سێبەرە نەبێت ، یەكێك لەو كەسانە : پیاوێكە بە دەستە ڕاستی بەخشینێك ببەخشێت وبیشارێتەوە دەستە چەپی نەزانێت دەستە ڕاستی چی بەخشیوە ؛ واتە : با پەنهان بێت وكەس پێی نەزانێت ، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندییەك هەبوو لە ئاشكراكردنی دروستە ، وەك هاندانی كەسانی تر بۆ كردەوەی چاكە .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾﴾ بێگومان ئەو کەسانەی بێباوەڕن بە خودا وپێغەمبەرەکانی ودەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان خودا وپێغەمبەرەکانی ، ودەڵێن : باوەڕ بە هەندێك لە پێغەمبەران دەهێنین وبێباوەڕین بە هەندێکی تریان ، ودەیانەوێت لەو نێوەندەدا ئاین ورێگایەك بۆ خۆیان دابهێنن وپەیڕەوی بکەن .

مەبەست لەم ئایەتە جوولەکە وگاورەکانە ، جوولەکە باوەڕیان بە تەورات وپێغەمبەر موسا ﷺ هەبوو ، وبێباوەڕ بوون بە ئینجیل وپێغەمبەر عیسا ﷺ ، وگاورەکان باوەڕیان بە ئینجیل وپێغەمبەر عیسا ﷺ هێنا وبێباوەڕ بوون بە قورئان وپێغەمبەر محمد ﷺ ، هەردوو بیدعەی جوولەکایەتی وگاورایەتیان داهێنا ، وپشتیان لە ئیسلام کرد کە ئاینی خودایە وهەموو پێغەمبەرانی پێهاتووە ، ئیبن کەسیر دەڵێت : هەرکەسێك بێباوەڕبێت بە یەکێك لە پێغەمبەران ، ئەوە بێباوەڕە بە هەموو پێغەمبەران ، چونکە بێگومان باوەڕهێنان واجبە بە هەموو پێغەمبەرێك کە خودا ڕەوانەی کرد بێت بۆ خەڵکی سەر زەوی ، هەرکەسێك پێغەمبەرایەتی یەکێك لە پێغەمبەرانی قەبوڵ نەکات لەبەر ئیرەیی یان دەمارگیری یان حەز وئارەزوو ، ئەوە دەرخەری ئەوەیە ئەو باوەڕەی بە هەندێ لە پێغەمبەران هێناوییەتی باوەڕێکی شەرعی نییە ، بەڵکو لەبەر حەز وئارەزوو ودەمارگیری ڕەگەزییە ، لەبەر ئەوە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾ بە بێباوەڕ بە خوداو پێغەمبەرەکانی ناوزەدی کردن ؛ وئەم ئایەتە بەڵگەی گومڕایی هەندێك خەڵکی تێدایە کە دەڵێن : ناتوانین بە جوولەکە وگاور بڵێین : بێباوەڕ ، بەڵکو بە

پێچەوانەوە دوای ڕەوانە كردنی پێغەمبەری خودا محمد ﷺ هەركەسێك باوەڕی پێنەهێنێت ، بێباوەڕە وخودا بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەیسوتێنێ .

﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ١٥١﴾ ئەو كەسانە بێباوەڕی ڕاستەقینەن ، وسزایەكی ڕیسواكەرمان بۆ بێباوەڕان ئامادە كردووە .

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَلَمۡ يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ أُوْلَٰٓئِكَ سَوۡفَ يُؤۡتِيهِمۡ أُجُورَهُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١٥٢﴾ وئەو كەسانەی باوەڕیان بە خودا وپێغەمبەرەكانی هێناوە وجیاوازی ناكەن لە نێوان پێغەمبەران وباوەڕ بە هەموویان دەهێنن ، ئەو كەسانە لە ئایندەدا پاداشتیان دەدەینەوە ، وخودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوان وبەسۆز وبەزەییە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە موسڵمانان باوەڕیان بە هەموو پێغەمبەرانی خودا هەیە ، لەو ڕووەوە هیچ جیاوازییەك ناكەن لە نێوانیان ، بەڵام فەزڵ وپلەوپایەی هەركەیان جیاوازە ، چونكە خودا دەفەموێت : ﴿تِلۡكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ ٢٥٣﴾(البَقَرَة) ، وپێغەمبەری خودا محمد ﷺ لە هەموو پێغەمبەرانی تر باشترە وفەزڵ وپلەوپایەی بەرز وبڵندترە ، ئیبن ماجە وئیبن حبان لە ئەبوسەعیدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من پێشەوا وسەرداری نەوەكانی ئادەمم بەبێ ئەوەی شانازی پێوە بكەم ، چونكە ئەوە فەزڵی خودایە پێی بەخشیوم ؛ وئەو فەرموودەی كە مسلم لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە ودەڵێت : كەسێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتی: ئەی باشترین دروستكراوی خودا ، پێغەمبەری خودا فەرمووی : ئەوە ئیبراهیمە عليه السلام ؛ وئەو فەرموودەی

کە بوخاری ومسلم لە ئەبوهورەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بۆ هیچ بەندەیەك ناشێت بڵێت : من باشترم لە یونسی کوڕی مەتا ﵇ ؛ ئەم فەرموودانە بێ فیزی وخاکی بوونی پێغەمبەری خودا ﷺ دەسەلمێنن بەرامبەر پەروەردگاری وڕێزیشە بۆ ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانەی خودا ﵈ .

﴿يَسْـَٔلُكَ أَهْلُ ٱلْكِتَـٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَـٰبًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۚ فَقَدْ سَأَلُوا۟ مُوسَىٰٓ أَكْبَرَ مِن ذَٰلِكَ فَقَالُوٓا۟ أَرِنَا ٱللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّـٰعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ ۚ ثُمَّ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ فَعَفَوْنَا عَن ذَٰلِكَ ۚ وَءَاتَيْنَا مُوسَىٰ سُلْطَـٰنًا مُّبِينًا ﴿١٥٣﴾﴾ خاوەن کتێبەکان داوات لێدەکەن کتێبێکیان لە ئاسمانەوە بەسەردا دابەزێنیت ، بەڕاستی لەوە گەورەتریان لە پێغەمبەر موسا داواکرد ، گوتیان : خودامان بە ئاشکرا وبێ پەردە نیشان بدە ، هەورە بروسکەیەك یان دەنگێکی گەورە یان ئاگرێك لە ئاسمانەوە هەموویانی لە ناوبرد بە هۆی ستەمکارییانەوە ، پاشان گوێرەکەیان پەرست دوای ئەوەی کۆمەڵە بەڵگە ونیشانەیەکی ڕوونیان بۆ هات ، لەوەش خۆش بووین ، وبەڵگەی ڕوون وئاشکرامان بەخشیە پێغەمبەر موسا .


ئەو بەڵگە ونیشانانەی بە پێغەمبەر موسا ﵇ بەخشرا بوو نۆ بەڵگە ونیشانە بوون ، وەك دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَـٰتٍۭ بَيِّنَـٰتٍ ﴿١٠١﴾﴾(الإِسْرَاءِ) ، قورتبی دەڵێت : جوولەکە پرسیاریان کرد لە محمد ﷺ کە بچێت بۆ ئاسمان بەپێش چاویانەوە کتێبێکی نوسراویان بۆ بهێنێتە خوارەوە ، وەك چۆن پێغەمبەر موسا ﵇ بە یەکجار تەوراتی لای خوداوە بۆ هێنا بوون ، ئەمەش سەختگیر وکەللەڕەقی بوو کە لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ دەیانکرد ، خودا ﷻ پێغەمبەرەکەی وموسڵمانانی ئاگادار کردەوە

کە باوباپیرانیان گێچەڵ وکەللەڕەقی لەوە گەورەتریان لەگەڵ پێغەمبەری خودا موسا ﷵ کردووە ، گوتیان : خودامان پیشان بدە با بە چاومان سەیری بکەین .

﴿وَرَفَعۡنَا فَوۡقَهُمُ ٱلطُّورَ بِمِيثَٰقِهِمۡ وَقُلۡنَا لَهُمُ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا وَقُلۡنَا لَهُمۡ لَا تَعۡدُواْ فِي ٱلسَّبۡتِ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا ١٥٤﴾ وکێوی توورمان بەرزکردەوە وبەسەر سەریانەوە ڕامانگرت ، بە هۆی شکاندنی بەڵێن وپەیمانەکەیانەوە کە بە خودایان دابوو ، وپێمان فەرموون : هەرکە لە دەروازەی شارەکە چوونە ژوورەوە سوژدە بەرن ، وپێمان فەرموون : ستەم مەکەن لە ڕۆژی شەممەدا ، وبەڵێن وپەیمانی پتەو وجەخت لێکراومان لێوەرگرتن .

لەم ئایەتەدا خودا ﷻ باس لە هەندێك ملهوڕی وکەللەڕەقییەکانی جوولەکە دەکات ، دوای ئەو هەموو ناز ونیعمەتەی پێی بەخشی بوون وئەو بەڵێن وپەیمانەی بەخودایان دابوو وەفادارنەبوون وبەڵێنەکەیان شکاند ، بە هۆیەوە خودا ﷻ کێوی تووری لە بێخ دەرهێنا وبەسەر سەریانەوە ڕایگرت ، وفەرمانی پێکردن سوپاس گوزاری خودا بکەن وبچنە نێو (بیت المقدس)ەوە وسوژدە ببەن ، ملکەچ نەبوون وسەرپێچییان کرد ، وبەرەو دواوە ولەسەر پشتیان چوونە ژوورەوە ، وفێڵیان کرد لەوەی کە ڕۆژی شەممە ڕاوە ماسییان لێ قەدەغە کرا بوو ، لەو ڕۆژەدا دەچوون تۆڕەکانیان هەڵدەخست وڕۆژی یەك شەممە هەڵیان دەگرتەوە ، ماسییان ڕاو دەکرد .

﴿فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ وَكُفۡرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَقَتۡلِهِمُ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَقَوۡلِهِمۡ قُلُوبُنَا غُلۡفُۢۚ بَلۡ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيۡهَا بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ إِلَّا قَلِيلٗا ١٥٥﴾ جا لەبەر



پەیمان شکێنی ، وبێباوەڕیان بە ئایەتەکانی خودا ، وکوشتنی پێغەمبەران بە نارەوا ، وئەوەی دەیانگوت : دڵمان پەردەی بەسەرەوەیە وداخراوە ، بەڵکو خودا مۆری دابوو بەسەریدا لەبەر بێباوەڕییان ، بۆیە باوەڕ ناهێنن هەندێکی کەمیان نەبێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە پێویستە موسڵمان پابەند بێت بە هەموو ئەو پەیمانەی بە خودای ﷻ داوە ووەفادار بێت بەرامبەریان ، وهەروەها هەموو ئەو پەیمانانەش دەگرێتەوە کە بە خەڵکی داوە ، کوشتنی پێغەمبەران بە هیچ شێوەیەك ڕەوا نییە ، وئەوەی دەفەرموێت : پێغەمبەران دەکوژن بە ناحەق بۆ دەرخستنی گەورەیی وخراپی ئەو کردارە چەپەڵ ونارەوایەیە ، ئەحمەد وتەبەرانی لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : یەکێك لەو کەسانەی کە توندترین سزا دەدرێت لە ڕۆژی قیامەتدا کەسێکە پێغەمبەرێکی کوشتبێت یان پێغەمبەرێك ئەوی کوشتبێت ، وکەسێکیش کە خەڵك گومڕا بکات بەبێ زانست ، ووێنەکێشێك وێنەی پەیکەر بکێشێت ؛ ﴿فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ زانایان چەند لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەم ئایەتە کردووە : هەندێك دەڵێن : مانای ئەوەیە هەرگیز باوەڕ ناهێنن وئەو جۆرە دەبڕینەش باوە لە زمانی عەرەبیدا کاتێك کەم نەفی دەکەن مەبەستیان نەفی هەموویەتی ، وگوتراوە :

هەندێکی کەمیان نەبێت باوەڕ ناهێنن ، وگوتراوە : باوەڕ ناهێنن باوەڕێکی کەم نەبێت ، وەك باوەڕ هێنان بە تەورات وپێغەمبەر موسا ﷺ وبێباوەڕ بوون بە ئینجیل وپێغەمبەر عیسا ﷺ وقورئان وپێغەمبەر محمد ﷺ .

﴿وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ بُهْتَٰنًا عَظِيمًا ﴿١٥٦﴾﴾ ولەبەر بێباوەڕییان وئەو قسە وبوختانە گەورەی بۆ مەریەم هەڵیانبەست .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بوختان کردن بۆ ئافرەتان وپیاوانی داوێن پاك وتۆمەت بارکردنیان بە زینا تاوانێکی زۆر گەورەیە ، کاتێك دایکی پێغەمبەر عیسا ﷺ منداڵی بوو ، بەڵام مێردی نەکرد بوو جوولەکەکان تۆمەتباریان کرد بەوەی زینای کردووە ، ئەو قسەیەشیان بەبێ هیچ بەڵگە وبنەمایەك دەکرد ، کاتێك بینیان منداڵێکی لە باوەشدایە ، ئەو بوختانەیان بۆ کرد ، خودا دەفەرموێت : ﴿فَأَتَتْ بِهِۦ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُۥ قَالُوا۟ يَٰمَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْـًٔا فَرِيًّا ﴿٢٧﴾ يَٰٓأُخْتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا ﴿٢٨﴾﴾(مَرْيَم) ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەگەر کەسێك گەواهی بدات کە فلان ئافرەت یان فلان پیاو زینای کردووە ، دەڵێین : ئێستا هەشتا داری حەدت لەسەرە ، ئەگەر ڕاستگۆترین وپاکترین خەڵکیش بێت ، دەڵێت : کەسێك شاهیدی ئەوەم لەگەڵ دەدات ، ئەمەش هەشتا داری حەدی لێدەدەین ، دەڵێت : کەسێکی تریش شاهیدیم لەگەڵ دەدات ، هەشتا داری حەد لەویش دەدەین ، هەموو ئەمانە لەبەر پاراستنی کەسایەتی وڕەچەڵەکی خەڵکە ، واتە : داری حەددان لەوکەسەی بوختانی کردووە تەنها لەبەر پاراستنی کەسایەتی بوختان بۆ کراوەکە نییە ، بەڵکو بۆ پاراستنی ڕەچەڵەکیشە ، لەبەر ئەوەیە واجبە داری حەد بدرێت لەو کەسەی کەسێك بە تۆمەتی زینا تۆمەتبار دەکات ،

وهەر ئەوەندەش بەس نییە ، بەڵکو هەرگیز شایەتیشی وەرناگیرێت ، ئەگەر شایەتی لەسەر شتێك بدات نرخەكەی فلسێك بێت وەر ناگیرێت ، چونكە خودا دەفەرموێت : ﴿وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا۟ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجْلِدُوهُمْ ثَمَٰنِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا۟ لَهُمْ شَهَٰدَةً أَبَدًا ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ۝٤﴾(النُّور) ، نەفیكردنی وەرگیرانی شایەتی ئەو كەسەی جەخت لێكردووەتەوە ، ئەگەر شایەتیدا لە كاتێكدا دادگەرترین خەڵك بێت ، دەڵێین : شایەتییەكەی وەرناگیرێت ، چونكە ئەوە فەرمانی خودایە : ﴿وَلَا تَقْبَلُوا۟ لَهُمْ شَهَٰدَةً أَبَدًا ۚ﴾ ، وسزای سێیەمی دەرچوونیەتی لە دادگەری ودەبێتە كەسێكی لارِێ ولادەر : ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ۝٤﴾ ، لەبەر ئەوە هەموو كردارێكی ئاینی ودونیاییش كە دادگەر پێویستی بێت هەرگیز پێی ناسپێردرێت ، بەڵام خودا ﷻ كەسانێكی هەڵاوێردە كرد ودەفەرموێت : ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ۝٥﴾ ، ئەم هەڵاوێردە كردنە دوای تەوبەكردن ڕستەی كۆتایی دەگرێتەوە بە كۆدەنگی زانایان كە دەفەرموێت : ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ی لەسەر لادەچێت ، وڕستەی یەكەم ناگرێتەوە بە كۆڕای زانایان ئەوەی كە دەفەرموێت : ﴿فَٱجْلِدُوهُمْ ثَمَٰنِينَ جَلْدَةً﴾ ، واتە : هەشتا داری حەدیان لێ بدەن ، وزانایان ناكۆكن ئایا : ﴿وَلَا تَقْبَلُوا۟ لَهُمْ شَهَٰدَةً أَبَدًا ۚ﴾ وەرنەگیرانی شەهادەتی لەسەر لادەچێت ؟ دوو بۆچوونیان هەیە ، وپێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئیجتیهادی دادوەر .

﴿وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا ٱلْمَسِيحَ عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ

ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينَۢا ﴿١٥٧﴾ وئەوەی کە دەیانگوت : ئێمە مەسیح عیسای کوڕی مەریەمی پێغەمبەری خودامان کوشتووە ، نە کوشتیان ونە لە خاچیاندا بەڵکو لێیان تێك چوو کەسێکی تریان لە بری ئەو کوشت ، وبێگومان ئەو کەسانەی کە ناکۆك بوون وگومانیان هەبوو دەربارەی ئەو کەسەی کە کوشتیان ، چونکە شێوەی لە پێغەمبەر عیسا دەچوو ، هیچ زانستێکیان نییە لەو بارەیەوە تەنها شوێن گومان دەکەون ، وبە دڵنیاییەوە نەیانکوشت .

﴿بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٥٨﴾﴾ بەڵکو خودا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی ، وخودا خاوەن دەسەڵاتە ودانای کارلەجێیە .

ڕاڤەکارانی قورئان زۆر ڕیوایەتیان دەربارەی لە خاچدانی کەسێکی هاوشێوەی پێغەمبەر عیسا ﷺ ورزگارکردنی پێغەمبەر عیسا ﷺ گێڕاوەتەوە ، وزۆربەیان لە ئیسرائیلیاتەوە وەرگیراوە کە پوختەکەیان بەو دوو شێوەیە ، کاتێك پیاوماقوڵانی نەوەکانی ئیسرائیل ویستیان پێغەمبەر عیسا ﷺ لە خاچ بدەن ، چوونە لای پادشایەك کە لەو سەردەمەدا دەسەڵاتدار وبێباوەڕ بوو گوتیان : پیاوێك هەیە خەڵك گومڕا دەکات ولە گوێڕایەڵی پادشا دووریان دەخاتەوە ، وزۆر درۆودەلەسەی تریان بۆ هەڵبەست ، وگوتیان دایکی بە داوێن پیسی هێناوییەتی وباوکی نییە ، هەتاکو پادشاکەیان لێ پڕکرد ، کەسانێکی نارد بە دوایدا کە لە خاچی بدەن وسووکایەتی پێبکەن وکاتێك گەمارۆی ماڵەکەیاندا وگومانیان وابوو دەستگیری دەکەن ، خودا ﷻ لە دەستیان ڕزگاری کرد لە تاقێکەوە کە لەسەربانی خانووەکە بوو بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی ، وچەند کەسێك لە حەوارییەکانیش لەو خانووە لەگەڵیدا بوون ، لێرەدا زانایان دوو بۆچوون دەگێڕنەوە دەربارەی ئەو کەسەی کە لە خاچدراوە : یەکەمیان : پێغەمبەری خودا عیسا ﷺ فەرمووی بە هاوەڵەکانی :

کێ لە ئێوە ئامادەیە شێوەی منی بە بەردا بکرێت وبیکوژن ، یەکێکیان گوتی : من ئەی پێغەمبەری خودا ، ئەو کەسەیان لە بری پێغەمبەر عیسا ﵇ کوشت ولە خاچیاندا وسوکایەتیان پێکرد ، وخودا پێغەمبەر عیسای ﵇ بۆ لای خۆی بەرزکردەوە ، دووەمیان : شێوەی پێغەمبەر عیسای ﵇ کرد بە بەری ئەو کەسەدا کە چووە ژوورەوە بۆ کوشتنی پێغەمبەر عیسا ﵇ ، لە ژوورەوە زۆری پێچوو ، کاتێك هاتە دەرەوە گومانیان برد عیسا بێت ﵇ کوشتیان ولە خاچیاندا ، کاتێك کوشتیان گوتیان : ئەم لاشەیە لاشەی برادەرەکەمانە وشێوەی پێغەمبەر عیسایە ﵇ بەوەش پیلانەکەیان سەرینەگرت وفێڵەکەیان پووچەڵ بوویەوە وبرادەرەکەی خۆیان کوشت ، عیسا ناوە ومەسیح لەقەبە وئیبن مەریم کونییە ، وئیبن کەسیر دەڵێت : هەندێك لە سەلەف دەڵێن : پێی گوتراوە مەسیح لەبەر زۆر گەڕان وسەفەرکردنی ، وگوتراوە ژێرپێکانی تەخت بووە وچاڵی نەبووە ، وگوتراوە ئەگەر دەستی بهێنایە بەسەر نەخۆش وکەسێکدا کە کەموکورتییەکی هەبووایە باش دەبوویەوە بە ویستی خودا ، سەعیدی کوڕی مەنصور وئیبن ئەبوحاتەم وئیبن مەردەوەیە لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئیبن کەسیر وشەوکانی بە صەحیحیان داناوە ، دەڵێت : کاتێك خودا ویستی پێغەمبەر عیسا ﵇ بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان لە تاقێکەوە کە لە خانووەکەدا بوو ، چوو بۆ لای هاوەڵانی ، کە دوازدە لە حەوارییەکانی لەوماڵەدا بوون ، چوو بۆ لایان وقژی سەری ئاوی لێ دەتکا ، فەرمووی : بێگومان لە نێوانتاندا کەسانێك هەیە دوازدە جار بێباوەڕ دەبێتەوە دوای ئەوەی کە باوەڕی پێهێناوم ، پاشان فەرمووی : کێ لە ئێوە ئامادەیە شێوەی منی بەبەردا بکرێت وبکوژرێت بەوەش لە بەهەشتدا لەگەڵمدایە لە هەمان پلەدا ؟ گەنجێك هەستا تەمەنی لە هەموویان کەمتربوو ، پێی فەرموو : دانیشە ، پاشان فەرمووی : کێ لە ئێوە ئامادەیە شێوەی منی بە بەردا

بکرێت بەوەش لە بەهەشتدا لەگەڵمدایە لە هەمان پلەدا ؟ گەنجێك هەستا تەمەنی لە هەموویان کەمتربوو ، پێی فەرموو : دانیشە ، پاشان بۆ جاری سێیەم فەرمووی : کێ لە ئێوە ئامادەیە شێوەی منی بە بەردا بکرێت بەوەش لە بەهەشتدا لەگەڵمدایە لە هەمان پلەدا ؟ گەنجێك هەستا تەمەنی لە هەموویان کەمتربوو ، پێ فەرموو : تۆ ئەو کەسەی ، شێوەی پێغەمبەر عیسای ﵇ بە بەرداکرا ، وپێغەمبەر عیسا ﵇ لە تاقێکی سەربانی خانووەکەوە بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان ، جوولەکەکان هاتن بۆ کوشتنی ، ئەو کەسەی کە شێوەی عیسای ﵇ بە بەردا کرابوو کوشتیان وپاشان لە خاچیاندا ، هەندێکیان دوازدە جار بێباوەڕ بوونەوە دوای ئەوەی کە باوەڕیان پێی هێنابوو ، وناکۆکی کەوتە نێوانیان ، وبوون بە سێ بەشەوە ، بەشێکیان گوتیان : خودا لە نێوماندا بوو پاشان بەرزبوویەوە بۆ ئاسمان ، ئەوانە یەعقوبیەکانن ، وبەشێکی تریان گوتیان : کوڕی خودا لە نێوماندا بوو ، پاشان خودا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی ، ئەوانەش نەستورییەکانن ، وبەشەکەی تریان گوتیان : بەندەی خودا وپێغەمبەری خودا لە نێوماندا بوو ئەوانە موسڵمانان بوون ، هەردوو کۆمەڵە بێباوەڕەکە یەکیانگرت لە دژی موسڵمانان وهەموویانیان کوشت ، بەوەش ئیسلام بوونی نەبوو هەتاکو خودا پێغەمبەر محمدی ﷺ ڕەوانە کرد .

﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا ١٥٩﴾ بێگومان کەس نییە لە خاوەن کتێبەکان باوەڕی پێنەهێنێت پێش ئەوەی وەفات بکات ، ولە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە گەواهیدەر بەسەریانەوە .

تەبەری دەڵێت : ڕاڤەکارانی قورئان ناکۆکن لە بارەی لێکدانەوەی ئەم ئایەتەوە ، هەندێکیان دەڵێن : ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ﴾ ، مانای ئەوەیە

: خاوەن کتێبەکان باوەڕ بە پێغەمبەر عیسا ﷺ دەهێنن پێش ئەوەی وەفات بکات ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەموویان باوەڕی پێدەهێنن ئەگەر دابەزی ودەجالی کوشت ، هەموو ئاینەکان دەبێتە یەك ئاین ، ئەویش ئاینی ئیسلامە کە ئاینی یەکتاپەرستییە ودوور لە هاوبەش بڕیاردانە ، کە ئاینی ئیبراهیمە ﷺ ؛ بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە نزیکە پێغەمبەر عیسا ﷺ دابەزێتە نێوتان کە حاکمێکی دادگەرە ، خاچ دەشکێنێت ، وبەراز دەکوژێت ، وسەرانە لادەبات ، وسامان ئەوەندە زۆر دەبێت کەس وەریناگرێت ، سوژدە بردنێك بۆ خودا لەو کاتەدا باشترە لە دونیا ولەوەشی لەسەرییەتی ، پاشان ئەبوهرەیرە ﷺ گوتی : حەزدەکەن ئەو ئایەتە بخوێننەوە : ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا ١٥٩﴾ ؛ ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : عیسای کوڕی مەریەم ﷺ تەلبیە دەکات "لبیك اللهم لبیك" لە ڕەوحائەوە "شوێنێکە لە نێوان مەککە ومەدینە" بۆ حەج یان بۆ عومرە ، یان بۆ حەج وعومرە پێکەوە ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : عیسای کوڕی مەریەم ﷺ دادەبەزێت ، کەسێك لە ئێوە پێش نوێژی بۆ دەکات ؛ وئەحمەد وئەبوداود لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە نێوان من وعیسادا پێغەمبەر نەهاتووە ، ودادەبەزێتە سەر زەوی ، ئەگەر بینیتان بیناسنەوە : پیاوێکە بالآی مام ناوەندە ، ڕەنگی پێستی سور وسپییە ، دوو پۆشاکی لەبەردایە ڕەنگیان مەیلە وزەردە ، سەری خەریکە ئاوی لێبچۆڕێت ئەگەرچی تەڕیش نەکراوە ، شەڕ دەکات لەگەڵ خەڵکدا

بۆ ئەوەی موسڵمانبن ، خاچ دەشكێنێت وبەراز دەكوژێت ، وسەرانە لادەبات ، وخودا لەسەردەمی ئەودا هەموو ئاینەكانی تر لە ناو دەبات جگە لە ئیسلام ، ومەسیحی دەجالیش دەكوژێت ، لەسەر زەویدا چل ساڵ دەمێنێتەوە ، پاشان دەمرێت وموسڵمانان نوێژی لەسەر دەكەن ؛ ومسلم لە نەواسی كوڕی سەمعانەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پێغەمبەر عیسا لە ڕۆژهەڵاتی دیمەشق لای مەنارە سپییەكە دادەبەزێت ؛ ئەمانە وچەندان فەرموودەی تر هەن بەڵگەن كە عیسای كوڕی مەریەم ﵇ لە كۆتاییەكانی دونیا دادەبەزێت وپەیڕەوی لە ئاینی ئیسلام دەكات وخۆشگوزەرانی وئاسودەیی بەرقەرار دەكات ودەجال دەكوژێت .


﴿فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾﴾ بە هۆی ستەمكاری جوولەكەكانەوە هەندێك شتی پاكمان لەسەر حەرام كردن ، ولەبەر ئەوەی لەمپەڕ وئاستەنگییان لە ڕێگای ئاینەكەی خودا دادەنا .

﴿وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰاْ وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾﴾ ولەبەر ئەوەی سوویان وەردەگرت كە یاساغی كرابوو لێیان ، وسامانی خەڵكیان بە ناڕەوا دەخوارد ، بۆ ئەوانەیان كە بێباوەڕن سزایەكی بە ئێش وئازارمان ئامادە كردووە .

لە سورەتی (البقره وآل عمران)دا بە درێژی باسی سووم كردووە ، سوو یەكێكە لە تاوانە زۆر گەورە ترسناكەكان ، حاكم لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوو حەفتا وسێ

پلەیە ئاسانترین وئەوەی کەمترین تاوانی هەیە وەك ئەوەیە کەسێك زینا لەگەڵ دایکی خۆیدا بکات ؛ وسوو دوو جۆرە : سووی دواخستن (ربا النسیئة) وسووی بەسەردادان وزیادە خستنەسەر (ربا الفضل) ، سووی دواخستن سووی سەردەمی نەفامیشی پێدەگوترێت (ربا الجاهلیة) چونکە لەو سەردەمە هەرکەس قەرزی لای کەسێك بووایە کاتی دانەوەی قەرزەکە هاتبا وقەرزارەکە نەیتوانیبا لەو کاتەدا قەرزەکە بداتەوە خاوەن قەرزەکە دەیگوت زیاترت لێوەردەگرم وماوەکەت بۆ درێژ دەکەمەوە ، کە ئەم جۆرەیان مەبەستە لەم ئایەتە ، تەبەری دەڵێت : ﴿وَأَكۡلِهِمۡ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِۚ﴾ واتە : ئەو ڕەشوەی کە وەریان دەگرت لەسەر حوکم کردن ، وئەو پارانەی کە وەریان دەگرت لەسەر ئەوەی بە دەستی خۆیان دەیاننوسییەوە وپاشان دەیانگوت : ئەمە لە لایەن خوداوە دابەزیوە ، **بە هۆی ئەو سامان خواردنە قێزەون وپیسانەوە ، خودا سزایدان بەوەی شتە پاکەکانی لەسەر حەرام کردن کە لە پێشدا حەڵاڵ بوو بۆیان .**

﴿لَّٰكِنِ ٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ مِنۡهُمۡ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَۚ وَٱلۡمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَۚ وَٱلۡمُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ أُوْلَٰٓئِكَ سَنُؤۡتِيهِمۡ أَجۡرًا عَظِيمًا ﴿١٦٢﴾﴾ **بەڵام ئەوانەیان کە ڕۆچوو بوون لە زانستدا وباوەڕداران ، باوەڕ دەهێنن بەوەی بۆ تۆ دابەزیوە وئەوەشی پێش تۆ دابەزیوە ، وئەوانەی کە نوێژەکانیان بەو شێوەیە ئەنجام دەدەن کە فەرمانیان پێکراوە ، وزەکاتی ماڵەکانیان دەردەکەن ، وباوەڕیان بە خودا وڕۆژی دوایی هێناوە ، ئەو کەسانە پاداشتی گەورەیان دەدەینەوە .**


الجزء السادس سورة النساء

إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ١٦٣ وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ١٦٤ رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا ١٦٥ لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ١٦٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدۡ ضَلُّواْ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١٦٧ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ لَمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ وَلَا لِيَهۡدِيَهُمۡ طَرِيقًا ١٦٨ إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ١٦٩ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلۡحَقِّ مِن رَّبِّكُمۡ فَـَٔامِنُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١٧٠

١٠٤

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تیدایە کە قووڵ بوونەوە ورۆچوون لە زانستدا هۆکاری هیدایەتە ، وبانگەشەی زانست وئەوانەی ڕووکەشی دەقەکان دەخوێننەوە ولە مانا ومەبەستەکانی قورئان وسوننەت تێناگان سوودی زۆری لێنابینن ؛ ﴿وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ ڕۆژی دوایی ژیانی ناو گۆڕ نییە ، کە لە نێوان دونیا وقیامەتدایە ، لێرەوە هەڵەی ئەو دەربڕینەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەندێك خەڵك کاتێك کەسێك دەمرێت بەکاریدەهێنن ودەڵێن : گەڕایەوە بۆ دوا مەنزڵگای ، دوا مەنزڵگای مرۆڤ یان بەهەشتە یان دۆزەخ ؛ ئیبن کەسیر لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەم ئایەتە دەربارەی عبداللەی کوڕی سەلام وسەعلەبەی کوڕی سەعییە وئەسەدی کوڕی سەعییە وئەسەدی کوڕی عوبەید دابەزیوە کە باوەڕیان هێنا وموسڵمان بوون وشوێنی پێغەمبەری خودا ﷺ کەوتن کاتێك خودا ڕەوانەی کرد .

﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ١٦٣﴾ ئێمە سروشمان بۆ تۆ کردووە وەك چۆن سروشمان کرد بۆ

پێغەمبەر نوح وهەموو پێغەمبەران کە دوای ئەو ڕەوانە کراون ، وسروشمان کردووە بۆ پێغەمبەران ئیبراهیم وئیسماعیل وئیسحاق ویەعقوب ونەوەکانی وعیسا وئەیوب ویونس وهارون وسولەیمان ، وزەبورمان بەخشییە داود .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوە تێدایە کە پێغەمبەر نوح ﷵ یەکەم پێغەمبەرە کە پەیامی لە خودا بۆ هاتووە وفەرمانی پێکراوە بە گەیاندنی ، ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانەی ناویان لە قورئاندا هاتووە ئەمانەن : ئادەم ، ئیدریس ، نوح ، هود ، صالح ، ئیبراهیم ، لوط ، ئیسماعیل ، ئیسحاق ، یەعقوب ، یوسف ، ئەیوب ، شوعەیب ، موسا ، یونس ، داود ، سولەیمان ، ئیلیاس ، یەسەع ، زەکریا ، یەحیا وعیسا ﷺ ، وزۆربەی ڕاڤەکاران ذوالکفل بە پێغەمبەر دادەنێن ، وسەروەری هەموویان محمدە ﷺ ، قورتبی دەڵێت : ﴿وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا﴾ زەبور کتێبەکەی پێغەمبەر داودە ﷵ کە بریتی بووە لە سەد وپەنجا سورەت ، حوکم وحەڵاڵ وحەرامی تێدا نەبووە ، بەڵکو تەنها دانای وئامۆژگاری بووە ، زەبور واتە : کتێبی نوسراو ، داود پیغەمبەر ﷵ دەنگی زۆر خۆش بووە ، ئەگەر دەستی بکردایە بە خوێندنەوەی زەبور مرۆڤ وجن وباڵندە وزیندەوەرەکان لێی کۆ دەبوونەوە ؛ تەبەری وئیبن ئیسحاق لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : سوکین وعەدی کوڕەکانی زەید گوتیان : ئەی محمد ، ئیمە نابینین خودا دوای موسا سروشی بۆ هیچ مرۆڤێکی تر کرد بێت ، خودا لە وەڵامی ئەو قسەیاندا فەرمووی : ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ﴾ تاکۆتایی ئایەتەکان .

﴿وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ۚ وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾﴾ وپێغەمبەرانی تر کە سەرگوزەشتەیانمان لە پێشدا بۆ گێڕاویتەوە ، وپێغەمبەرانی تر کە سەرگوزەشتەیانمان بۆ نەگێڕاویتەوە ، وخودا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ پێغەمبەر موسا کردووە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ژمارەی پێغەمبەران زۆربوون هەندێکیان بۆ پێغەمبەری خوداش ﷺ باس نەکراوە ، حاکم وتەبەرانی لە ئەبوزەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ژمارەی هەموو پێغەمبەران چەند بووە ؟ فەرمووی : سەد وبیست وچوار هەزار بوون ، لەو ژمارە زۆرە سێ سەد وپازدەیان (رسول) بوون ؛ وبەڵگەی ڕێز وفەزڵ وگەورەیی پێغەمبەری خودا موسای عليه السلام تێدایە کە خودا بە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ کردووە ، وەڵامیشە بۆ موعتەزیلەکان کە دەڵێن : خودا قسەی لەگەڵ پێغەمبەر موسا عليه السلام نەکردووە ، وپەروەردگار قسە دەکات چۆن بیەوێت وکەی بیەوێت بەو شێوەیەی کە شایستەی زاتی پیرۆزیەتی .

﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾ پێغەمبەرانێك کە مژدەدەر وترسێنەری خەڵکن بۆ ئەوەی لای خودا بیانوویان نەمێنێت دوای ڕەوانە کردنی پێغەمبەران ، وخودا خاوەن دەسەڵات ودانای کارلەجێیە .

پێغەمبەران ڕەوانە کراون بۆ ئەوەی مژدە بدەن بە باوەڕداران بە ناز ونیعمەت وبەهەشتی نەبڕاوەی خودا سبحانه وتعالى لە قیامەتدا ، وسەرپێچیکاران ویاخی بووەکانیش بترسێنن

وئاگاداریان بکەنەوە لە سزای سەخت وتاقەت پڕوکێن ولە تواناڈا نەبووی دۆزەخ ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : یەکێك لە سوودە گەورەکانی ئەم ئایەتە بیانووە بە نەفامی (العذر بالجهل) هەتاکو لە بنەمای ئاینیشدا ، چونکە پێغەمبەران عَلَيْهِمْ السَّلَامْ ڕەوانەکراون بۆ ڕوونکردنەوەی بنەماکان ولقەکانیش (أصول وفروع) ، ئەگەر مرۆڤ نەفام بێت وپێغەمبەری بۆ ڕەوانە نەکرا بێت لای خودا بیانووی هەیە ، وناشێت ئەو بیانووەی بۆ جێگیر بکرێت ئەگەر بوونی نەبێت ، ئەو بنەمایە قورئان وسوننەت بەڵگەن لەسەری ، بەڵام لەوانەیە مرۆڤ کەمتەرخەم بێت ئەو کاتە بیانووی نییە ، وەك ئەوەی بە کەسێك بگوترێت : ئاینی ئیسلام ئاینی خودایە بەڵام لێکۆڵینەوە نەکات وپشت گوێی بخات وکەللەڕەقی بکات ، لەم حاڵەتەدا دەڵێین : بیانووی نییە بۆچی ؟ لەبەر کەمتەرخەمی ولێ نەکۆڵینەوەی .

﴿لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ١٦٦﴾ بەڵام خودا خۆی گەواهیدەرە لەسەر ئەوەی بۆی دابەزاندوویت ، بەزانستی خۆی دایبەزاندووە ، وفریشتەکانیش ئەو گەواهییە دەدەن ، وخودا بەسە گەواهیدەر بێت .

کاتێك هەندێك لە جوولەکەکان گوتیان : دوای پێغەمبەر موسا عَلَيْهِ السَّلَامْ خودا هیچ پەیامێکی بۆ کەس دانەبەزاندووە ، خودا ﷻ بە درۆیان دەخاتەوە وخۆی وفریشتەکانیشی دەکات بە شایەت لەسەر ئەوەی کە قورئانی بۆ محمدی پێغەمبەر ﷺ دابەزاندووە ، وخودا تەنها خۆی بەسە شاهید بێت ، بەڵام ئەوان ئیرەییان پێ برد وزۆربەیان باوەڕیان پێ نەهێنا.


﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدۡ ضَلُّواْ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١٦٧﴾ بێگومان ئەو کەسانەی بێباوەڕ بوون ولەمپەر وئاستەنگییان لە ڕێگای ئاینەکەی خودا دانا ، گومڕا بوون گومڕاییەکی زۆر کە لە هیدایەت وڕێگای ڕاست دوور کەوتوونەتەوە .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ لَمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقًا ﴿١٦٨﴾﴾ بێگومان ئەو کەسانەی بێباوەڕ بوون وستەمیان کرد ، خودا لێیان خۆش نابێت وهیدایەت وڕێنماییان ناکات بۆ ڕێگای ڕاست .

﴿إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿١٦٩﴾﴾ تەنها ڕێگای چوونە دۆزەخ نەبێت ، کە بە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ، ئەوەش بەلای خوداوە کارێکی ئاسانە .

خودا ﷻ لە ڕۆژی قیامەتدا لە تاوانی باوەڕداران خۆش دەبێت ودەیانپۆشێت ، وبێباوەڕان ڕیسوا وشەرمەزار دەکات ، بوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : لە ڕۆژی قیامەتدا باوەڕدار لە خودا ﷻ نزیك دەبێتەوە ، هەتاکو لە خەڵك دەیشارێتەوە ودەیپۆشێت ، تاوانەکانی بیر دەهێنێتەوە ودانی پێدا دەنێت وگومان دەبات تیادەچێت ، پێی دەفەرموێت : من لە دونیا تاوانەکانتم بۆ پۆشیت وئەمڕۆش لێت خۆش دەبم ، نامەی کردەوە باشەکانی پێ دەدرێت ، بەڵام بێباوەڕ ودووڕوو ڕیسوا دەکرێن وبە پێش چاوی هەمووانەوە بانگ دەکرێن وپێیان دەگوترێت : ئەمانە درۆیان کرد ، وئاینەکەی خودایان بەڕاست نەزانی .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ فَـَٔامِنُواْ خَيْرًا لَّكُمْۚ وَإِن تَكْفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧٠﴾﴾ ئەی خەڵکینە بێگومان پێغەمبەرتان بۆ ڕەوانە کراوە بە ئاینی ڕاست لە پەروەردگارتانەوە ، باوەڕ بهێنن باشترە بۆتان ، وئەگەر باوەڕ نەهێنن ، ئەوا بێگومان موڵکی خودایە هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدایە ، وخودا زانا ودانای کارلەجێیە .


الجُزءُ السَّادِسُ سُورَةُ النِّسَاءِ

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى
ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ
وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ
وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ
إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ﴿١٧١﴾ لَّن يَسۡتَنكِفَ
ٱلۡمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبۡدٗا لِّلَّهِ وَلَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ
وَمَن يَسۡتَنكِفۡ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيَسۡتَكۡبِرۡ فَسَيَحۡشُرُهُمۡ
إِلَيۡهِ جَمِيعٗا ﴿١٧٢﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ
ٱسۡتَنكَفُواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ فَيُعَذِّبُهُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا وَلَا
يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ﴿١٧٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ
قَدۡ جَآءَكُم بُرۡهَٰنٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا
﴿١٧٤﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱعۡتَصَمُواْ بِهِۦ فَسَيُدۡخِلُهُمۡ فِي
رَحۡمَةٖ مِّنۡهُ وَفَضۡلٖ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَيۡهِ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ﴿١٧٥﴾

١٠٥

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ﴿١٧١﴾﴾ ئەی خاوەن كتێبەكان زیادەڕۆیی مەكەن لە ئاینەكەتاندا ، وجگە لە ڕاستی بە ناوی خوداوە مەڵێن ، بێگومان مەسیح عیسای كوڕی مەریەم پێغەمبەری خودایە ، وشەی خودا بوو جبریل گەیاندی بە مەریەم وفوی پێدا كرد ، وڕوحێكە لە لایەن خوداوە ، دە باوەڕ بهێنن بە خودا وپێغەمبەرەكانی ، ومەڵێن : پەرستراوەكان سیانن ، واز لەو قسە نارەوایە بهێنن باشترە بۆتان ، بێگومان تەنها خودا پەرستراوی تاك وتەنهایە ، پاك و بێ گەردی بۆ خودا لەوەی كە منداڵی هەبێت ، موڵكی خودایە هەموو ئەوەی كە لە ئاسمانەكان وزەویدا هەیە ، تەنها خودا بەسە پشت وپەنا وكار پێ ڕاسپێردراو بێت .

ئوممەتی ئیسلام ئوممەتی میانڕەوە پێویستە موسڵمان پارێزگاری لەو سیفەتەی بكات نە بەلای زیادەڕۆی وتوندڕەوی ونە بەلای شلڕەوی وكاڵكردنەوەی ئەرك وفەرمانە

شەرعییەکاندا بشکێتەوە ، بوخاری لە عومەرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ڕۆمەچن وزیادەڕۆیی مەکەن لە ئاستی مندا وەك چۆن گاورەکان زیادەڕۆییان کرد لە عیسای کوڕی مەریەم ﵇ ، بێگومان من بەندەی خودام ، بڵێن : بەندە وپێغەمبەری خودایە ﷺ ؛ وقسەکردن وفەتوادان بە ناوی ئاینەوە بەبێ زانست تاوانێکی زۆر گەورەیە ، وپێغەمبەر عیسا ﵇ بە فەرمانێکی تایبەت خودا ﷻ بە جبریلی ﵇ فەرموو : فوی کرد بە مەریەمی دایکیدا ولە سکیدا دروستی کردووە بەبێ باوك ، وئەوەی دەفەرموێت : ﴿وَرُوحٌ مِّنۡهُۖ﴾ ئەو دانە پاڵە بۆ دەرخستنی ڕێزە لە پێغەمبەر عیسا ﵇ ، وبوخاری ومسلم لە عوبادەی کوڕی صامتەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك گەواهی بدات کە هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە خودا بە تاك وتەنها ، ومحمد ﷺ بەندە وپێغەمبەری خودایە ، وپێغەمبەر عیسا ﵇ بەندەی خودایە ووشەی خودا ﷻ بوو جبریل ﵇ گەیاندی بە مەریەم وفوی پێدا کرد ، وڕوحێکە لە لایەن خوداوە ، وبەهەشت ڕاستە وئاگری دۆزەخ ڕاستە وزیندوو بوونەوە ڕاستە ، خودا دەیخاتە بەهەشتەوە لە هەر دەرگایەکی بەهەشتەوە بیەوێت دەچێتە ژوورەوە ؛ وئەو کەسانەی دەڵێن : سێ خودا هەیە ، کە دایك وباوك وکوڕن بێباوەڕن ، پێغەمبەر عیسا ﵇ ومەریەمی دایکی بەندەی خودان ، وپەرستراوی حەق تەنها خودایە .

﴿لَّن يَسۡتَنكِفَ ٱلۡمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبۡدٗا لِّلَّهِ وَلَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ وَمَن يَسۡتَنكِفۡ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيَسۡتَكۡبِرۡ فَسَيَحۡشُرُهُمۡ إِلَيۡهِ جَمِيعٗا ١٧٢﴾ مەسیح پێی نەنگی نییە وحاشای لەوە نەکردووە بەندەی خودا بێت ، وهەروەها فریشتە نزیکەکانی خوداش ،

هەرکەسێك بەندایەتی بۆ خودا بە نەنگی دابنێت وحاشای لیٚ بکات وخۆی بە گەورە بزانێت ، ئەوا هەموویان لای خۆی کۆ دەکاتەوە ولێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات .

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡتَنكَفُواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ فَيُعَذِّبُهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ١٧٣﴾ جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا وکردەوەی باشیان ئەنجام دا ، پاداشتیان بە باشترین شێوە دەداتەوە ، ولە فەزڵی خۆی زیاتریان پێدەبەخشێت ، بەڵام ئەو کەسانەی بەندایەتیان بۆ خودا بە نەنگی دانا وخۆیان بەگەورە زانی ، سزایان دەدات سزایەکی زۆر بە ئێش وئازار ، وکەسیان دەست ناکەوێت دۆستیان بێت ولە سزای خودا بیانپارێزێت ورزگاریان بکات .

لە قورئان وسوننەت لە چەندان بەڵگەدا ئەوە سەلماوە کە پاداشتی چاکەکار یەك بە دە بۆ یەك بە حەوت سەد وهەتا ئەوەی خودا ویستی لەسەربێت پاداشتی خاوەنەکانی دەداتەوە ، ئەگەر خراپەش ئەنجام بدات شەش سەعات مۆڵەتی دەدات گەر پەشیمان ببێتەوە تاوانی لەسەر نانوسرێت ئەگەرنا تەنها بە یەك خراپە لەسەری دەنوسرێت ، ئەبونەعیم لە ئەبو ئومامەی باهلییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هاوەڵەکەی لای چەپی مرۆڤ پێنوسەکەی شەش سەعات دەگرێتەوە لە نوسینی تاوانی بەندەی موسڵمان ، ئەگەر پەشیمان بوویەوە وداوای پۆشین ولێخۆشبوونی لە خودا کرد لەسەری ناینوسێت ، ئەگەرنا بە تاوانێك لەسەری دەینوسێت ؛ ئەوەش فەزڵی خودایە بەسەر بەندە موسڵمانەکانییەوە ، تەبەرانی لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئیبن کەسیر بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت :

﴿وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦٓۖ﴾ مەبەستی شەفاعەت کردنە بۆ ئەو کەسانەی شایستەی ئاگرن ، بەڵام لە دونیا چاکەیان بەرامبەر کەسێك کردووە لە پاداشتی ئەو چاکەیان لای خودا شەفاعەتیان بۆ دەکەن .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُم بُرۡهَٰنٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا ١٧٤﴾ ئەی خەڵکینە بەڵگەیەکتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ، ورووناکییەکی ئاشکرامان بۆ دابەزاندوون .

ئاینی ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤایەتییە ، کە لەلایەن پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکانەوە دابەزێنراوە وکۆتا پەیامی خۆی کە قورئانی پیرۆزە بە گەورەترین وسەرداری پێغەمبەراندا کە محمدە ﷺ ڕەوانەی کردووە ، بۆ ئەوەی دڵەکانیان بە ڕووناکی باوەڕ ڕووناك بکەنەوە وژیانیان بەگوێرەی پەیام وفەرمایشتەکانی قورئان بەڕێ بکەن .

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱعۡتَصَمُواْ بِهِۦ فَسَيُدۡخِلُهُمۡ فِي رَحۡمَةٖ مِّنۡهُ وَفَضۡلٖ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَيۡهِ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ١٧٥﴾ جا ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خودا هێنا وپشتی پێدەبەستن ودەست بە ئاینەکەیەوە دەگرن ، بە سۆز وبەزەیی خۆی دەیانخاتە بەهەشتەوە وفەزڵیان بەسەردا دەکات ، وهیدایەتیان دەدات بۆ ڕێگای ڕاست کە دەیانگەیەنێتە ڕەزامەندی خودا .

﴿يَسۡتَفۡتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِي ٱلۡكَلَٰلَةِۚ إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهَا وَلَدٞۚ فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَۚ وَإِن كَانُوٓاْ إِخۡوَةٗ رِّجَالٗا وَنِسَآءٗ فَلِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۗ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ أَن


الجزء السادس سورة المائدة

يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِى ٱلْكَلَٰلَةِ ۚ إِنِ ٱمْرُؤٌا۟ هَلَكَ لَيْسَ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَهُۥٓ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَتَا ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ۚ وَإِن كَانُوٓا۟ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۗ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّوا۟ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿١٧٦﴾

سُورَةُ المَائِدَة

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ ۚ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ﴿١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَلَا ٱلْهَدْىَ وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَٰنًا ۚ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟ ۚ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ أَن تَعْتَدُوا۟ ۘ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢﴾

١٠٦

تَضِلُّوا۟ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿١٧٦﴾

داوای فەتوات لێدەکەن دەربارەی میراتی کەسێك کە دەمرێت ومندالّی نییە وباوکیشی لە ژیاندا نەماوە ، بلّیٚ : خودا لەو بارەیەوە فەتواتان بۆ دەدات ، ئەگەر کەسێك بمرێت ومندالّی نەبێت ویەك خوشکی هەبێت ، نیوەی ئەو سامانەی بە میرات بەجێی دەهێلّێت پێدەبڕێت ، وبراکەی دەبێتە میراتگری ئەو خوشکەی ئەگەر مرد ومندالّی نەبوو وهەموو سامانەکەی پێدەبڕێت ، ئەگەر دوو خوشك بوون دووبەش لەسیٚ بەشی میراتەکەیان پێدەبڕێت ، وئەگەر کۆمەلّێك برا وخوشك بوون ئەوکات نێرینەکان دوو هێندەی مێینەکانیان پێدەبڕێت ، خودا ئەو حوکمەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی گومڕا وسەرگەردان نەبن ، وخودا بە هەموو شتێك زانایە .

شەوکانی دەلّێت : ﴿ٱلْكَلَٰلَةِ﴾ بریتییە لەو مردووەی کە مندالّی نییە وباوکی لە ژیاندا نەماوە ، ئەمە وتەی ئەبوبەکری صدیق وعومەر وعەلی رضي الله عنهم وجمهوری زانایانیشە ، ﴿وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ۚ ﴿١٢﴾﴾(النِّسَاءِ) ، وئیبن عوسەیمین دەلّێت : مەبەست لەم خوشکەی لێرە باسکراوە خوشکی

دایك وباوكییه یان خوشكی باوكییه ، چونكه خودا لەسەرەتای ئەم سورەتە باسی خوشكی دایكیی كرد لەو ئایەتەی كە دەفەرموێت : ﴿وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمۡرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوۡ أُخۡتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُۚ فَإِن كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمۡ شُرَكَآءُ فِي ٱلثُّلُثِۚ ١٢﴾(النِّسَاءِ) ؛ زانایان ناكۆكن لەو نیوەی كە لە خوشكێك یان ئەو سێ یەكەی كە لە دوو خوشك دەمێنێتەوە ئەو میراتە چی لێدەكرێت ، هەندێكیان دەڵێن : دەدرێت بە خەزێنەی دەوڵەت (بیت المال) ، وهەندێكی تریان دەڵێن : ئەگەر مردووەكە میراتگری تری نەبوو دەگەڕێتەوە بۆ خوشكەكان ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەمەیان پەسەندترە ، بوخاری ومسلم لە بەرائی كوڕی عازبەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : كۆتا ئایەت كە دابەزی ئەم ئایەتە بوو : ﴿يَسۡتَفۡتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِي ٱلۡكَلَٰلَةِۚ﴾ ، وكۆتا سورەت كە دابەزی سورەتی (براءة) بوو ؛ وبوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : كۆتا ئایەتێك كە دابەزییە سەر پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ئایەتی ڕیبا بوو ؛ ولە سورەتی (البقره) ئاماژەم بەوە كرد كە نەسائی لە (السنن الكبرى) لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە وئەحمەد شاكر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : ﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٢٨١﴾(البَقَرَةِ) ، ئەم ئایەتە كۆتا ئایەتە كە لە قورئاندا دابەزیوە ؛ ئیبن حەجەر دەڵێت : ئەم دوو قسەی ئیبن عەباس رضي الله عنهما بەو شێوەیە كۆ دەكرێتەوە كە ئەم ئایەتە كۆتایی باسی ئایەتەكانی ڕیبایە وپەیوەندییان پێكەوە هەیە ، وقسەی بەراء وئیبن عەباسیش رضي الله عنهما بەوە كۆ دەكرێتەوە كە ئەم دوو ئایەتە لە كۆتاییدا پێكەوە دابەزیون ؛ وئەم ئایەتە ئایەتی هاوینی پێ دەگوترێت چونكە لە وەرزی هاویندا دابەزیوە ، ئەحمەد وئەبوداود ونەسائی وترمزی لە بەرائەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم گوتی : ئەی

پێغەمبەری خودا ﷺ : ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِى ٱلْكَلَٰلَةِ﴾ ، ﴿ٱلْكَلَٰلَةِ﴾ چییە ؟ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئایەتی هاوینت بەسە ، کۆتا ئایەتی سورەتی (النساء) ؛ بوخاری ومسلم لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ هات بۆ سەردانم من نەخۆش وبێهۆش بووم ، دەستنوێژی گرت ولە ئاوی دەستنوێژەکەیان کرد بەسەرمدا ، بەهۆش هاتمەوە ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، من خوشك میراتگرمە ومنداڵم نییە وباوکم لە ژیاندا نەماوە ، ئایەتی میرات دابەزی : ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِى ٱلْكَلَٰلَةِ﴾ ؛ ومسلم لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : دەربارەی هیچ شتێك پرسیارم لە پێغەمبەری خودا ﷺ نەکرد هێندە پرسیارم لە ﴿ٱلْكَلَٰلَةِ﴾ لێکرد ، بە پەنجەی دای لەسەر سنگم وفەرمووی : ئەو ئایەتەت بەسە کە لە هاویندا دابەزی لە کۆتایی سورەتی (النساء) ؛ وئەبوداود ونەسائی لە "السنن الکبری" لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : نەخۆش کەوتم وحەوت خوشکم هەبوو پێغەمبەری خودا ﷺ سەردانی کردم ، فووی کرد بە ڕوخسارمدا وبەهۆش هاتمەوە ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، ئایا وەسیەت بکەم بە سێیەکی سامانەکەم بۆ خوشکەکانم ؟ فەرمووی : چاکەیان لەگەڵ بکە ، گوتم : ئەی نیوەی سامانەکەم ؟ فەرمووی : چاکەیان لەگەڵ بکە ، پاشان دەرچوو وبەجێی هێشتم وفەرمووی : ئەی جابر من وا نابینم لەم نەخۆشییەتدا بمریت ، وخودا ئایەتی دابەزاند وئەوەی بەشی خوشکەکانتە دیاریکرد ، دووبەش لە سێ بەشی بۆ دیاری کردن ، جابر رضي الله عنه دەیگوت : ئەم ئایەتە دەربارەی من دابەزیوە : ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِى ٱلْكَلَٰلَةِ﴾ .

﴿سُورَةُ المَائِدَةِ﴾

سورەتی (المائدە) سورەتێکی مەدەنییە وژمارەی ئایەتەکانی سەد وبیست ئایەتە ، ویەکێکە لە حەوت سورەتە درێژەکەی قورئان کە لە بری تەورات بە پێغەمبەری خودا ﷺ بەخشراوە ، پێنجەم سورەتە لە ڕیزبەندی موصحەفدا ، (المائدە) واتە : سفرە وخوان ، ئەو ناوەش لە باسی ئەو خوانەوە هاتووە کاتێك حەوارییەکانی پێغەمبەر عیسا عليه السلام گوتیان : ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت خوانێکمان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنێت : ﴿إِذۡ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ هَلۡ يَسۡتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِۖ قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١١٢ قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأۡكُلَ مِنۡهَا وَتَطۡمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعۡلَمَ أَن قَدۡ صَدَقۡتَنَا وَنَكُونَ عَلَيۡهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ١١٣﴾(المَائِدَة) ، ئەحمەد لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : سورەتی (المائدە) کاتێك دابەزییە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر سوارییەکەی بوو ، نەیتوانی هەڵیبگرێت لەبەر ئەوە لەسەری دابەزی ؛ وئەحمەد ونەسائی لە "السنن الکبری" وحاکم لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە وشەوکانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : کاتێك حەجم کرد چووم بۆ لای دایکی باوەڕداران عائیشە رضي الله عنها ، پێی گوتم : ئەی جوبەیر سورەتی (المائدە) دەخوێنیتەوە ؟ گوتم : بەڵێ ، گوتی : ئەوە کۆتا سورەت بووە کە دابەزیوە ، ئەوەی دەبینن لەو سورەتەدا حەڵاڵە بە حەڵاڵی بزانن ، وئەوەی کە دەبینن حەرامە بە حەرامی بزانن .

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خودای میهرەبانی بە بەزەیی .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ غَيۡرَ مُحِلِّي ٱلصَّيۡدِ وَأَنتُمۡ حُرُمٌۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ مَا يُرِيدُ ١﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە وەفادار وپابەندی بەڵێنەکانتانبن ، ئاژەڵتان بۆ حەڵاڵکراوە ، جگە لەو ئاژەڵانەی کە باسیان بەسەرتاندا دەخوێندرێتەوە ، وبێجگە لە نێچیری دەشتەکی کە ڕاوی ئەویشتان لەسەر حەرامە کاتێك لە ئیحرامدابن ، بێگومان خودا حوکم وفەرمان دەکات بەوەی کە دەیەوێت .

ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر دەڵێت : سەنەدەکەی صەحیحە ئەگەرچی پچڕانیشی (انقطاع) تێدایە ، پیاوێك هات بۆ لای وپێی گوت : ئەگەر گوێت لێ بوو خودا سبحانه وتعالى دەفەرمووێ : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ باش گوێی بۆ بگرە ، چونکە بێگومان فەرمانت بە چاکەیەك پێدەکات یان یاساغی خراپەیەکت لێدەکات ؛ ئەم ئایەتە فەرمان بە باوەڕداران دەکات بە ئەمەك ووەفاداربن بەرامبەر هەموو بەڵێن وپەیمانەکانیان ، بەمەرجێك ئەو بەڵێن وپەیمانانە پێچەوانەی شەریعەت نەبێت ، بوخاری بە موعەلەقی وئەبوداود لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : موسڵمانان پابەندن بەو مەرج وبەڵێنانەوە کە لە نێوانیاندا هەیە ؛ بەڵام پێویستە ئەو مەرج وبەڵێنانە پێچەوانەی شەریعەت نەبێت ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : هەرچی مەرجێك لە کتێبەکەی خودادا نەبێت پووچەڵە ، ئەگەر سەد مەرجیش بێت ؛ وبەڵێندانیش لەو جۆرە پەیمانانەیە کە موسڵمان پێویستە پابەندی بێت ، و پابەند نەبوون بەئەنقەست وبەجێنەهێنانی یەکێکە

لە سیفەتی دووڕووەکان ، بوخاری ومسلم لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : چوار خەسڵەت هەیە لە هەرکەسێکدا هەبن دووڕوویەکی تەواوە ، وهەرکەسێك خەسڵەتێکی تێدابێت ئەوا خەسڵەتێکی کەسانی دووڕووی تێدایە هەتاکو وازی لێدەهێنێت : کاتێك قسەی کرد درۆ بکات ، وپەیمانیدا ناپاکی بکات ، وبەڵێنیدا نەیباتە سەر ، وبەشەڕهات لە سنور دەربچێت وقسەی نەشیاو بکات ؛ جێگای سەرسوڕمانە موسڵمان هەبێت سەرسام بێت بە پابەند بوونی بێباوەڕان بە کات وبەڵێنەکانیانەوە کە ئەوە پێچەوانەی واقعە ، لە کاتێکدا خودا سبحانه وتعالى فەرمانی بە باوەڕداران کردووە کە پابەندبن بە بەڵێن وپەیمانەکانیانەوە وزۆربەی خەڵك ئەوە گرنگ نەبێت بەلایانەوە وکاتێك پێت بڵێت : دوای دوو خولەك دێم بۆ نموونە ، دوو سەعاتی پێبچێت وئاساییی بێت بەلایەوە ؟! ،﴿بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾ حوشتر وڕەشەوڵاخ ومەڕ وبزنە ، ونێچیری دەشتەکی حەرامە لە کاتێکدا مرۆڤ لە ئیحرامدایە بۆ حەج یان بۆ عەمرە ، وئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەو ڕێسا فقهییەی کە دەڵێت : شتەکان لە بنەڕەتدا حەڵاڵن (الأصل في الأشياء الإباحة) ، واتە : هەموو شتێك کە لە شەریعەتدا حەرام نەکرابێت حەڵاڵە ، بۆ نموونە : ئاژەڵی کێوی حەڵاڵە بێجگە لەو ئاژەڵانەی حەرامکراون .


﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا ٱلۡقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗاۚ وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْۚ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ أَن تَعۡتَدُواْۘ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەو کردارانەی کە حەرامکراون لە کاتی ئەنجامدانی دروشمەکانی

خودا حەلاڵیان مەکەن ، وهەروەها مانگە حەرامکراوەکان ، وئەو ئاژەڵانەی دیاری کەعبەن وئەوانەی ملوانکیان لە ملکراوە وتایبەتکراون بۆ ئەوەی لە مینا بیانکەن بە قوربانی ڕێگرییان لێمەکەن بگەن بەجێگای خۆیان وسەریان مەبڕن پێش گەیشتنە ئەو شوێنە ، وڕێگری مەکەن لەو کەسانەی دەیانەوێت بگەنە کەعبە ومەبەستیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا وفەزڵ وڕۆزی وبازرگانییە ، ئەگەر حەلاڵ بوونەوە وکاتی ئیحرام تەواو بوو ڕاو بکەن ، با ڕق وکینەی ئەوەی کە ڕێگرییان لێ کردن بچنە نێو کەعبەوە واتان لێنەکات ستەم بکەن ، هاوکار وپشتیوانی یەکتربن بۆ کاری چاکە وپارێزکاری ولە خودا ترسان ، وهاوکار وپشتیوانی یەکتر مەبن لە تاوان وستەم کردن ، وپارێزکاربن ولە خودا بترسن ، بێگومان خودا سزای زۆرتوندە بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن .

﴿لَا تُحِلُّواْ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : سنور وحەرامکراوەکانی مەبەزێنن ، ﴿شَعَـٰٓئِرَ﴾ کۆی (شعیرە)یە ، کە بریتییە لە پەرستشە گەورەکان ، وەك حەج وعومرە وهاوشێوەی ئەوانە ، چونکە حوکمە شەرعییەکان هەندێکیان ﴿شَعَـٰٓئِرَ﴾ وهەندێکی تریان ﴿شَعَـٰٓئِرَ﴾نین ، حوکمە گەورەکان پێیان دەگوترێت : ﴿شَعَـٰٓئِرَ﴾ ، خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ ١٥٨﴾(البَقَرَة) ؛ و﴿وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا ٱلۡقَلَـٰٓئِدَ﴾ ئیبن کەسیر دەڵێت : واتە : وازمەهێنن لە دیاری بردن بۆ کەعبە ، چونکە ئەو کردارە بە گەورە ڕاگرتنی دروشمەکانی خودایە ، وهەروەها وازمەهێنن لەوەی ملوانکەیان لە گەردن بکەن بۆ ئەوەی لە ئاژەڵانی تر جیاببێتەوە ، وبزانرێت ئەو ئاژەڵە دیاری کەعبەیە وکەس ئازاری نەدات ؛ ﴿وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ﴾ مانگە حەرامەکان بریتین لە مانگەکانی (ذوالقعدة ، ذوالحجة ، المحرم ، رجب) ، ئیبن کەسیر دەڵێت : مەبەست حەرامی ئەو مانگانە بەگەورە

دانان ووازهێنانە لەوەی کە خودا یاساغی کردووە لەو مانگانەدا ئەنجام بدرێت ، بەوەی دەست پێشخەری بکرێت لە جەنگان لەو مانگانەدا وهەروەها جەختکردنەوە لە دوورکەوتنە لە حەرامکراوەکان ، وەك خودا دەفەرموێت : ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۝٢١٧﴾(البَقَرَةِ) ، وئەو ئایەتەی کە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِى كِتَـٰبِ ٱللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ مِنْهَآ أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ ۚ فَلَا تَظْلِمُوا۟ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ ۝٣٦﴾(التَّوْبَة) ، وبوخاری ومسلم لە ئەبوبەکرەوە نەفیعی کوڕی حارسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم لە حەجیماڵئاواییدا لە ڕۆژی جەژنی قورباندا فەرمووی : کات وەك ئەو سەردەمەی لێهاتووە کە خودا ئاسمانەکان وزەوی دروستکردووە ، ساڵ لای خودا دوازدە مانگە ، چوار مانگیان حەرامن ، سێ لەو مانگانە بە دوای یەکدا دێن : (ذوالقعدة ، ذوالحجة ، المحرم) ورەجەبی (مضر) ؛ زانایان ناکۆکن ئایا حەرامی شەڕکردن لەو مانگانەدا سڕاوەتەوە ؟ هەندێك لە زانایانی سەلەف دەڵێن : ئەو حوکمە هەڵنەگیراوە وبەردەوامە ، بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن : ئەو حوکمە نەسخ کراوەتەوە ودروستە لە مانگە حەرامەکاندا دەست پێشخەری بکرێت لە جەنگان دژی بێباوەڕان ، تەبەری دەڵێت : زانایان کۆدەنگن کە خودا جەنگانی لە دژی هاوبەش بڕیاردەران لە مانگە حەرامەکان وهەموو مانگەکانی تری ساڵ ڕێگا پێداوە ، وئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەوەی پەسەندە دروست نییە لە سەرەتاوە دەست بە جەنگ بکرێت لەو مانگانەدا ، بەڵام ئەگەر بۆ بەرگری یان تەواوکەری غەزایەکی پێش ئەو مانگانە بێت دروستە ، بەوەش غەزای هەوزان وتەبوك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ، چونکە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم شەڕی لەگەڵ کردن لەبەر ئەوەی پێیان ڕاگەیاندن کە خۆیان کۆکردووەتەوە بۆ شەڕ لە دژی

موسڵمانان ، ئەوکاتە پێویستە بەرگری بکرێت ؛ ﴿وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْۚ﴾ ئەمە فەرمان کردنە بە ڕاوکردن ، فەرمانە دوای حەرام بوونی ، واتە : ئەگەر حەڵاڵ بوونەوە ولە ئیحرام دەرچوون دروست دەبێتەوە بۆتان ڕاو بکەن ، نەوەك پێویستە لەسەر هەموویان دەربچن بۆ ڕاوکردن ، چونکە حوکمی ڕاو کردن دەگەڕێتەوە بۆ پێش یاساغ کردنی ، ومەبەست لە ﴿وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ﴾ ئەو حەڵاڵ بوونەیە کە بە بەرد هاوێشتن لە (جمرة العقبة) وسەربڕینی ئاژەڵ وسەرتاشین لە ڕۆژی جەژندایە ، موسڵمان هەموو شتێکی بۆ حەڵاڵ دەبێتەوە کە بە هۆی ئیحرامەوە لەسەری حەرامکراوە جگە لە خێزانەکانیان وبۆنی خۆش لە خۆدان ، ئەبوداود لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر کەسێك لە ئێوە بەردی هاوێشتە (جمرة العقبة) هەموو شتێکی بۆ حەڵاڵ دەبێتەوە جگە لە خێزانەکانیان ؛ وئیبن خوزەیمە وبەیهەقی لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر حەوت بەردتان هاوێشتە (الجمرة) وئاژەڵتان سەربڕی وسەرتان تاشی ، هەموو شتێکتان بۆ حەڵاڵ دەبێتەوە جگە لە خێزانتان وبۆنی خۆش لە خۆدان ، وتەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت ، ئەوەی کە خودا دەفەرموێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾ ، هاوبەش بڕیاردەران حەجیان دەکرد ، وئاژەڵیان بە دیاری دەهێنا بۆ کەعبە ، وڕێزی دروشمەکانیان دەگرت ، ولە حەجدا شەرمەزار دەبوون ، موسڵمانان ویستیان ئەوەیان لەسەر بگۆڕن ، خودا ﷻ فەرمووی : ﴿لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾ .


الجُزْءُ السَّادِسُ سُورَةُ المَائِدَةِ

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ
وَٱلْمُنْخَنِقَةُ وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ
ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا۟
بِٱلْأَزْلَٰمِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ۗ ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن دِينِكُمْ فَلَا
تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ ۚ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ
نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ فِى مَخْمَصَةٍ
غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣﴾ يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَآ
أُحِلَّ لَهُمْ ۖ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۙ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ
مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُ ۖ فَكُلُوا۟ مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ
وَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٤﴾
ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ
وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ۖ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ
مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ
مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ۗ وَمَن يَكْفُرْ
بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٥﴾

١٠٧

﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ
ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلْمُنْخَنِقَةُ
وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ
ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ
وَأَن تَسْتَقْسِمُوا۟ بِٱلْأَزْلَٰمِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ۗ
ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن دِينِكُمْ
فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ ۚ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ
لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى
وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ
فِى مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ ٱللَّهَ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣﴾﴾ حەرامکراوە لەسەرتان مردارەوە بوو ، وخوێن ، وگۆشتی بەراز ، وئەو ئاژەڵانەی لە کاتی سەربڕیندا ناوی جگە لە خودایان لەسەر دەهێنرێت ، وئاژەڵی خنکاو ، وئەو ئاژەڵەی بە هۆی لێدان وپیاکێشاندا مردار دەبێتەوە ، وئەوەی بەردەبێتەوە وهەڵدەدێرێت لە شاخێکەوە یان لە شوێنێکی بەرزەوە ، وئەوەی بە هۆی شاخ لێدان وشەڕە قۆچی ئاژەڵێکی ترەوە مردار دەبێتەوە ، وئەوەی دڕەندە لێی دەخوات ، ئەوانەیان نەبێت کە بە زیندوویی فریای سەربڕینیان دەکەون ، وئەوانەی لای ئەو بەرد وپەیکەرانەی دەپەرسترێن بۆ جگە لە خودا سەریان دەبڕن ، وهەروەها تیروپشك وبەخت گرتنەوە ودیاری کردنی ئایندە بە داری تیر ، ئەوانەی کە باسکران لادان وسەرپێچی فەرمانی خودان ، ئەمڕۆ بێباوەڕان بێ ئومێد بوون لەوەی کە زاڵبن بەسەرتاندا ولە ئاینەکەتان

پاشگەزتان بکەنەوە ، لێیان مەترسن ولە من بترسن ، ئەمڕۆ من ئاینەکەم بۆ کامڵ کردن ، ونیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن ، وڕازی بووم کە ئیسلام ئاینتان بێت ، هەرکەسێك ناچار بوو لەو حەرامکراوانە بخوات لە برسێتیدا ، ومەیلی تاوانکاری وحەز بۆ ئەو حەرامکراوانە پاڵنەری نەبێت بۆ خواردنی ولێیان نەخوات هەتاکو ترسی ئەوەی نەبێت کە دەمرێت ، بێگومان خودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوان وبەسۆز وبەزەییە بۆ ئەو جۆرە کەسانە ولێیان خۆش دەبێت .

دوای ئەوەی خودا لە ئایەتەکەی پێشوو فەرموو : ﴿إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ﴾ ئاژەڵانتان بۆ حەڵاڵ کراوە جگە لەوەی بە سەرتاندا دەخوێندرێتەوە ، بوخاری لە ئبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ﴾ : مەبەست بەرازە ، و﴿يَجۡرِمَنَّكُمۡ﴾ : پاڵنەرتان نەبێت ، و﴿شَنَـَٔانُ﴾ : دژایەتی ، و﴿ٱلۡمُنۡخَنِقَةُ﴾ : بە خنکان مردار دەبێتەوە ، و﴿ٱلۡمَوۡقُوذَةُ﴾ : بە دار لێی دەدرێت ومردار دەبێتەوە ، و﴿ٱلۡمُتَرَدِّيَةُ﴾ : لە شاخێکەوە بەردەبێتەوە ، و﴿ٱلنَّطِيحَةُ﴾ : مەڕ وبزن کە قۆچ بدات لە مەڕ وبزنێکی تر ، ئەگەر گەیشتی بە هەریەك لەو ئاژەڵانە کلکی دەجوولا یان چاوی دەگێڕا سەری ببڕە وبیخۆ ؛ ئەمە ئەو حەرامکراوانەیە ، ﴿ٱلۡمَيۡتَةُ﴾ هەموو ئاژەڵێکە مردار ببێتەوە پێش ئەوەی بە شێوەی شەرعی سەرببڕدرێت ، ئێستا زۆربەی ئەو ئاژەڵ ومریشکانەی کە گۆشتی بەستوویان پێدەگوترێت : بە شێوەیەکی شەرعی سەریان نابڕن ، لە پێشدا بە نقوم کردنیان لە ئاوی گەرم یان بە تەزووی کارەبا یان پیاداکێشان مرداریان دەکەنەوە پاشان سەریان لە لاشەکانیان دەکەنەوە ، ﴿وَٱلدَّمُ﴾ خواردنی هەموو خوێنێك حەرامە جگە لەوەی لە قورئان وسوننەتدا هەڵاوێردە کراوە ، ﴿أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا

﴿١٤٥﴾(الأَنعَام) ، واتە : ئەو خوێنەی کە لە ئاژەڵ دەردەچێت دوای سەربڕینی ومەبەست لەو خوێنە نییە کە لە دەمارەکانی خوێندا دەمێنێتەوە ، ئیبن ئەبوحاتەم لە عیکرمەوە ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پرسیارکرا لە ئیبن عەباس رضي الله عنهما دەربارەی سپڵ ؟ گوتی : بیخۆن ، گوتیان : ئەوە خوێنە ؟ فەرمووی : بێگومان ئەوەی حەرامکراوە لەسەرتان خوێنی ڕژاوە ؛ وهەروەها جگەر وسپڵیش ، چونکە ئەحمەد وئیبن ماجە لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : دوو مردارەوە بوو ، هەروەها دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە ، دوو مردارەوە بووەکە بریتین لە : ماسی وکولە ، ودوو خوێنەکەش بریتین لە : جگەر وسپڵ ؛ ﴿وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ﴾ گۆشتی بەراز وهەموو بەشەکانی تریشی حەرامە ، ﴿وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ﴾ ئەو ئاژەڵانەی کە دڕندەن وەك شێر وپڵنگ وگورگ لێی دەخۆن وناگەن بە چەقۆدا ومردار دەبنەوە ، ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾ کۆمەڵە بەرد وپەیکەرێك لە دەوری کەعبە هەبوون کە ژمارەیان سێ سەد وشەست پەیکەر وبت بوو ، عەرەبەکان لە سەردەمی نەفامیدا دەهاتن ئاژەڵیان لە لای ئەو بەردانە بۆ سەردەبڕین ، ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ﴾ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : مانای داواکردنی ئەوەیە کە خودا بۆی دیاری کردوویت ، لە ئاینی ئیسلامدا لە نوێژی (الاستخارة) دەچێت ، لە سەردەمی نەفامیدا ئەگەر کەسێکیان بیویستایە کارێك ئەنجام بدات ودڵنیا نەبووایە سێ داری وەك داری تیری دەهێنا سێ بژاردەی لەسەر دەنوسین : ئەنجامی بدە ، ئەنجامی مەدە ، ئەوی تریان هیچی لەسەر نەدەنوسی ، پاشان دەیخستنە نێو تورەکەیەکەوە وتێکەڵی دەکردن ، دانەیەکی دەردەهێنا ، ئەگەر بژاردەی ئەنجامی بدەی دەربهێنایە ، کردارەکەی ئەنجام دەدا ، وئەگەر بژاردەی

ئەنجامی مەدەی دەربهێنایە ئەنجامی نەدەدا ، وئەگەر ئەو بژاردەی دەربهێنایە کە بەتاڵ بوو دووبارەی دەکردەوە ؛ بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك چوو بۆ مەککە ڕەتی کردەوە بچێتە نێو کەعبە هەتاکو بت وپەرستراوەکانی تێدا بێت ، فەرمانی کرد هەموویانی دەرکرد ، وێنەیەکی ئیبراهیم وئیسماعیلیان دەرکرد ئەو داری تیرانەیان بەدەستەوە بوو کە تیروپشکیان پێدەکرد وبەختیان پێ دەگرتەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا لە ناویان ببات ، سوێند بە خودا دەیانزانی ئیبراهیم وئیسماعیل هەرگیز تیروپشکیان بەو دارانە نەکردووە وبەختیان پێنەگرتوونەتەوە ؛ وبوخاری لە سوراقەی کوڕی مالکەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك دەرچووم بۆ دۆزینەوە وگەڕان بەدوای پێغەمبەری خودا ﷺ وئەبوبەکری صدیقدا رضي الله عنه کاتێك کۆچیان کردبوو بۆ مەدینە ، تیروپشکم کرد ئایا دەتوانم زیانیان پێ بگەیەنم یان نا ؟ ئەو بژاردەیەم بۆ دەرچوو کە پێم ناخۆش بوو وناتوانم زیانیان پێ بگەیەنم ، دەڵێت : سەرپێچی ئەو تیروپشکەم کرد وشوێنیان کەوتم ، پاشان ئەو کردارەم دووبارە وسێ بارە کردەوە ، لە هەموویاندا ئەو بژاردەیە دەردەچوو کە پێم ناخۆش بوو وناتوانم زیانیان پێ بگەیەنم ، دواتر هەر ئەوە بوو نەم توانی زیانیان پێ بگەیەنم ، سوراقە لەوکاتەدا موسڵمان نەبوو ، دواتر موسڵمان بوو ؛ وتەبەرانی وئیبن مەردەوەی لە ئەبودەردائەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پلەی بەرز بە دەست ناهێنێت ئەوکەسەی خەملاندن بکات بۆ ئایندە یان فاڵ بگرێتەوە یان لە سەفەرێك بگەڕێتەوە بە هۆی ڕەش بینییەوە ؛ ﴿وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾ ئیبن کەسیر دەڵێت : مانای ئەوەیە ئاژەڵێك سەربڕدرێت وناوی جگە لە خودای لەسەر بهێنرێت ، ئەو ئاژەڵە حەرام دەبێت ، چونکە خودا پێویستی کردووە لە کاتی سەربڕینی

دروست کراوەکانی ناوی پیرۆزی خۆی بهێنرێت ، هەرکەسێك واز لەوە بهێنێت وناوی بتێك یان تاغوتێك یان پەیکەرێك یان هاوشێوەی ئەوانە بهێنێت ، ئەوا بە کۆدەنگی زانایان حەرامە ، بەڵام زانایان ناکۆکن لە بارەی ئەوەی ئەگەر بە ئەنقەست (بسم الله) نەڵێت ، یان لەبیری بچێت ، زۆربەی زانایان دەڵێن : ناو هێنانی خودا لە کاتی سەربڕینی ئاژەڵ واجبە ، بەڵام ئەگەر لە بیری چوو سەربڕاوەکە حەرام نابێت ، ﴿ٱلۡمَوۡقُوذَةُ﴾ ئەو ئاژەڵەی کە بە لێدان وپێدا کێشان مردار دەبێتەوە ، بوخاری ومسلم لە عەدی کوڕی حاتەمی تائیبیەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ من بە سەگی ڕاهێنراو ڕاو دەکەم ، وناوی خودای لەسەر دەهێنم ، فەرمووی : ئەگەر سەگە ڕاهێنراوەکەت نارد بۆ ڕاوی نێچیر ، وناوی خودات لەسەر هێنا بیخۆ ، گوتم : ئەگەر نێچیرەکەیان کوشت ؟ فەرمووی : بەڵێ ، بە مەرجێك سەگێکی تری لەگەڵدا نەبێت ، پێم گوت : من بە تیر ڕاو دەکەم ، فەرمووی : ئەگەر تیرەکەت هاوێشت ونێچیرەکەی کون کرد بیخۆ ، بەڵام ئەگەر بە پانی بەریکەوت مەیخۆ ؛ شەوکانی دەڵێت : ئەو تفەنگانەی ئێستا هەیە ، کە لە ئاسن دروستکراوە وباروت وقورقۆشمی تێدایە وتەقەی پێدەکرێت ، زانایان قسەیان لەسەری نەکردووە چونکە تازە داهێنراون ، ونەگەیشتووەتە وڵاتی یەمەن لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا نەبێت ، هەندێك لە زانایان پرسیاریان لێکردم دەربارەی حوکمی ڕاوکردن بەو چەکانە ، ئەگەر نێچیرەکە مرد وڕاوچییەکە نەیتوانی بە زیندوویی سەری ببڕێت ، ئەوەی کە بۆم دەردەکەوێت نێچیرەکەی حەڵاڵە ، چونکە زۆر جار لایەکی کون دەکات ولە لاکەی تریەوە دەردەچێت ؛ دوای ئەم حوکمانە خودا باسی فەزڵ ومننەتی خۆی دەکات بەسەرماندا بەوەی ئاینی ئیسلامی بۆ کامڵ کردووین ونیعمەتەکانی بۆ تەواو کردووین وڕازی بووە ئیسلام ئاینمان بێت ، وڕازی نابێت لە هیچ

کەس جگە لە ئیسلام ئاینی بێت ، وهەموو ئاین وئاینزایەکی تر خودا قەبوڵی ناکات وخاوەنەکانی لە قیامەتدا دەخاتە دۆزەخەوە ، چونکە ئاینی ئیسلام هەموو ئاینەکانی پێش خۆی سڕیوەتەوە وپێویستی کردووە لەسەر هەموو مرۆڤەکان باوەڕ بە ئیسلام بهێنن وشوێنی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ بکەون ، پاشان باسی حاڵەتی ناچاری دەکات ، ئەگەر کەسێك برسێتی زۆری بۆ هێناو هیچی تری دەست نەکەوت جگە لەو حەرامکراوانە ، بەڵام بە مەرجێك حەزی لە حەرامکراوەکە نەبێت ومەبەستی تاوانکاری نەبێت ، دروستە بە گوێرەی پێویستی لێی بخوات ، ئبن کەسیر دەڵێت : زانایان دەڵێن ، هەندێك جار لەوانەیە خواردنی مردارەوە بوو واجب بێت بۆ کەسێك ئەگەر هیچی دەست نەکەوێت وبترسێت بمرێت ، وهەندێك جار باشتر وایە لێی بخوات وهەندێك جار حەلاڵە ، حوکمەکەی دەگۆڕێت بە پێی حاڵی کەسەکە ؛ حاکم وتەبەرانی لە ئەبوئومامەی باهلییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ناردمی بۆ لای خزمەکانم بۆ ئەوەی بانگەوازیان بکەم بۆ لای خودا عزوجل ، وشەریعەتی ئیسلامیان پیێ ڕابگەیەنم ، کاتێك گەیشتمە لایان حوشترەکانیان ئاو دابوو ودۆشیبوویان وشیرەکەیان خواردبووەوە ، گوتیان : بەخێربێیت ئەی صودەی کوڕی عەجلان ، هەواڵمان پێگەیشتووە وازت لە ئاینی بابوباپیرانت هێناوە ، گوتم : نەخێر ، بەڵکو باوەڕم بە خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ هێناوە ، ومنی ناردووە کە ئیسلام وحوکمەکانیتان بۆ باس بکەم ، لەو کاتەدا قاپێك خوێنیان هێنا دایاننا ولە دەوری کۆبوونەوە لێیان دەخوارد ، گوتیان : وەرە صودە ، گوتم : من لای کەسێکەوە هاتووم کە ئەمەتان لەسەر حەرام دەکات بەوەی کە خودا بۆی دابەزاندووە ، گوتیان : چی دەڵێت ؟ گوتم : ئەم ئایەتەی بۆ دابەزی : ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ﴾

هەتاکو ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ﴾ ، بەردەوام بانگەوازم دەکردن بۆ ئیسلام ئەوان ڕەتیان دەکردەوە ، گوتم : تیاچوون بۆ ئێوە کەمێك ئاوم بۆ بهێنن ، من زۆر تینوومە ، وعەمامەکەم بەسەرمەوە بوو ، گوتیان : نەخێر ئاوت پێنادەین ، هەتاکو لە تینوێتیدا دەمریت ، بە عەمامەکە ڕوخسار وسەرم داپۆشی خەوم لێکەوت لەبەر خۆرێکی زۆر گەرم ، کەسێك لە خەومدا هات بۆ لام پەرداخێکی شووشەی بۆ هێنام کەس شتی واجوانی نەبینیوە ، وخواردنەوەیەکی تێدابوو کەس خواردنەوەی بەلەزەتی وەك ئەو خواردنەوەی نەخواردووەتەوە ، دایە دەستم وخواردمەوە ، کاتێك هەموویم خواردەوە لە خەو ڕابووم ، سوێند بە خودا دوای ئەو خواردنەوەیە ئیتر تینووم نەبوو ونەمدەزانی تینوێتی چییە ، گوێم لێ بوو هەندێکیان دەیانگوت : کەسێك لە پیاوماقوڵانی خزمەکانتان هات بۆ لاتان وقومێك ئاوتان پێنەدا ، بڕۆن بۆ لای وئەوەی حەزی لێدەکات لە خواردن وخواردنەوە پێی بدەن ، خۆراکیان بۆ هێنام ، گوتم : ئیشم پێی نییە ! بێگومان خودا خواردن وخواردنەوەی پێدام ، سکم پیشاندان ، هەموویان موسڵمان بوون ؛ بوخاری ومسلم لە تارقی کوڕی شیهابەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پیاوێکی جوولەکە بە عومەری کوڕی خەتابی رضي الله عنه گوت : ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایەتێك لە کتێبەکەی ئێوەدا هەیە دەیخوێننەوە ، ئەگەر بەسەر ئێمەی جوولەکەدا دابەزیبایا ئەو ڕۆژەمان دەکرد بە جەژن ، گوتی : کام ئایەت ؟ جوولەکەکە گوتی : ئایەتی : ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ عومەر رضي الله عنه گوتی : ئەو ڕۆژ وشوێنە دەزانین کە ئەو ئایەتەی تێدا دابەزییە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ ،کاتێك بوو لە عەرەفە وەستابوو لە ڕۆژی هەینیدا ؛ وترمزی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ،کە ئایەتی : ﴿ٱلۡيَوۡمَ

أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ خوێندووەتەوە ، وجوولەکەیەك لای دانیشتبوو ، جوولەکەکە گوتی : ئەگەر ئەم ئایەتە بەسەر ئێمەدا دابەزیبا ، ئەو ڕۆژەمان دەکرد بە جەژن ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما گوتی : ئەو ئایەتە لە ڕۆژی جەژن ورۆژی هەینی لە عەرەفە دابەزیوە .

﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمْۖ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُۖ فَكُلُواْ مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَٱذْكُرُواْ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٤﴾﴾ پرسیارت لێدەکەن کەچی حەڵاڵ کراوە بۆیان ، بڵێ : هەموو خۆراکێکی پاکتان بۆ حەڵاڵ کراوە ، وهەروەها نێچیری ئەو سەگ وتانجی وباڵندانەی کە فێریان دەکەن وڕایان دەهێنن چۆن ڕاو بکەن ، لەو زانستەی کە خودا فێری کردوون ، بیخۆن ئەوەی بۆتانی دەگرن ، ولە کاتی ڕەوانە کردنیاندا ناوی خودای لەسەر بهێنن ، لە خودا بترسن وپارێزکاربن ، بێگومان خودا خێرایە لە لێ پرسینەوەی بەندەکانی .

ئەم ئایەتە دەرخەری فەزڵ ونیعمەتی خودایە بەسەر بەندەکانییەوە کە هەموو شتە پاکەکانی بۆ حەڵاڵ کردوون ، وسیفەتی پێغەمبەری خوداشە ﷺ کە شتە حەڵاڵەکان بۆ موسڵمانان حەڵاڵ دەکات وەك خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ﴿١٥٧﴾﴾(الأَعْرَاف) ، وهەندێك لە زانایان ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە بۆ فەزڵ ورێزی زانست ، چونکە خودا نێچیری سەگی ڕاهێنراوی حەڵاڵ کردووە ئەگەر نێچیرەکەش بکوژێت ، بەڵام بۆ سەگێك کە ڕانەهێنرابێت پێویستە بە زیندوویی سەر

ببڕدرێت پاشان حەڵاڵ دەبێت ، ئەو جیاوازی کردنە لە نێوان سەگی فێرکراو وسەگێکی تردا دەرخەری فەزڵی زانست وزانیارییە ، بوخاری ومسلم لە عەدی کوڕی حاتەمی تائیییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ من بە سەگی ڕاهێنراو ڕاو دەکەم ، وناوی خودای لەسەر دەهێنم ، فەرمووی : ئەگەر سەگە ڕاهێنراوەکەت نارد بۆ ڕاوی نێچیر ، وناوی خودات لەسەر هێنا بیخۆ ، گوتم : ئەگەر نێچیرەکەیان کوشت ؟ فەرمووی : بەڵێ ، بەمەرجێك سەگێکی تری لەگەڵدا نەبێت ؛ ولە ڕیوایەتێکی تری بوخاری وموسلم دا دەڵێت : پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئێمە بەم سەگانە ڕاودەکەین ، فەرمووی : ئەگەر سەگە ڕاهێنراوەکەت نارد بۆ ڕاوکردن ، وناوی خودات لەسەر هێنا ، ئەوەی ڕاوی دەکەن بۆتان بیخۆن ئەگەر نێچیرەکەشیان کوشت ، مەگەر سەگەکە لە نێچیرەکە بخوات ، چونکە ئەوکاتە من دەترسم بۆ خۆی ڕاوی کرد بێت ، ئەگەر سەگی تری لەگەڵدا بەشدار بوو لە ڕاوکردنەکە مەیخۆن ئەگەر نێچیرەکەیان کوشت وفریای سەربڕینی نەکەوتن ؛ ﴿مُكَلِّبِينَ﴾ ئیبن جەوزی دەڵێت : زانایان سێ لێکدانەوەیان بۆ کردووە : یەکەم : خاوەن سەگەکانە ، دووەم : ئەو سەگانەیە سورن لەسەر ڕاوکردن ، سێیەم : ئەو سەگانەی کە ڕاهێنراون وفێرکراون ، وبۆیە باسی سەگ کراوە چونکە زۆربەی ڕاوکردنیان بە سەگ بووە ؛ ﴿فَكُلُواْ مِمَّآ أَمۡسَكۡنَ عَلَيۡكُمۡ وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِۖ﴾ زۆربەی زانایان دەڵێن : مانای ئەوەیە : ئەو کاتەی ئاژەڵە ڕاوییەکانتان دەنێرن بۆ ڕاوکردن ، وئیبن جوزەی کەلبی دەڵێت : ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِۖ﴾ ئەمە فەرمانە بە خوێندنی (بسم الله) لە کاتی ڕاودا ، وسەربڕینیش بەو شێوەیە ، وزانایان ناکۆکن دەربارەی حوکمی خوێندنی (بسم الله) ، زاهرییەکان دەڵێن : واجبە ، ئەگەر بە ئەنقەست


یان لە بیری چوو (بسم الله) بخوێنێت حەرام دەبێت ، وشافعی دەڵێت : سوننەتە ، ولە مەزهەبی مالك دا ئەگەر بە ئەنقەست واز لە خوێندنی بهێنێت حەرام دەبێت خواردنی ، بەلاّم ئەگەر لە بیری چوو حەرام نابێت .

﴿ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٥﴾ ئەمڕۆ هەموو خۆراکی پاکتان بۆ حەلاڵ کرا ، وسەربڕاوی ئەوانەی خاوەن کتێبن حەلاڵە بۆتان ، وسەربڕاوی ئێوەش حەلاڵە بۆ ئەوان ، وئافرەتە باوەڕدارە ئازادە داوێن پاکەکان وئافرەتی ئازادی داوێن پاکی خاوەن کتێبەکانی پێش ئێوەش حەلاڵ کراوە بۆتان ، ئەگەر مارەییتان پێدان ، وداوێن پاکبن وزیناکارنەبن ودۆستی نهێنییان نەبێت وزینایان لەگەڵدا بکەن ، هەرکەسێك بێباوەڕ بێت ونکولی ئەوە بکات کە خودا فەرمانی پێکردووە ، بێگومان کرداری پووچەڵ دەبێتەوە ، ولە دوارۆژدا لە ڕیزی زیانباراندایە .

سەربڕاوی جوولەکە وگاور دروستە ئەگەرچی بێباوەڕن ، چونکە خودا لەم سورەتەدا دەفەرموێت : ﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٣﴾(المَائِدَة) ، ئەبوداود لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئافرەتێکی جوولەکە لە خەیبەر مەڕێکی برژاوی بە دیاری دایە پێغەمبەری خودا ﷺ وژەهری پێوە کردبوو ،

وپێغەمبەری خودا ﷺ لێی خوارد وهاوەڵەکانیشی لێیان خوارد ، فەرمووی : دەست هەڵگرن ، گۆشتەکە ئاگاداری کردمەوە کە ژهراویە ، بیشری کوڕی براء رضي الله عنه مرد ، ناردی بە شوێن ئافرەتە جوولەکەکەدا ، پێی فەرموو : چی پاڵنەرت بوو ئەوە بکەیت ، گوتی : ئەگەر پێغەمبەری خودابیت زیانت پێناگەیەنێت ئەوەی من ئەنجامم دا ، وئەگەر پادشا بیت خەڵك لە دەستت رزگار دەکەم ، فەرمانی کرد وکوشتیان ؛ بەڵام بێباوەڕانی تر لە ئاگر پەرست وئەوانەی نکولی ئاین دەکەن سەربڕاوی دەستیان حەلاڵ نییە ، بەڵام ئێستا موسڵمان پێویستە زۆر وریای ئەو گۆشتە بەستووانە بێت کە لە وڵاتانی رۆژئاواوە هاوردە دەکرێت ، چونکە زۆربەی ئاژەڵ وباڵندەکان دەخنکێنن پاشان بەمردارەوە بوویی سەریان لە لاشەکانیان دەکەنەوە ، چونکە دەڵێن : خوێن لە لاشەیاندا بمێنێتەوە بە تام ولەزەت ترە ! ، وهۆکاری تری مادی لە پشتەوەیە ئەو خوێنە لە لاشەی ئەو ئاژەڵ وباڵندەیە قەتیس دەبێت ودەمێنێتەوە بەوەش کێشەکەی زیاتر دەبێت ؛ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەگەرچی دروستە لە گاور وجوولەکە بخوازرێت بەڵام باشتروایە ئەوە نەکرێت ، چونکە لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر منداڵەکانی ، ولەوانەشە کاریگەری لەسەر خۆیشی هەبێت ئەگەر گیرۆدەی جوانی وزیرەکی وزانست وخووڕەوشتی بێت ولەوانەیە بکەوێتە داویەوە وژیری لە دەست بدات وبۆ بێباوەڕییەکەی خۆی کێشی بکات ؛ بەیهەقی وئیبن مونزر لە حوزیفەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : ئافرەتێکی جوولەکەم مارەکرد ، عومەر رضي الله عنه نامەیەکی بۆ ناردم پێی گوتم تەلاقی بدە ، لە وەڵامیدا گوتم : دەڵێیت : ئەوە حەرامە بۆ ئەوەی تەلاقی بدەم ؟ عومەر رضي الله عنه گوتی : من ناڵێم حەرامە بەڵام دەترسم ئەوانەیان بخوازن کە داوێن پاکنین .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٦﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر هەستان بۆ نوێژ ڕوخسارتان بشۆن ودەستەکانتان هەتاکو ئەنیشکەکان ، ودەست بهێنن بەسەرتاندا ، وپێکانتان هەتاکو قولەپێکان بشۆن ، ئەگەر لەشتان گران بوو خۆتان بشۆن ، وئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون ویان ئەگەر کەسێکتان لەسەرئاو بوویەوە ، یان لەگەڵ خێزانتان جووت بوون وئاوتان دەست نەکەوت تەیەموم بکەن لەسەر زەوییەکی پاك ، ودەست بە ڕوخسار ودەستەکانتاندا بهێنن ، خودا نایەوێت تووشی تەنگەژە وسەغڵەتیتان بکات ، بەڵکو دەیەوێت پاکتان بکاتەوە ونیعمەتەکەی تەواو بکات بۆتان ، بۆ ئەوەی سوپاسگوزار وشوکرانە بژێرین .


الجزء السادس سورة المائدة

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ
وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ
وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ
وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ
ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا
طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ
لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ
وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٦
وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم
بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ
بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٧ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ
لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ
أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ
ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٨ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٞ ٩

١٠٨

دەستنوێژ گرتن پەرستشێکی گرنگ وسەربەخۆیە ونیشانەی باوەڕە ومەرجێکە لە مەرجەکانی نوێژ ، وپێویستە موسڵمان گرنگی زۆری پێبدات وبە جوانی دەستنوێژەکەی بشوات ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﭬ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بە جوانی دەستنوێژەکانتان بشۆن ، وەیل وتیاچوون بۆ ئەو کەسانەی قولە پێکانی بەجوانی ناشوات ؛ وئیبن ماجە وئیبن حبان لە سەوبانەوە ﭬ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پارێزگاری لە دەست نوێژ ناکات وبەردەوام نابێت لەسەر دەستنوێژ گرتن کەسی باوەڕدار نەبێت ؛ ئەبوداود وترمزی وئیبن ماجە لە ئەبوهرەیرەوە ﭬ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا نوێژی ئەو کەسە قەبوڵ ناکات کە دەست نوێژی شکاوە هەتاکو دەست نوێژ نەگرێتەوە ؛ ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾ هەرکات ویستتان نوێژ بکەن وهەستان بۆ نوێژ ، ودەستنوێژتان نەبوو ، یان لە خەوهەستان ویستتان نوێژ بکەن ، ئەوا دەستنوێژ بشۆن ، جا ئەگەر کەسێك دەستنوێژی نەبوو واجبە لەسەری دەستنوێژ بشواتەوە ، وئەگەر کەسێك دەستنوێژی هەبوو سوننەتە لەسەری ، ئەحمەد وبوخاری بە موعەلەقی ونەسائی وئیبن ماجە لە ئەبوهرەیرەوە ﭬ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر قورس نەبووایە لەسەر ئوممەتەکەم فەرمانم پێدەکردن بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژ بشۆن ، ولەگەڵ هەموو دەست نوێژێکیشدا سیواك بەکاربهێنن ؛ بەڵام دروستە کەسێك زیاتر لە نوێژێك بە یەك دەست نوێژ ئەنجام بدات ، مسلم لە بوریدەی کوڕی حەصیبەوە ﭬ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژی دەشۆرد ، بەڵام لە ڕۆژی

فەتحی مەککەدا دەست نوێژی شۆرد ودەستی هێنا بەسەر خوفەکانیدا ، وهەموو نوێژەکانی بەیەك دەست نوێژ ئەنجامدا ، عومەر ﷺ پێی گوت : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ کردارێکت ئەنجامدا پێشتر بەو شێوەیە ئەنجامت نەدەدا ، فەرمووی : عومەر ﷺ بە ئەنقەست ئەوەم ئەنجامدا ؛ ﴿فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ﴾ ڕوخسار لەو شوێنەی سەرەوە دەست پێدەکات کە قژی لێ ڕوواوە هەتاکو خوار چەناکە بە بەرزی ، وبەپانی لە گوێوە بۆ گوێیە ، ﴿وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾ ودەستەکانتان لەگەڵ ئەنیشکەکانتان بشۆن ، ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾ مەسح ودەست هێنان بەسەردا دەبێت هەموو سەر بگرێتەوە ، بەشێوەیەك بە هەردوو دەستی دەست دەهێنێت بەسەریدا لەپێشە سەریەوە دەست پێدەکات هەتاکو پشتە سەری پاشان بە هەمان شێوە دەستەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێشە سەری ، ﴿وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ﴾ وشۆردنی پێیەکان لەگەڵ قولەپێکان وپشتە پێیەکان ، ﴿وَأَرۡجُلِكُمۡ﴾ واتە : بە کەسرەی لامەکەشی دەخوێندرێتەوە بەوەش مانای مەسح کردنی پێیەکان دەگەیەنێت کاتێك گۆرەوی یان خوفی لە پێدا بێت ، وبوخاری ومسلم لە هومامەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : جەریری کوڕی عبداللە ﷺ میزی کرد پاشان دەستنوێژی شۆرد ومەسحی کرد لەسەر خوفەکانی ، ئیبراهیم کە یەکێکە لەوانەی فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە دەڵێت : ئەم فەرموودەیان پێ خۆش بوو ، چونکە جەریر ﷺ دوای دابەزینی سورەتی (المائدە) موسڵمان بوو ، واتە : حوکمەکەی نەسخ نەکراوەتەوە ، ئەحمەد ونەسائی وئیبن ماجە لە عبداللەی صەنابحییەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك دەستنوێژ بشوات کاتێك ئاو لە دەم ولووتی ڕادەدات تاوانەکانی لە دەم

ولووتییەوە دەردەچن ، وئەگەر ڕوخساری شۆرد تاوانەکانی لە ڕوخسارییەوە دەردەچن هەتاکو لە برژانگەکانیشییەوە دەردەچن ، ئەگەر دەستەکانی شۆرد تاوانەکانی لە دەستەکانییەوە دەردەچن ، ئەگەر دەستی هێنا بەسەریدا تاوانەکانی لەسەرییەوە دەردەچن هەتاکو لە گوێیەکانیشییەوە دەردەچن ، ئەگەر پێیەکانی شۆرد تاوانەکانی لە پێیەکانییەوە دەردەچن هەتاکو لە ژێر نینۆکەکانیشییەوە دەردەچن ، ونوێژەکەی وڕۆیشتن بۆ مزگەوت بە چاکەی زیادە بۆ دەنوسرێت ؛ وبەکورتی دەست نوێژ بەم شێوەیە : سوننەتە بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بشوات ، ودەست بە ئاوەوە بگرێت وزۆر ئاو بەفیڕۆ نەدات ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دوو بەش لە سێ بەشی مشتەکانی ئاوی بە کارهێناوە بۆ دەستنوێژ شۆردن ، ودروستە کەسێك یارمەتی دەربێت بۆ دەست نوێژ شۆردن ، نییەت هێنان مەرجە ، خوێندنی (بسم الله) لە سەرەتاوە واجبە ، وهەندێك دەڵێن سوننەتە ، وهەندێکی تر دەڵێن ڕوکنە ، وشۆردنی دەستەکان ونێوان پەنجەکان سوننەتە ، ئاو لە دەم ولووت ڕادان ودەرکردنەوەی ئاوەکە لە لووت واجبە ، وئەو ڕادانە بە یەکجار سوننەتە واتە : شۆردنی دەم ولووت بە یەك لەپ ئاو سوننەتە ، شۆردنی ڕوخسار ڕوکنە ودەست خستنە نێو ڕیش بۆ پیاوان سوننەتە ، وشۆردنی دەستەکان لە سەر پەنجەکانەوە هەتاکو سەرووی ئانیشکەکان ڕوکنە ، مەسح ودەست بەسەردا هێنان ڕوکنە ، ئەگەر عەمامەی بەسەرەوە بوو پەرچەمی بە دەرەوە بوو دەست دەهێنێت بەسەر پەرچەم وعەمامەکەیدا ، وئەگەر هەموو سەری داپۆشی بوو دەست دەهێنێت بەسەر عەمامەکەیدا ، وئەگەر هیچ لەسەریدا نەبوو دەست دەهێنێت بە هەموو سەریدا ، ودەست هێنان بە دەرەوە وناوەوەی گوێیەکان واجبە ، وبە پەنجە گەورەکان دەرەوەی مەسح دەکرێت وناوەوەی بە پەنجەی شایەتمان وهاوشێوەکەی لە دەست چەپ سوننەتە ، وسوننەتە بەو ئاوە بێت کە مەسحی سەری

پێدەکرێت ، وشۆردنی پێیەکان لەگەڵ قولە پێیەکان ڕوکنە ، وسوننەتە بە پەنجە بچووکەکەی نێوان پەنجەکانی پێی بشوات ، ئەحمەد وئەبوداود وترمزی وئیبن ماجە لە مستەوردی کوڕی شەدادەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودام صلى الله عليه وسلم بینی کاتێك دەست نوێژی دەشۆرد بە پەنجە بچووکەکەی نێوان پەنجەکانی پێی دەشۆرد ، وفەرمان کراوە بە لای ڕاست دەست پێ بکرێت ، ئەحمەد وئەبوداود لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : ئەگەر پۆشاکتان لەبەر کرد ، وئەگەر دەست نوێژتان شۆرد ، بەلای ڕاستتان دەست پێبکەن ؛ وپێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم یەکجار ودووجار وسێجار ئەندامەکانی دەست نوێژی شۆردووە ، هەتاکو مەسحی سەریش هەندێك جار سێجار سوننەتە ، وسوننەتە لە کۆتاییدا ئەو ویردە بخوێندرێت : ((أشهدُ أن لا إلهَ إلّاالله وحدَه وحدَه لا شريكَ له وأشهدُ أنَّ محمَّدًا عبدُه ورسولُه اللَّهمَّ اجعلني من التَّوابين واجعلني من المتطهّرين)) یان : ((سُبْحَانَكَ اللهمَّ وبحمدكَ أنْ لا إلهَ إلّا أنتَ ، أستغفركَ وأتوبُ إليكَ)) ، وزانایان ناکۆکن ئایا یەك لە دوای یەك ئەندامەکانی دەست نوێژ سوننەتە یان فەرزە ، زۆربەی زانایان دەڵێن : فەرزە لەبەر ئەوەی ئایەتەکە بەو شێوەیە فەرمانی کردووە وکرداری پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یەك لە دوای یەك ئەندامەکانی شۆردووە ، وهەندێك لە زانایان لەوانە ئەلبانی دەڵێن : سوننەتە وئەو فەرموودەیە دەکەن بە بەڵگە کە : ئەحمەد وئەبوداود لە مقدامی کوڕی مەعدی کەریبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : قاپێك ئاویان هێنا بۆ ئەوەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دەست نوێژی پێ بشوات ، دەستەکانی سێ جار شۆرد ، پاشان ڕوخساری سێ جار شۆرد ، پاشان قۆڵەکانی سێ جار شۆرد ،

پاشان ئاوی لە دەم ولووتی ڕادا ، ودەستی هێنا بەسەر وهەردوو گوێیدا دەرەوە وناوەوەی ، وپێیەکانی هەریەکە سێ جار شۆرد ؛ وشۆردنی هەموو ئەندامەکانی دەست نوێژ لە یەك کاتدا هەندێك لە زانایان دەڵێن مەرجە ، بە جۆرێك ئەندامێکی نەشوات پاشان بوەستێت هەتاکو وشك دەبێتەوە پاشان ئەندامێکی تری بشوات ، بەڵکو دەبێت هەمووی پێکەوە بشوات وبەڵگەش بەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە : ئەحمەد وئەبوداود لە هەندێك لە خێزانەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ لێیان گێڕاوەتەوە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ پیاوێکی بینی نوێژی دەکرد بە ئەندازەی درهەمێك وشکی لەسەر پشتی پێی بوو وئاوی بەرنەکەوتبوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێکرد کە دەستنوێژ ونوێژەکەشی دووبارە بکاتەوە ؛ ئەمە بە کورتی دەستنوێژی پێغەمبەری خودایە ﷺ ، هەمووی بەڵگەی صەحیحی لەسەر هاتووە لەبەر ئەوەی زۆر زیاتر درێژ نەبێتەوە هەندێکیم باس نەکردووە ، هەندێك بۆ لێکدانەوەی وشەی ﴿جُنُبًا﴾ لەش پیسییان بەکارهێناوە ، بەڕاستی ئەوە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە کە بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودام ﷺ پێگەیشت لە ڕێگایەك لە ڕێگاکانی مەدینە ومن لەش گران "جەنابە" بووم ، خۆم دزییەوە ورۆیشتم خۆم شۆرد وپاشان گەڕامەوە ، فەرمووی : لە کوێ بووی ئەی ئەبوهرەیرە ؟! وتم : من لەشم گران بوو پێم خۆش نەبوو لەگەڵتا دابنیشم وپاك نەبم ! ، فەرمووی : پاك وبێ گەردی بۆ خودا ، موسڵمان پیس نابێت ؛ لەبەرئەوە بەکارهێنانی وشەی لەشگران یان جەنابە یان هەر وشەیەکی تر ئەو مانایە بگەیەنێت ومانای پیسی موسڵمانی تێدا نەبێت بەکاربهێنرێت باشترە ؛ ﴿وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ﴾ هەموو نەخۆشییەك کە بزانرێت زیانی هەیە ئەگەر نەخۆشەکە خۆی بشوات دەتوانێت تەیەموم بکات ، بەڵام هەندێك نەخۆشی بە خۆشۆردن

زیان بە نەخۆشەکە ناگات بەڵکو لەوانەیە سودیشی هەبێت بۆی ئەو کاتە دەبێت خۆی بشوات ، ﴿فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ﴾ تەیەموم بریتییە لەوەی بە نییەتەوە بە هەردوو ناودەستی بدات لەسەر ڕووی زەوییەکی پاك یان هەر شتێك پەیوەندی بە زەویەوە هەبێت ولەسەری جێگیربوو‌بێت وەك دیوار پاشان دەست بهێنێت بە ڕوخسار ودەستەکانیدا هەتاکو مەچەکی ، بوخاری ومسلم لە عەمماری کوڕی یاسرەوە ﷻ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : لەشم گران بوو وئاوم دەست نەکەوت خۆم لە خۆڵدا گەوزاند وتلامەوە لەسەر زەوی ، ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : تەنها ئەوەت بەس بوو بەم شێوەیەت بکردایە ، پێغەمبەری خودا ﷺ بە لەپی دەستەکانی لە زەویدا وفووی پیاکردن ، پاشان دەستی هێنا بە ڕوخسار ودەستەکانیدا ؛ وتەیەموم هەموو حوکمەکانی دەست نوێژی هەیە وهەموو ئەوەی دەست نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە تەیەموم بەتاڵ دەکاتەوە وهەروەها بە دەستکەوتنی ئاویش بە تاڵی دەکاتەوە ، وڕووی زەویەکە هەرچی بێت دروستە ومەرج نییە خۆڵ وتۆزی لەسەربێت وبە دیواریش دروستە ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ تەیەمومی بە دیواریش کردووە ، ئەبوداود وترمزی وئیبن ماجە لە ئەبوزەرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان ، تەیەموم دەستنوێژی موسڵمانە ئەگەر دەساڵیش ئاوی دەست نەکەوێت ، ئەگەر ئاوی دەستکەوت با خۆی بشوات ئەوە باشترە ؛ هەندێك لە زانایان : ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ بە بەرکەوتنی دەست بە پێستی ئافرەتانی نامەحرەم لێکداوەتەوە ، بەڵام بەڵگەمان هەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ماچی خێزانەکانی کردووە ودەستنوێژی نەگرتووەتەوە ، ئەبوداود وئیبن ماجە لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت :

پێغەمبەری خودا ﷺ ماچی هەندێك لە خێزانەكانی كرد پاشان لە ماڵ دەرچووە بۆ نوێژ ودەستنوێژی نەگرتەوە ؛ وبوخاری لە عائیشەی دایكی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : ملوانكێكم لێ ون بوو لە كاتێكدا لە بیابان بووین ، ونزیك بووین لە شاری مەدینەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ حوشترەكەی یخدا ودابەزی وسەری خستە سەرڕانم وخەوی لێكەوت ، ئەبوبەكر ﵁ هات وبە توندی بەدەستی تێی سرواندم ، گوتی : خەڵكت گیرداوە ! ، نەجوولاّم ترسام لەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ لە خەو ڕابێت ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ لە خەو هەستا وكاتی نوێژی بەیانی بوو ، گەڕان بۆ ئاو دەستیان نەكەوت ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾ تا كۆتایی ، ئوسیدی كوڕی حوزەیر ﵁ گوتی : ئەمە یەكەم چاكەتان نییە ئەی بنەماڵەی ئەبوبەكر ، بەڕاستی ئێوە جگە لە چاكە هیچی ترتان نییە بۆ موسڵمانان .

﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمِيثَـٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٧﴾﴾ ویادی ناز ونیعمەتی خودا بكەن بەسەرتانەوە ، وئەو بەڵێنەی كە بە خوداتانداوە پابەندبن ، كاتێك گوتتان بیستمان وگوێڕایەڵین ، وپارێزكاربن ولە خودا بترسن ، بێگومان خودا زانایە بەوەی لە سینگەكاندایە كە دڵە .

قورتبی دەڵێت : گوتراوە : مەبەست ئەو بەڵێنەیە كە خودا لەو ئایەتەدا باسی كردووە : ﴿وَإِذۡ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَأَشۡهَدَهُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ شَهِدۡنَآۚ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ

﴿١٧٢﴾(الأَعْرَاف) ، ئەوە گوتەی موجاهید وجگە لەویشە ، وئێمە ئەگەرچی لە بیرمان نییە بەڵام پێغەمبەری ڕاستگۆ ﷺ هەواڵی پێداین دەربارەی ، بۆیە دەشێت فەرمانمان پێ بکرێت کە بە ئەمەك ووەفاداربین ، وگوتراوە : ئەوە بۆ جوولەکەکانە بۆ ئەوەی پارێزگاری بکەن لەو بەڵێنانەی لە تەوراتدا لێیان وەرگیراوە ، وئەوەی بۆچوونی زۆربەی ڕاڤەکاران وئیبن عەباس رضي الله عنهما وسدییە ، دەڵێن : بریتییە لەو بەڵێن وپەیمانەی کە بە پێغەمبەری ﷺ خودایان داوە کە دەبێت گوێڕایەڵی بکەن وفەرمانبەرداربین .


﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْ ۚ ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەستن بە بەرپاکردنی دادپەروەری وشایەتی لەبەر خودا بدەن ، وڕق وکینەتان لە کەسانێك پاڵنەرتان نەبێت دادگەر نەبن ، دادگەربن ئەوە نزیکترە لە پارێزکاری ولە خودا ترسانەوە ، وپارێزکاربن ولە خودا بترسن ، بێگومان خودا شارەزایە بەوەی ئەنجامی دەدەن .

هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دادگەری وشایەتیدان لەبەر خودا لە بابەتی هاوکاری کردنی موسڵمانانە لەسەر چاکەکاری ولە خودا ترسان ، بۆیە پێویستە موسڵمان بە باشترین شێوە ئەو ئەرکە بەجێ بهێنێت ، بوخاری ومسلم لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : باوکم کۆیلەیەکی پێبەخشیم ، دایکم عومرەی کچی ڕەواحە ، گوتی : من ڕازی نابم هەتاکو پێغەمبەری خودا ﷺ نەکەیت بە شاهید بەسەر ئەو بەخشینەوە ، باوکم چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ ئەوەی بیکات بە شاهید بەسەر ئەو بەخشینەوە بۆ من ، فەرمووی : ئایا هەموو منداڵەکانت دیاری لەو شێوەیەت پێ بەخشیون ؟ باوکم گوتی :

نەخێر ، فەرمووی : لە خودا بترسن ودادگەربن لە نێوان منداڵەکانتان ، وفەرمووی : من نابمە شاهید لەسەر ستەم ، باوکم لەو دیارییە پەشیمان بوویەوە .

﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٞ ۝٩﴾

خودا بەڵێنی بەو کەسانە داوە کە باوەڕدەهێنن وکرداری باش ئەنجام دەدەن ، لێیان خۆش دەبێت وهەڵە وکەموکورتییەکانیان دەپۆشێت وپاداشتی گەورەیان دەداتەوە .


الجزء السادس سورة المائدة

وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡجَحِيمِ ١٠ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ
ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ هَمَّ قَوۡمٌ أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ
فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ
ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١١ ۞وَلَقَدۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
وَبَعَثۡنَا مِنۡهُمُ ٱثۡنَيۡ عَشَرَ نَقِيبٗاۖ وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي
مَعَكُمۡۖ لَئِنۡ أَقَمۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيۡتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ
وَءَامَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرۡتُمُوهُمۡ وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا
حَسَنٗا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّكُمۡ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ فَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ
مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ١٢ فَبِمَا نَقۡضِهِم
مِّيثَٰقَهُمۡ لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗۖ يُحَرِّفُونَ
ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ
بِهِۦۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٖ مِّنۡهُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡۖ
فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣

١٠٩

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ۝١٠﴾ وئەوانەی بێباوەڕ بوون وئایەتەکانی ئێمەیان بە ڕاست نەزانی ، ئەو کەسانە هاوەڵی ئاگری بڵێسە سەندووی دۆزەخن وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ هَمَّ قَوۡمٌ أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝١١﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە یادی ناز ونیعمەتی خودا بکەن بەسەرتانەوە ، کاتێك کۆمەڵێك ویستیان دەستتان لێبکەنەوە ودەست درێژی بکەنە سەرتان ، خوداش ڕێگای

ئەوەی پێنەدان وئێوەی لە دەست درێژی ئەوان پاراست ، لە خودا بترسن وپارێزکاربن ، وباوەڕداران با تەنها پشت بە خودا ببەستن وکار وفەرمانیان بە ئەو بسپێرن .

ئەگەر موسڵمانان بە تەواوی پشت بە خودا ببەستن لە تەنگ وچەڵەمە وسەختی ودژوارییەکانی ژیان ڕزگاریان دەکات ، بوخاری لە جابری کوڕی عبداللەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ دەرچووین بۆ غەزای "ذات الرقاع" ، لە نیوەڕۆدا پێغەمبەری خودا ﷺ لە شیوێکی چڕی پڕداری دڕکاوی لە ژێر سێبەری دارێکدا دابەزی وشمشێرەکەی بەدارەکەدا هەڵواسی وپشوویدا وخەوی لێکەوت ، خەڵکیش بڵاوبوونەوە ولە ژێر سێبەری دارەکاندا حەوانەوە ، لەو حاڵەدابووین ، پێغەمبەری خودا ﷺ بانگی کردین ڕۆیشتین بۆ لای ، بینیمان پیاوێکی دەشتەکی لەبەر دەستیدا دانیشتووە ، فەرمووی : ئەم کابرایە هات شمشێرەکەی لێ هەڵکێشام وپەلاماریدام لە کاتێکدا من لە خەودا بووم ، لە خەو ڕابووم بینیم بەسەر سەرمەوە ڕاوەستاوە ، گوتی : کێ لە من دەتپارێزێت ؟ گوتم : خودا ﷻ ، شمشێرەکەی کردەوە بە کێلانەکەیدا ودانیشت ، وپێغەمبەری خودا ﷺ سزای نەدا ؛ مەعمەر دەڵێت : قەتادە باسی هاوشێوەی ئەم فەرموودانەی دەکرد ودەیگوت : کۆمەڵە خەڵکێك لە عەرەب دەیانویست پێغەمبەری خودا ﷺ بکوژن ، کەسانێکی دەشتەکیان بۆ ئەو مەبەستە ڕادەسپارد ، وئەم ئایەتەی دەخوێندەوە کە خودا پێغەمبەرەکەی ﷺ لێ پاراستن : ﴿ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ هَمَّ قَوۡمٌ أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡۖ﴾ ؛ وزانایان چەند هۆکارێکیان بۆ دابەزینی ئەم ئایەتە باسکردووە کە سەنەدەکەیان لاوازە ، بەڵام ئیبن کەسیر دەڵێت : محمدی کوڕی ئیسحاق وموجاهید وعیکرمە وجگە لەوانیش دەڵێن : دەربارەی

"بنو النضير" دابەزیوە کاتێك ویستیان بەردە ئاشێك بخەن بەسەر سەری پێغەمبەری خودادا ﷺ ، کاتێك ڕۆیشت بۆ لایان داوای یارمەتی لێکردن بۆ بژاردنی خوێنی دوو کەس لە بەنوعامر ، وجوولەکەیەکیان بە ناوی عەمری کوڕی جیحاش بەو کارە ڕاسپارد ، وفەرمانیان پێکرد ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ لە پەنای دیوارەکەدا دانیشت ئەو بەردە ئاشە بدات بەسەریدا ، خودا پێغەمبەرەکەی ﷺ ئاگادار کردەوە لەو پیلانەیان ، گەڕایەوە بۆ مەدینە وهاوەڵانیشی شوێنی کەوتن وگەڕانەوە ، خودا ئایەتی لەو بارەیەوە دابەزاند ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی کرد گەمارۆیاندان هەتاکو دەریکردن ؛ سەنەدی ئەم بەسەرهاتەش مورسەلە .

﴿۞وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ ٱثْنَىْ عَشَرَ نَقِيبًا ۖ وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مَعَكُمْ ۖ لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِى وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٢﴾﴾ بە دڵنیاییەوە خودا پەیمان وبەڵێنی لە نەوەکانی ئیسرائیل وەرگرت ودوازدە چاودێر وسەرپەرشتیاری لێ هەڵبژاردن بۆ سۆراغی ئیش وکاریان ، وخودا پێی فەرموون : بێگومان من لەگەڵتاندام ئەگەر نوێژەکانتان بە جوانی ئەنجام بدەن وزەکاتی سامانەکانتان دەربکەن ، وباوەڕ بەمن وپێغەمبەرانم بهێنن وسەریان بخەن وڕێزیان لێ بگرن ، وقەرز بدەن بە خودا قەرزێکی باش ، ئەو کاتە بێگومان لە خراپەکانتان خۆش دەبم ودەتانخەمە بەهەشتەوە کە جۆگەلەی ئاو بەژێر کۆشك وتەلار وباخەکانیدا دەڕوات ، هەرکەسێك لە ئێوە دوای ئەو بەڵێن وپەیمانە

بێباوەڕ بێت ، ئەوە بێگومان گومڕا بووە ئەو ڕاستە ڕێگایەی هەڵەکردووە کە دەیگەیەنێتە جێگای مەبەست .

ئیبن عەباس ﭬ ومحمدی کوڕی ئیسحاق دەڵێن : ئەمە کاتێك بووە کە پێغەمبەر موسا ﵇ ڕۆیشتووە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی (الجبابرة)کان ، لەهەر بەرەبابێك سەرپەرشتیارێکی هەڵبژارد ، وهەروەها پێغەمبەری خودا ﷺ لە شەوی (العقبة) دوازدە سەرپەرشتیاری لە پشتیوانان هەڵبژارد ، سیانیان لە هۆزی ئەوس بوون ونۆیان لە هۆزی خەزرەج بوون ، لە بری خزم وکەسوکاریان بەیعەتیاندایە پێغەمبەری خودا ﷺ کە ئەگەر کۆچ بکات بۆ مەدینە دەیپارێزن وەك چۆن ماڵ ومنداڵیان دەپارێزن وئاینەکەی سەردەخەن ، وبوخاری ومسلم لە جابری کوڕی سەمرەوە ﭬ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەردەوام ئیش وکاری خەڵك باش بەڕێوە دەچێت هەتاکو دوازدە پیاو دەبنە پێشەوا وکاربەدەستیان ، پاشان شتێکی فەرموو من بە باشی نەمبیست ، بە باوکم گوت : پێغەمبەری خودا ﷺ چی فەرموو ؟ باوکم گوتی ، فەرمووی : هەموویان لە قورەیشن ؛ ئەم مژدەیە بە هاتنە بوونی دوازدە خەلیفەی لە خودا ترس ودادگەر مەرج نییە هەموویان بەدوای یەکدا بێن ، بێگومان چوار خەلیفە ڕاشیدییەکە لەوانن وهەروەها موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان ﭬ وعومەری کوڕی عبدالعزیز وهەندێك لە خەلیفە عەباسییەکانیش لەو خەلیفانەن ، وقیامەت بەرپا نابێت هەتاکو ئەو خەلیفانە دەسەڵاتداری نەگرنە دەست ، ئیبن کەسیر دەڵێت : محمدی مەهدی کە مژدە بە هاتنی دراوە لەو خەلیفانەیە ، کە ناوی لە ناوی پێغەمبەری خودا ﷺ دەچێت وناوی باوکی لە ناوی باوکی دەچێت ، سەر زەوی پڕدەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕکراوە لە ستەم ، وئەمە خەلیفە چاوەڕوان کراوەکەی ڕافیزەکان نییە کە باوەڕیان

وایە لە ژێرخانەکەی شاری سامەڕا دایە ، ئەمە هیچ بوونی نییە ، ومەبەست لە دوازدە پێشەواکەی ڕافیزەکانیش نییە .

ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە پێویستە خەڵك کەسانێك بە چاوساغ ورێنیشاندەر دابنێن کە بۆ ئیش وکارەکانیان بگەڕێنەوە بۆ لایان ، لە کاتی کێشە وئاریشەدا هەوڵی ئاشتەوایی نێوانیان بدەن ، ولەکاتێکدا پرسیار وناڕوونیەك بۆیان ڕوون دەکەنەوە ؛ دەبێت فێرخوازانی زانست ئەو ئاماژەیە لەم ئایەتەوە وەربگرن ودەست بەزانایانی سوننەتەوە بگرن ، وبۆ کێشە وئاڵۆزییەکان وئەو شتانەی تازە سەرهەڵدەدەن بگەڕێنەوە بۆ لایان وسود لە ئامۆژگاری ورێنماییەکانیان وەربگرن ، ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمۡۖ﴾ خودا ﷻ لە زۆر ئایەتدا باسی لەگەڵ بوونی باوەڕداران وچاکەکاران دەکات ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : خودا لە چەندان ئایەتدا بە لەگەڵ بوون خۆی وەسف کردووە ، جارێك بەشێوەیەکی گشتی ، وجارێك تایبەتی کردووە بە وەسفێکەوە ، وجارێك تایبەتی کردووە بە کەسێکەوە ؛ خودا بە زانست وبینین وبیستن ویارمەتیدان وسەرخستن لەگەڵ باوەڕداراندایە وبە زاتی پیرۆزی لەسەر عەرشە ، ﴿وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا﴾ سامانەکانتان لە هەموو بوارەکانی چاکەدا ببەخشن وچاوەڕوانی پاداشتی خودابن ، چونکە ئەو کەسەی دەبەخشێت وەك کەسێکە قەرزی دابێت وچاوەڕوانی گەڕانەوەی سامانەکەی دەکات ، بەو شێوە خودا ناوی قەرزی لێناوە وبەباشترین شێوە پاداشتی خاوەنەکەی دەداتەوە.


﴿فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٖ مِّنۡهُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡۖ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣﴾ لەبەر شکاندنی پەیمانەکانیان وبێ

ئەمەکییان بەرامبەر بەڵێنەکانیان ، نەفرەتمان لێکردن ، ودڵەکانیانمان ڕەق کرد ، مانای ئایەتەکان تێکدەدەن ودەیگۆڕن ، وئەو بەشەی کە لە تەورات پێیان بەخشرا بوو وازیان لێ هێنا ولەیادیان کرد وئەوەیان پشتگوێ خست کە فەرمانی پێکردبوون باوەڕ بە پێغەمبەری خودا بهێنن ، بەردەوام دەبینی خیانەت وناپاکییان لێ دەردەکەوێت هەندێکی کەمیان نەبێت ، لێیان ببورە وچاوپۆشییان لێ بکە ، بێگومان خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پەیمان شکاندن وسەرپێچی فەرمانەکانی خودا ﷻ دەبێتە هۆکاری لە بیرچوونەوەی زانست ، وەك ئەوەی هەندێك لە پێشینان دەڵێن : من ئەگەر تاوان وسەرپێچییەکم بکردایە لە هەڵسوکەوتی خێزانەکەم وسوارییەکەم دا دەمبینییەوە .

﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ١٤﴾
وئەوانەش کە دەڵێن : ئێمە گاورین ، بەڵێن وپەیمانمان لێوەرگرتن ، ئەو بەشەی کە لە ئینجیل پێیان بەخشرا بوو وازیان لێهێنا ولەیادیان کرد وئەوەیان پشتگوێ خست کە فەرمانی پێکردبوون باوەڕ بە پێغەمبەری خودا بهێنن ، لەبەر ئەوە دژایەتی ورق وکینەمان لە نێوانیاندا بەرپا کرد وپێیانەوە لکاندمان هەتاکو ڕۆژی قیامەت ، ولە ئایندەدا خودا ئاگاداریان دەکاتەوە لە هەموو ئەوەی ئەنجامیان داوە .

جوولەکایەتی وگاورایەتی دوو ئاینی داهێنراو بوون وپەیوەندیان بەو ئاینەوە نەبوو کە خودا ﷻ دایبەزاندبووە سەر پێغەمبەرە بەڕێزەکانی ، تەبەری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە لە ڕاڤەی ئەو ئایەتەدا : ﴿وَلَا تَلۡبِسُواْ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُواْ ٱلۡحَقَّ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ


الجزء السادس　　سورة المائدة
وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ
حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ
وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ
بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ١٤ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ
جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا
كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ
قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ ١٥
يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ
وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ
وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ١٦ لَّقَدۡ كَفَرَ
ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۚ
قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ أَن يُهۡلِكَ
ٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ
جَمِيعٗاۗ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ
يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٧
١١٠

﴿٤٢﴾(البَقَرَة) ، دەڵێت : جوولەکایەتی وگاورایەتی تێکەڵاو بە ئیسلام مەکەن ، چونکە ئێوە بێگومان دەزانن ئیسلام ئاینی خودایە ، وجوولەکایەتی وگاورایەتی بیدعە وداهێنراوە ولە خوداوە نییە ، ولە ئەبوزەیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ڕاستی ئەوە بوو کە خودا لە تەوراتدا دایبەزاند بوو ، پووچەڵیش ئەوە بوو بەدەستی خۆیان دەیان نووسی ودەیانگوت لە خوداوەیە .

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ ١٥﴾ ئەی خاوەن کتێبەکان بێگومان پێغەمبەرمان بۆ ڕەوانە کردوون بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە زۆرێك لەو شتانەی کە ئێوە لە کتێبەکانتاندا دەتان شاردەوە ، ولە زۆر شت چاوپۆشی بکات ، ولە خوداوە ڕووناکی وکتێبی ئاشکراتان بۆ هاتووە کە قورئانە .


ئیبن حبان لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هەرکەس بێباوەڕ بێت بە ڕەجم بێگومان بێباوەڕە بە خودا سبحانه وتعالى ، ئەوەش لەو

ئایەتەدا هاتووە : ﴿يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَـٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ﴾ لەو شتانەی کە دەیانشاردەوە لە کتێبەکانیان ئایەتی ڕەجمی زیناکار بوو .

﴿يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿١٦﴾﴾ خودا بەو کتێبە هیدایەتی کەسانێك دەدات کە شوێنی ڕەزامەندی کەوتوون بۆ ڕێگاکانی بە دەست هێنانی ئاشتی وبەختەوەری ، ولە تاریکییەکان وگومڕاییەکان دەریان دەهێنێت بۆ ڕووناکی ئیسلام بە ڕوخسەت وویستی خۆی ، وهیدایەت وڕێنماییان دەکات بۆ ڕێگای ڕاست .

﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۚ قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ أَن يُهۡلِكَ ٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗاۗ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٧﴾﴾ بێگومان بێباوەڕ بوون ئەو کەسانەی کە گوتیان : بە ڕاستی خودا مەسیحی کوڕی مەریەمە عليه السلام ، بڵێ : کێ دەتوانێت ڕێگری لە فەرمانی خودا بکات کە بیەوێت مەسیحی کوڕی مەریەم ودایکی وهەموو ئەوەی لەسەر زەویدایە لە ناوی ببات ، وموڵکی خودایە هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەوی وئەوەشی لە نێوانیادایە ، ئەوەی بیەوێت دروستی دەکات ، وخودا بەسەر هەموو شتێکدا توانا ودەسەڵاتدارە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ڕاشكاوە لەسەر كوفر وبیباوەڕی گاورەكان ، بۆیە نابێت موسڵمان لا بەلای هەندێك بەناو بانگخوازی گومڕا وسەر لیٚ شێواودا بكەنەوە وگوێیان لێبگرن ، كە دەڵێن : ناتوانین پێیان بڵێین : كافرن ؟! ، وبەڵگەی توانا ودەسەڵاتی خوداشی تێدایە كە پێغەمبەر عیسای ﷺ بەبیٚ باوك دروست كردووە وەك چۆن پێغەمبەر ئادەمی ﷺ بیٚ دایك وباوك دروست كرد .


الجزء السادس		سورة المائدة
وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ۚ قُلْ
فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ۚ يَغْفِرُ لِمَن
يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ قَدْ جَآءَكُمْ
رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ أَن تَقُولُوا۟ مَا جَآءَنَا
مِنۢ بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍ ۖ فَقَدْ جَآءَكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ
شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٩﴾ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟
نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا
وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٠﴾ يَٰقَوْمِ ٱدْخُلُوا۟
ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا۟
عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٢١﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ
فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِن
يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴿٢٢﴾ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ
أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ
غَٰلِبُونَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾
١١١

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ۚ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ۚ يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾﴾

جوولەكە وگاور دەیانگوت : ئێمە كوڕ وخۆشەویستی خوداین ، بڵیٚ : ئەی بۆچی سزاتان دەدات لەسەر تاوانەكانتان ، بەڵكو ئێوەش مرۆڤێكن وەك هەموو ئەو مرۆڤانەی خودا دروستی كردووە ، خۆش دەبێت لە هەركەسێك كە بیەوێت ، وسزای دەدات هەركەسێك كە بیەوێت ، موڵكی خودایە هەموو ئەوەی لە ئاسمانەكان وزەوی وئەوەشی لە نێوانیاندایە ، وهەمووان سەرئەنجام بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە .

لەم ئایەتەدا خودا ﷻ بانگەشەی جوولەکە وگاورەکان بە درۆ دەخاتەوە ، چونکە جوولەکەکان دەیانگوت : عوزەیر کوڕی خودایە وئێمەش نەوەی عوزەیرین ، وگاورەکان دەیانگوت : مەسیح کوڕی خودایە وئێمەش نەوەی مەسیحین ، لەبەر ئەوە ئێمە بە ڕەچەڵەك لە خوداوە نزیکین وخۆشەویستی خوداین ، خودا ﷻ بەرپەرچی دانەوە ئەگەر ڕاست دەکەن نەوە وخۆشەویستی خودان ولە هەموو خەڵك جیاوازترن بۆچی لەسەر تاوانەکانتان سزاتان دەدات ؟! ئەحمەد وحاکم لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ وهەندێك لە هاوەڵانی بەلای منداڵێکدا تێپەڕین لە ناوەڕاستی ڕێگاکە بوو ، کاتێك دایکی سوارییەکانی بینی ترسا پێ بە منداڵەکەیدا بنێن ، خێرا هەڵمەتی برد ، گوتی : منداڵەکەم ، منداڵەکەم ، منداڵەکەی هەڵگرت ، هاوەڵان گوتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم دایکە هەرگیز منداڵەکەی ناخاتە نێو ئاگرەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەخێر سوێند بە خودا ، خودا خۆشەویستی خۆی ناخاتە نێو ئاگرەوە ؛ ﴿يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ خودا بە دادگەری خۆی سزای ئەو کەسانە دەدات کە شایانی سزادانن لە بێباوەڕان یان خراپەکاران ، ولەو کەسانەش خۆش دەبێت وتاوانەکانیان دەپۆشێت بە فەزڵی خۆی ودەیانخاتە بەهەشتەوە کە باوەڕدار وچاکەکارن ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : خودا لەو کەسانە خۆش دەبێت وسەرکەوتوویان دەکات بۆ گوێڕایەڵی ، چونکە هەموو کردارێك کە خودا ﷻ وابەستەی کردبێت بە ویستی خۆیەوە پێویستە تەبا بێت لەگەڵ داناییدا ، چونکە ویستی خودا ﷻ ویستێك نییە شتێك بدات بەسەر شتێکی تردا بەبێ هۆکار لەبەر ئەوە : ﴿لِمَن يَشَآءُ﴾ مەبەست ئەوەیە بۆ ئەو کەسەی دانایی پێویستی کردووە ولێی خۆش دەبێت ، وهەروەها هەرکەسێك خودا منەتی بەسەردا بکات لێی خۆش دەبێت بەبێ تەوبە

کردنیش ئەوەی کە لەو ئایەتەدا باسی دەکات : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ ﴿٤٨﴾﴾(النِّسَاء) ، وهەرکەسێك سزا دەدات کە بیەوێت سزای بدات بەوەی کردەوەیەکی کردووە شایانی سزادانە لەسەری ، تەنها لەبەر ویستی خودا نییە بۆ سزادانی ، چونکە کەس سزا نادات بەهۆی تاوان وخراپەکارییەوە نەبێت ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا ﴿١١٢﴾﴾(طه) ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : نوعمانی کوڕی ئەضا ، وبەحری کوڕی عەمر ، شائشی کوڕی عەدی ، هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وقسەیان لەگەڵ کرد ، بانگی کردن بۆ لای خودا ، وترساندیانی لە سزا وتوڕەیی خودا ، گوتیان : ئەی محمد تۆ بەم قسانەت نامانترسێنیت ، ئێمە نەوە ودۆستی خوداین ، وەك چۆن گاورەکان بانگەشەیان دەکرد ، خودا ئەم ئایەتەی لەسەر دابەزاندن : ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ۚ﴾ هەتا کۆتایی .

﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ أَن تَقُولُوا۟ مَا جَآءَنَا مِنۢ بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍ ۖ فَقَدْ جَآءَكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٩﴾﴾

ئەی خاوەن کتێبەکان بێگومان پێغەمبەرمان بۆ ڕەوانە کردوون بۆ ئەوەی ئاینی خوداتان بۆ ڕوون بکاتەوە دوای ئەوەی سەردەمێك پێغەمبەرمان ڕەوانە نەکردبوو ، بۆ ئەوەی بیانووتان نەمێنێ وبڵێن : ئێمە مژدەدەر وترسێنەرمان بۆ ڕەوانە نەکراوە ، بێگومان مژدەدەر وترسێنەرتان بۆ ڕەوانە کراوە ، وخودا توانایە بەسەر هەموو شتێکدا .

لە نێوان پێغەمبەر عیسا ﵇ وپێغەمبەری خودا محمد ﷺ هیچ پێغەمبەرێك ڕەوانە نەكراوە كە نێوانیان شەش سەدە بووە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾﴾(الصَّفّ) ، وبوخاری لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من لە هەموو خەڵك لە پێشترم بۆ عیسای كوڕی مەریەم ﵇ ، وپێغەمبەران هەموویان لە باوكەوە بران ، لە نێوان من وئەودا هیچ پێغەمبەرێك ڕەوانە نەكراوە ؛ وبوخاری لە سەلمانی فارسییەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : ماوەی نێوان عیسا ﵇ ومحمد ﷺ شەش سەد ساڵ بووە .

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٠﴾﴾ ئەوەیان بەیاد بهێنەوە كە پێغەمبەر موسا بە گەلەكەی فەرموو : یادی ناز ونیعمەتی خودا بكەن بەسەرتانەوە ، كە كەسانێكی لە ئێوە بە پێغەمبەر هەڵبژاردووە ، وتەختی پادشایەتی پێ بەخشیون ، وئەوەی بە ئێوەی بەخشیوە بەكەس لە مرۆڤ وجنی سەردەمی ئێوەی نەبەخشیوە .

ڕەوانەكردنی پێغەمبەران بۆ ڕێ نیشاندانی مرۆڤەكان لە لایەن خوداوە گەورەترین نیعمەتی خودایە ، نەوەكانی یەعقوب ﵇ پێغەمبەرانێكی زۆریان بۆ ڕەوانە كراوە بۆ ئەوەی سیاسەت وئیشوكاری دونیا بەڕێوەببەن وئاین وشەریعەتی خوداشیان بۆ ڕوون بكەنەوە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت پێغەمبەری

خودا ﷺ فەرمووی : نەوەکانی ئیسرائیل پێغەمبەران سیاسەتمەدارییان بۆ دەکردن ، هەرکاتێك پەیامبەرێك مردبا ، پەیامبەرێکی تر جێگای دەگرتەوە ؛ ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾ زانایان دوو لێکدانەوەیان بۆ کردووە ، یەکەم : کەسانێکی لە خۆتان کردووە بە پادشا وکار بەڕێوەبەرتان ، دووەم : ئازاد کردنیان بوو لە ژێردەستەی وستەمی فیرعەون وهەرکەس لە ئێوەی کردە پادشای ماڵ ومنداڵی ، تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەگەر پیاوێك لە نەوەکانی ئیسرائیل خێزان وکارەکەر وخانووی هەبووایە پێی دەگوترا : پادشا ؛ ومسلم لە عبداللەی کوڕی زەیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : گوێم لە عبداللەی کوڕی عەمر رضي الله عنهما بوو کەسێك پێی گوت : ئایا ئێمە لە کۆچەرییە هەژارەکان نین ؟ عبداللە پێی گوت : ئایا خێزانت هەیە شەو لای بمێنیتەوە ؟ گوتی : بەڵێ ، گوتی : ئایا خانووت هەیە تێیدا نیشتەجێ بیت ؟ گوتی : بەڵێ ، گوتی : تۆ لە دەوڵەمەندەکانی ، گوتی : کارەکەرێکیشم هەیە ، گوتی : کەواتە تۆ لە پادشاکانی ؛ وبوخاری لە "الأدب المفرد" وترمزی وئیبن ماجە لە عبیداللەی کوڕی محصنەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس ڕۆژی بەسەرداهات وترسی نەبوو وئاسایشی هەبوو ، ساغڵەم وتەندروست بوو ، وخۆراکی ئەو ڕۆژەی هەبوو ، ئەوا وەك ئەوەیە موڵکی هەموو دونیا هی خۆی بێت ؛ تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمۡ يُؤۡتِ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ مەبەست لە گەزۆ وگۆشتی باڵندەی شیلاقە وئەو کانیاوانەی کە لە بەردەکانەوە هەڵدەقوڵان وئەو سێبەرە بوو بەسەریانەوە کە ئەو کاتەی وێڵ وسەرگەردان بوون خودا پێی بەخشی بوون ، کە بە هیچ کەس لە سەردەمی ئەوانی نەبەخشی بوو .

﴿يَـٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ۝٢١﴾ ئەی ئوممەتەکەم بچنە نێو سەر زەمینی پاك وپیرۆزەوە ، کە خودا لە سەرتانی نوسیوە ، وپشت هەڵمەکەن وپاشەکشە مەکەن ، ئەگەرنا هەڵدەگەڕێنەوە لە دۆڕاو وخەسارەتمەندان دەبن لە دونیا ودوارِۆژیشدا .

تەبەری ناکۆکی زانایانی گواستووەتەوە دەربارەی لێکدانەوەی : ﴿ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ﴾ لە ئیبن عەباسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کێوی طور ودەورووبەرییەتی ، ولە ڕیوایەتێکی تریدا دەڵێت : شاری ئەریحایە ، وئیبن عەساکر لە موعازی کوڕی جەبەلەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : لە عەریشەوە بۆ ڕووباری فوراتە ، وقەتادە دەڵێت : شامە ، وزەجاج دەڵێت : دیمەشق وفەلەستین وهەندێك لە ئوردنە ، وگوتراوە : (بیت المقدس)ە ، پاشان دەڵێت : بۆچوونی پەسەند ئەوەیە : ﴿ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ﴾ بە ڕەها بگوترێت وەك پێغەمبەر موسا عَلَيْهِ السَّلَام باسی کردووە ، چونکە ئەوەی بڵێت : ئەو شوێنەیە جگە لە شوێنێکی تر ، ناتوانێ ڕاستی بپێکێت بە بێ فەرموودەی صەحیح ، وهیچ فەرموودەیەکی صەحیحمان نییە بەڵگە بێت لەسەر ئەوە ، بەڵام ئەوەندە هەیە دەزانرێت لە نێوان ڕووباری فورات وشاری عەریشی میسردایە ، چونکە ڕاڤەکاران وزانایان وژیاننامە نووسەکان کۆدەنگن لەسەر ئەوە .


﴿قَالُواْ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمٗا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ۝٢٢﴾ گوتیان : ئەی موسا بەڕاستی قەومێکی بەهێز وبەتوانا لەو

سەر زەمینەیە ، وئێمە بێگومان ناچینە نێوی هەتاکو ئەوان لێی دەرنەچن وبەجێی نەهێڵن ، ئەگەر ئەوان چۆڵیان کرد ئێمە دەچینە ئەو سەرزەمینە .

ئەمە فەرمانی خودایە بۆ نەوەکانی ئیسرائیل کە بچنە سەر زەمینی پاك وپیرۆزەوە ، بەڵام ترسنۆك بوون وبیانوویان بەوە هێناوە کە خەڵکێکی بەهێز وبە توانا ولەش ولار زلیان تێدایە ، وسەرکەوتوون بەسەر هەموو ئەوانەی کە شەڕیان لەگەڵدا کردوون ، ﴿جَبَّارِينَ﴾ جەبار بەکەسێك دەگوترێت کە ئیشوکاری خۆی وکەسانی تریش بەڕێوەببات ، پاشان بۆ هەموو کەسێك کە بەرژەوەندی خۆی بەدەست بهێنێت بەکارهێنراوە ، هەتاکو بۆ ئەوکەسەش کە ستەمکارە وزاڵ دەبێت بەسەر خەڵکدا بەکاردەهێنرێت ، و(الجبار) یەکێکە لە ناوەکانی خودا ﷻ ، چونکە خودا ئیش وکاری بەندەکانی بەڕێوە دەبات وبەتوانا وباڵادەستە بەسەریانەوە .

﴿قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمَا ٱدۡخُلُواْ عَلَيۡهِمُ ٱلۡبَابَ فَإِذَا دَخَلۡتُمُوهُ فَإِنَّكُمۡ غَٰلِبُونَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٣﴾ دوو پیاو لەوانەی لە خودا دەترسان وخودا نیعمەتی خۆی پێبەخشی بوون ، گوتیان : لە دەروازەی ئەو سەر زەمینەوە بچنە ژوورەوە ، کە چوونە ژوورەوە دڵنیابن سەردەکەون بەسەریاندا ، وپشت بە خودا ببەستن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن .

زۆربەی ڕاڤەکاران وزانایان دەڵێن : ئەو دوو کەسە یوشعی کوڕی نون وکالبی کوڕی یافنا بوون کە خەڵکەکەیان هاندا گوێڕایەڵی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن ، وبجەنگن لەگەڵ ئەو کەسانەدا وپشت بە خودا ببەستن ، دڵنیابن خودا سەرتان دەخات بەسەریاندا .


الجُزْءُ السَّادِسُ سُورَةُ المَائِدَةِ

قَالُوا۟ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ إِنَّا هَـٰهُنَا قَـٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى ۖ فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ۛ أَرْبَعِينَ سَنَةً ۛ يَتِيهُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ۞ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْـَٔاخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ ۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَىَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِى مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ إِنِّىٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلنَّارِ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٣٠﴾ فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ ۚ قَالَ يَـٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَـٰذَا ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى ۖ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّـٰدِمِينَ ﴿٣١﴾

١١٢

﴿قَالُوا۟ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ إِنَّا هَـٰهُنَا قَـٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾﴾ گوتیان : ئەی موسا ئێمە هەرگیز ناچینە ئەو سەر زەمینە هەتاکو ئەو کەسانەی تێدا بێت ، برۆ خۆت وپەروەردگارت لەگەڵیان بجەنگن ئێمە لێرە دادەنیشین وناسرەوین .

ئەم ئایەتە بەڵگەی خراپی وکەللە رەقی ئەو خەڵکانەی تێدایە کە لەگەڵ پێغەمبەر موسا بوون عَلَيْهِ السَّلَامُ ، پشتیان هەڵکرد لە جیهاد وتێکۆشان کە خودا لەسەری پێویست کردبوون ، لەگەڵ ئەوەشدا بێ ڕێزییان بەرامبەر ئەو پێغەمبەرە بەڕێزەی خودا کرد عَلَيْهِ السَّلَامُ کاتێك گوتیان : ئێمە لێرە دادەنیشین وتۆ وپەروەردگارت برۆن لەگەڵیان بجەنگن ، ئەمە تەواو پێچەوانەی هەڵوێستی جوامێرانەی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خودایە ﷺ ، ئەحمەد ونەسائی لە "السنن الکبری" لە ئەنەسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ دەرچوو بۆ غەزای بەدر ڕاوێژی بە خەڵك کرد ، ئەبوبەکر وعومەر ڕای خۆیان دەربڕی ، پێغەمبەری خودا ﷺ بێدەنگ بوو ، کەسێك لە پشتیوانان گوتی : مەبەستی ئێوەیە ، گوتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ پرس وڕاوێژ بە ئێمە دەکەیت ؟! سوێند بە خودا ئێمە ئەوە ناڵێین کە

نەوەکانی ئیسرائیل بە موسایان ﷺ گوت : ﴿ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ بەڵکو ئەگەر حوشتر لێبخوڕیت هەتاکو دەگەیتە (برك الغماد) "کە ئاماژەیە بۆ شوێنێکی زۆر دوور" ئێمە پشتیوانتین وبە تەنها بەجێت ناهێڵین ؛ وبوخاری لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : هەڵوێستێکم لە مقدادی کوڕی ئەسوەدەوە رضي الله عنه بینی ، ئەگەر من خاوەن ئەو هەڵوێستە بوومایە لە کردەوەکانی ترم پێم خۆشتربوو ، چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ لە کاتێکدا نزای دەکرد لە هاوبەش بڕیاردەران ، گوتی : ئێمە ئەوە ناڵێین کە گەلەکەی پێغەمبەر موسا ﷺ گوتیان : ﴿ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ ، بەڵکو ئێمە لە لای ڕاست وچەپتەوە ولە پێش وپشتەوە دەجەنگین ، بینیم پێغەمبەری خودا ﷺ ڕوخساری گەشایەوە وئەو قسەیەی مقدادی رضي الله عنه پێ خۆش بوو ؛ ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هاوەڵانی محمد ﷺ لە هاوەڵانی هەموو پێغەمبەرانی تر باشترن ، بەڵکو لە هەموو بەندەکانی خودا بەگشتی جگە لە پێغەمبەران باشترن ، ئەحمەد لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بەحەسەنی داناوە ، دەڵێت : خودا ﷻ سەیری دڵی بەندەکانی کرد ، بینی دڵی محمد ﷺ لە دڵی هەموو بەندەکانی باشترە ، بۆ خۆی هەڵیبژارد ، وپەیامەکەی خۆی بەودا ڕەوانە کرد ، پاشان سەیری دڵی بەندەکانی کرد دوای محمد ﷺ بینی دڵی هاوەڵانی لە دڵی بەندەکانی تری باشترە ، لەبەر ئەوە بۆ یارمەتی پێغەمبەری خودا ﷺ هەڵیبژاردن ولەسەر ئاینەکەی جەنگان ؛ تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ﴾ ئەو شارە شاری کەسانی بەهێز وبە دەسەڵات بوو ، کاتێك پێغەمبەر موسا ﷺ لەگەڵ گەلەکەی ویستیان شارەکەیان لە دەست ڕزگار

بکەن ، دوازدە چاوساغی نارد بۆ شارەکە ، ئەو دوازدە سەرپەرشتیار وچاوساغە بوون کە خودا باسی کردوون ، بۆ ئەوەی هەواڵیان لەو شارەوە دەربارەی ئەو کەسانە بۆ بهێننەوە ، کەسێك لەو کەسە باڵا بەرز وبەهێزانەیان پێگەیشت ، هەموویانی خستە نێو پۆشاکەکەیەوە ، هەڵیگرتن وبردیانی بۆ شارەکە ، بانگی خەڵکەکەی کرد ، لێی کۆبوونەوە ، گوتیان : ئێوە کێن ؟ لە وەڵامدا گوتیان : ئێمە لە گەلەکەی پێغەمبەر موساین ﷺ ، ئێمەی ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی هەواڵی ئێوەی بۆ ببەینەوە ، دانەیەك ترێیان پێدان کە بە ئەندازەی پیاوێك دەبوو ، پێیان گوتن : بە موسا وگەلەکەی بڵێن : با ئەندازەی میوەی خۆیان لە ئاست ئەم میوەیە بزانن "وەك هەڕەشەیەك" کاتێك گەڕانەوە وباسەکەیان گێڕایەوە گەلەکەی گوتیان : ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ .

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ إِلَّا نَفۡسِي وَأَخِيۖ فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٥﴾
پێغەمبەر موسا فەرمووی : ئەی پەروەردگارم بێگومان من دەسەڵاتم تەنها بەسەر خۆم وبراکەمدا هەیە ، ئوممەتەکەم گوێڕایەڵیم ناکەن ، جیاوازی بخە نێوان ئێمە وئەو گەلەی کە لاڕێ وتاوانبارن .

ئەم ئایەتە بەڵگەی تێدایە لەسەر دووركەوتنەوە وتێکەڵ نەبوون لەگەڵ کەسانی تاوانکار وبیدعەچی ولاڕێ ، چونکە تێکەڵی ئەو کەسانە دەبێتە هۆکاری ئاسایی بوونەوە وبە ئاسان سەیرکردنی ئەو جۆرە تاوانانە ، وزیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانە ، وهەڵە تێگەیشتنی موسڵمانان ، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك زانستی شەرعی نازانن وناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان کەسانی شوێنکەوتەی سوننەت وکەسانی موبتەدیع ولاڕێ ، وترسی ئالودە بوون وسەرسام بوون بە بیروبۆچوونی ئەو تاوانبار ولاڕێیانەیان لێ دەکرێت

، هەروەها وەك سەرزەنشتێك بۆ ئەو كەسانەی سنور دەبەزێنن وتاوانبار ولارێن بەڵكو بە خۆیان دا بچنەوە ، بوخاری لە جابری كوڕی عبداللەوە ﷺ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : هەركەسێك گوێڕایەڵی محمد ﷺ بكات ئەوە بێگومان گوێڕایەڵی خودای كردووە ، وهەركەسێك سەرپێچی محمد ﷺ بكات بێگومان سەرپێچی خودای كردووە ، ومحمد ﷺ جیاوازی لە نێوان خەڵكدا بەرپاكردووە .

﴿قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴿٢٦﴾﴾ خودا فەرمووی : ڕزگاركردن وچوونە ئەو سەر زەمینە پاك وپیرۆزەیان چل ساڵ لێ حەرام وقەدەغە دەكەم ، لەسەر زەوی وێڵ وسەرگەردان دەبن ، جا خەفەت مەخۆ بۆ ئەوگەلەی كە لاڕێ وتاوانبارن .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە پێغەمبەران وزانایان وفێرخوازانی زانست هیدایەتی خەڵكیان لەسەر پێویست نییە ، بەڵكو تەنها گەیاندن وڕوون كردنەوەیان لەسەرە ، ئەگەر كەسانێك دوای ڕوون كردنەوە وگەیاندنی ئاین ملكەچ وگوێڕایەڵ نەبوون شایەنی ئەوە نییە خەفەتیان بۆ بخورێت ، هەروەها خراپی تاوان كە بە هۆیەوە خودا سزای نەوەكانی ئیسرائیلی دا ، وچوونە نێو ئەو شار وسەر زەمینەی چل ساڵ لێ قەدەغە وحەرام كردن ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران چوو بۆ غەزا ، بە گەلەكەی فەرموو : كەسێك شوێنم نەكەوێت كە ژنی مارەكرد بێت وبیەوێت بیگوێزێتەوە ، هەروەها كەسێك كە خانووی دروست كردبێت وسەقفی نەگرتبێت ، وهەروەها كەسێكیش مەڕومالاتی كڕی بێت وچاوەڕوانی بەرهەمیان بكات ، نزیك شارەكە بوونەوە لە كاتی نوێژی عەسردا

، به خۆری فەرموو : تۆ فەرمانت پێکراوە ، ومنیش فەرمانم پێکراوە ، پەروەردگارا خۆر ڕابگرە بۆ ئەوەی شەومان بەسەردا نەیەت ، خودا خۆری ڕاگرت هەتاکو شارەکەیان ڕزگار کرد ، ولە ڕیوایەتی ئەحمەددا هاتووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : خۆر ڕانەگیراوە بۆ هیچ کەسێك جگە لە یوشعی کوڕی نون عليه السلام ئەو کاتەی بەڕێکەوت بۆ ڕزگار کردنی (بیت المقدس) ؛ تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەر موسا وهارونی برای وئەوەی تەمەنی چل ساڵ زیاتر بوو لە سەردەمی ئەو سەرگەردانییەی نەوەکانی ئیسرائیل مردن ، دوای ئەوەی چل ساڵەکە تێپەڕی یوشعی کوڕی نون عليه السلام بەرەنگاریان بوویەوە ، دوای پێغەمبەر موسا عليه السلام ئەو بوو بە پێغەمبەر ، لە ڕۆژی هەینی ویستی (بیت المقدس) ڕزگار بکات ، خۆر نزیك بوویەوە لە ئاوابوون ، ترسا لەوەی شەوی شەممەیان بەسەردا بێت ، کە حەرامکرا بوو لەسەریان کاروکردەوەی تێدا ئەنجام بدەن ، بانگی خۆری کرد وفەرمووی : من فەرمانم پێکراوە وتۆش فەرمانت پێکراوە ، خۆر وەستا هەتاکو شارەکەیان ڕزگار کرد .

﴿۞وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ٢٧﴾ بەسەرهاتی ڕاستی دوو کوڕەکەی پێغەمبەر ئادەمیان عليه السلام بەسەردا بخوێنەرەوە کە هەریەکەیان قوربانییەکیان کرد ، لە یەکێکیان وەرگیرا ولە ئەوی تریان وەرنەگیرا ، ئەوەیان کە قوربانییەکەی وەرنەگیرا گوتی : بێگومان دەتکوژم ، ئەوی تریان گوتی : بێگومان خودا لە پارێزکارە لە خودا ترسەکان قوربانی وەردەگرێت .

ئیبن کەسیر دەڵێت : هەندێك لە زانایانی سەلەف وزانایانی سەردەمانی دوایش دەڵێن : خودا حەڵاڵی کردبوو بۆ ئادەم کچەکانی لە کوڕەکانی مارە بکات لەبەر پێویستی حاڵیان بەو هاوسەرگیرییە ، هەرجارێك کە حەوای خێزانی منداڵی دەبوو کوڕێك وکچێکی دەبوو ، کچەکانی ئەم سکەی لە کوڕەکانی سکەکەی تر مارە دەکرد ، خوشکی سکەکەی هابیل جوان نەبوو ، وخوشکی سکەکەی قابیل جوان بوو ، ویستی بۆ خۆی مارەی بکات ، پێغەمبەر ئادەم ﷺ بەوە ڕازی نەبوو هەتاکو هەریەکە قوربانییەك نەکەن ، هەرکامیان قوربانییەکەی وەرگیرا خوشکە جوانەکەیان بۆ ئەوەیە ، هەریەکە وقوربانییەکیان کرد ، قوربانییەکەی هابیل وەرگیرا وئەوەی قابیل وەرنەگیرا ؛ جمهوری زانایان بۆچوونیان وایە ئەو دوو کوڕەی باسکراون کوڕی پێغەمبەر ئادەمن ﷺ نەوەك کوڕەزای ، وناوی قابیل وهابیل لە سوننەتی صەحیحدا نەهاتووە ، بەڵکو لە ئیسرائیلیاتەوە وەرگیراوە ، تەبەری لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : یاساغیان لێکرا بوو براکان خوشکە دووانەکەی خۆیان مارە بکەن ، وفەرمانیان پێکرا بوو مارەی بکەن لە براکانی تریان کە دووانە نەبوو لەگەڵیان ، ولە هەموو سکێکدا خودا کوڕێك وکچێکی پێدەبەخشین ، کچی سکێکیان جوان نەبوو ، وکچی سکەکەی تری جوان بوو ، برا دووانەی کچە ناشیرینەکە بە برا دووانەی کچە جوانەکەی گوت : خوشکەکەتم لیٚ مارە بکە ، ومنیش خوشکەکەی خۆمت لیٚ مارە دەکەم ، گوتی : من لە پێشترم بۆ مارەکردنی خوشکەکەم ، هەریەکە قوربانیەکیان کرد ، یەکێکیان بەرانێکی کرد بە قوربانی ، ئەوی تریان دەغڵودانی کرد بە قوربانی ، قوربانی خاوەن بەرانەکە وەرگیرا وقوربانی ئەوی تریان وەرنەگیرا ؛ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ﴿فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ﴾ کام لەو دوو برا قوربانییەکەی وەرگیراوە ؟ خودا لە هابیلی

وەرگرت ، بەڵام چۆن زانرا قوربانییەکەی وەرگیراوە ؟ ئاگرێك لە ئاسمانەوە هاتووە وسووتاندوویەتی ، یان بە هۆی نیشانەی ترەوە بووە .

﴿لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾﴾ ئەگەر تۆ دەستم بۆ درێژ بکەیت وبمکوژیت ، ئەوا من دەست بۆ تۆ درێژ ناکەم وناتکوژم ، بێگومان من لە خودای پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکان دەترسم .

﴿إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾﴾ بێگومان من دەمەوێت بە تاوانەکانی خۆم وخۆتەوە بگەڕێیتەوە بۆ لای خودا ، بەوەش لە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخ دەبیت ، ئەوەش پاداشتی ستەمکارانە .

﴿فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٣٠﴾﴾ نەفسی هانیدا بۆ کوشتنی براکەی وکوشتی ، ئیتر چووە ڕیزی کەسانی دۆڕاو وزیانبارانەوە .


لەم ئایەتانەدا بەڵگەی خراپی تاوان وئیرەیی بردنی تێدایە کە دەبنە هۆکاری ئەوەی خاوەنەکەی دەستی بچێتە خوێن وتووشی تاوانی گەورە ببێت ، وبچێتە ڕیزی ئەو کەسانەی دۆڕاو وزیانمەندی دونیا وقیامەتن ، ﴿أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ﴾ کەسی بکوژ تاوانەکەی ئاشکرایە ولە گەردنیەتی ، بەڵام ئەی تاوانی کوژراوەکە بۆچی لە گەردنی بکوژەکەیە ؟ ئەگەر براکەی نەکوشتایە سەلامەت دەبوو لە تاوان ، بەڵام بە هۆی کوشتنەکەوە خۆی تووشی تاوان بوو ، وتاوانی کوشتنی براکەی کەوتە ئەستۆی ، ﴿مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِۚ﴾ ئایا ئەمە مانای بە هەمیشەیی مانەوەیە لە ئاگردا ؟ وەك لە سورەتی

(النساء)دا ئاماژەمان بۆ کرد لە مەزهەبی ئەهلی سوونەتدا بە تاوانی گەورە خەڵك کافر ناکەن ، بۆیە هەموو تاوانێك جگە لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خودا دەشێت خودا لە خاوەنەکەی خۆشببێت ، بەڵام خەواریجەکان بە تاوانی گەورە موسڵمان کافر دەکەن ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ نەفسێك نییە بە ستەم بکوژرێت ئیللا بەشێك لە تاوانی لەسەر کوڕەکەی پێغەمبەر ئادەمە عليه السلام ، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە کوشتنی داهێنا ؛ وئەبوداود لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر کەسێك هاتە ماڵەوە بیەوێت بم کوژێت ؟! پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : وەك کوڕە باشەکەی پێغەمبەر ئادەم بە عليه السلام ؛ ویەزید یەکێکە لەو کەسانەی فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ﴾ ، وترمزی وئیبن ماجە لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە کاتی ئاشوب وفیتنەدا تیروکەوانەکانتان بشکێنن وژێیەکانی بپچڕێنن ، ولە ماڵەکانتاندا بمێننەوە ، وەك کوڕە باشەکەی پێغەمبەر ئادەم بن عليه السلام .

﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابٗا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِۚ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ ٣١﴾
خودا قەلەڕەشێکی نارد بە دەنووك وپێیەکانی چاڵی لە زەوی هەڵکەند ، بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە چۆن عەورەتی براکەی داپۆشێت ، گوتی : ئەی هاوار تیاچوون بۆ من ، چۆن

من نەمزانی ونەتوانکار بووم وەك ئەو قەلەڕەشە بکەم وعەورەتی براکەم داپۆشم ، ئیتر چووە ڕیزی ئەوانەی کە پەشیمانن .

ڕشتنی خوێن بە ناڕەوا یەکێکە لە تاوانە گەورە لە ناوبەرەکان ، بوخاری لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەردەوام موسڵمان لە فراوانی ئاینەکەیدایە ، هەتاکو خوێنی حەرام نەڕێژێت ودەستی نەچێتە خوێنی خەڵك بە ناڕەوا ؛ وبوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : یەکەم شتێك کە دادگەری لەسەر دەکرێت لە نێوان خەڵکدا لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر خوێنە ؛ ئیبن جەوزی دەڵێت : ﴿فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ﴾ ئەگەر گوترا : مەگەر پەشیمان بوونەوە تەوبە نییە ؟ ئەی ئیتر بۆچی لێی قەبوڵ نەکرا ، ئەوە چوار وەڵامی هەیە : یەکەم : دەشێت پەشیمان بوونەوە بۆ ئوممەتەکانی پێش خۆمان تەوبە نەبوو بێت ، وەك چۆن بۆ ئەم ئوممەتە تەوبەیە ، دووەم : پەشیمان بوو لەوەی بە کۆڵی خۆیدا دابوو نەوەك لە کوشتنەکەی ، سێیەم : پەشیمان بوو لەوەی نەیزانی چاڵی بۆ هەڵکەنێت وداپۆشێت ، چوارەم : پەشیمان بوو بۆ لە دەست چوونی براکەی ، نەوەك ئەنجامدانی تاوانەکە ؛ تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : یەك ساڵ براکەی بەسەر شانییەوە بوو لە تورەکەیەکدا نەیدەزانی چی لێ بکات ، هەتاکو خودا دوو قەلەڕەشی نارد بۆلای زەوییان چاڵکرد وهەڵیانکۆڵی ، گوتی : ﴿أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ﴾ پاشان براکەی ناشت ، وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : خودا دوو قەلەڕەشی نارد بۆ لای وبوو بە شەڕیان ، یەکێکیان ئەوی تریانی کوشت ، پاشان خۆڵی کرد بەسەریدا


الجُزءُ السَّادِسُ سُورَةُ المَائِدَةِ

مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ
نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ
ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ
جَمِيعٗاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا
مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ ٣٢ إِنَّمَا
جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي
ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ
وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ
لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ
٣٣ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ فَٱعۡلَمُوٓاْ
أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣٤ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ
ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ
لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣٥ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ أَنَّ لَهُم
مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفۡتَدُواْ بِهِۦ مِنۡ
عَذَابِ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنۡهُمۡۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٣٦

١١٣

هەتاکو تەواو داپۆشی ، کوڕە بکوژەکەی ئادەم گوتی : ﴿يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ﴾ .

﴿مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ ٣٢﴾ لەبەر ئەو کوشتنە ناڕەوایەی کوڕەکەی پێغەمبەر ئادەم لە لایەن براکەیەوە ، لەسەر نەوەکانی ئیسرائیلمان پێویست کرد هەرکەسێك کەسێك بەبێ ئەوەی کەسی کوشتبێت بکوژێت یان بشێوی بنێتەوە لەسەر زەوی ، وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی کوشتبێت ، وهەرکەسێك کەسێکی تر لە مردن ڕزگار بکات وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی زیندوو کردبێتەوە ، بێگومان ئێمە پێغەمبەرانمان بە بەڵگەی ڕوون وئاشکرا بۆ ڕەوانە کردوون ، لە دوای ئەوەش زۆربەیان لەسەر زەوی سنور بەزێن بوون وبە ناڕەوا خوێنی خەڵکیان دەڕشت .

ئەم ئایەتە ترسناکی ڕشتنی خوێن بە ناڕەوا ، وهەروەها گرنگی ئیسلام بە خوێن وپارێزگاری لێکردنی دەردەخات ، شایانی باسە ئەو کوشتنە تەنها بۆ موسڵمان نییە بەڵکو بێباوەڕانیش ئەگەر تاوانێك نەکەن کە شایانی کوشتنبن یان لە شەڕدا نەبێت نابێت بکوژرێن ، بوخاری لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك کەسێك لەوانە بکوژێت کە بەڵێن وپەیمانیان لەگەڵ موسڵمانان هەیە ، بۆنی بەهەشت ناکات ، کە بۆنەکەی لە دووری چل ساڵ ڕۆژە ڕێوە هەستی پێدەکرێت ؛ بەڵام بێگومان کوشتنی موسڵمان بە ناڕەوا تاوانی گەورەترە ، نەسائی وترمزی لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ڕووخان وتێکچوونی هەموو دونیا لای خودا ﷻ تاوانی کەمترە لە ڕشتنی خوێنی موسڵمانێك بە ناڕەوا ؛ وبەیهەقی لە بەرائی کوڕی عازبەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر دانیشتووانی ئاسمانەکان وزەوی بەشداربن لە ڕشتنی خوێنی باوەڕدارێك خودا هەموویان فڕێ دەداتە ئاگری دۆزەخەوە ؛ ﴿أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : خودا ﷻ خراپەکاری بە ڕەهایی باسکردووە ، ومەبەست لەو خراپە وبشێوییەیە کە خراپەکەی گشتگیرە ومەبەست خراپەکاری تایبەت نییە ، ئەگەر کەسێك دوکانی کەسێکی تر بسوتێنێ ، ئەمە خراپەکاری وبشێوی نانەوەیە بەڵام بە هۆی ئەو کردارەوە ناکوژرێت ، بەڵکو مەبەست خراپە وبشێوی گشتییە ، وەك : ئەو چەتانەی کە ڕێگا لە خەڵك دەگرن وسامانی خەڵك داگیر دەکەن بە زۆری چەك ، ئەو کەسانە گومانی تێدا نییە خراپەکارن وبشێوییان لەسەر زەوی ناوەتەوە ؛ ﴿فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾ شەوکانی دەڵێت : ڕاڤەکاران ناکۆکن لە

چۆنییەتی ئاراستەکردنی ئەوەی کە کەسێك مرۆڤێك بکوژێت چۆن سزای وەك کەسێکە هەموو خەڵکی کوشتبێت ، تەبەری لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : مانای ئەوەیە هەرکەسێك پێغەمبەرێك یان پێشەوا وکاربەدەستێکی دادگەر بکوژێت ، وەك ئەوەیە هەموو خەڵکی کوشتبێت ، وهەرکەس ڕزگاری بکات بەوەی سەری بخات وپاڵپشتی بکات وەك ئەوەیە هەموو خەڵکی ژیاندبێتەوە ، ولە موجاهیدەوە ڕیوایەت کراوە دەڵێت : مانای ئەوەیە هەرکەسێك باوەڕدارێك بە ئەنقەست بکوژێت خودا سزای دەدات بە ئاگری دۆزەخ وتوڕەیە لێی ونەفرەتی لێدەکات وسزایەکی سەختی بۆ ئامادە کردووە ، ئەگەر هەموو خەڵکیشی بکوشتایە سزاکەی هەر ئەوەندە بوو ، وئیبن زەید دەڵێت : مانای ئەوەیە هەرکەسێك کەسێك بکوژێت تۆڵە لێکردنەوە وسزادانی وەك کەسێکە هەموو خەڵکی کوشتبێت ، وگوتراوە : هەرکەسێك باوەڕدارێك بکوژێت هەموو باوەڕداران دەبنە دوژمنی ، وگوتراوە : هەرکەسێك کوشتنی کەسێك حەڵاڵ بکات ، وەك ئەوەیە خوێنی هەمووانی حەڵاڵ کردبێت ، چونکە نکولی شەرعی کردووە ؛ ئیبن سەعد لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : چووم بۆ لای پێشەوا عوسمان ﷺ ئەو کاتەی خەوارجەکان لەماڵەکەی خۆیدا گەمارۆیان دابوو ، پێم گوت : هاتووم بۆ سەرخستن وپشتیوانیت ، بێگومان کوشتنی ئەو خراپەکارانەم پێ خۆشە ئەی پێشەوای باوەڕداران ، گوتی : ئەی ئەبوهورەیرە ، ئایا پێت خۆشە هەموو خەڵك ومنیش لەگەڵیاندا بکوژیت ؟! ، گوتم : نەخێر ، گوتی : ئەگەر تۆ کەسێك بکوژیت بێگومان وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکت کوشتبێت ، فەرموو من ڕوخسەتی ڕۆشتنەوەت پێدەدەم ، وپاداشتت دەستگیر دەبێت وتاوانبار نابیت ، منیش گەڕامەوە وشەڕم نەکرد .

﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣﴾ بێگومان پاداشتی ئەو کەسانەی دژایەتی خودا وپێغەمبەرەکەی دەکەن وهەوڵی نانەوەی بشێوی وتێکدان دەدەن لەسەر زەوی ئەوەیە : بکوژرێن ، یان لە خاچ بدرێن ، یان دەست وپێیان بە چەپ وڕاست ببڕدرێت ، یان لەو سەر زەمینە دوور بخرێنەوە ، ئەو کەسانە لە دونیا سەرشۆڕ وڕیسوان ، ولە دواڕۆژیش دا سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە .

ئەم ئایەتە بە ئایەتی (المحاربة) بە ناوبانگە ، زانایان ناکۆکن لە چۆنییەتی پیادەکردنی ئەو سزایانەی لە ئایەتەکەدا باسکراوە ، هەندێك دەڵێن : لە دەسەڵاتی کاربەدەستانە جێبەجێ کردنی ئەو سزایانە وسەرپشکن ، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی موسڵمانان وحاڵی تاوانبارەکان کام سزایان بە شایستە بزانێت بە سەریاندا دەسەپێنێت وئەم بۆچوونە پەسەندترە ، وهەندێکی تریان دەڵێن : ﴿أَوۡ﴾ بۆ دیاری کردنی جۆری سزاکەیە نەوەك بۆ سەرپشك کردن ، وئەم سزایانە بەپێی جۆری تاوانەکە دەگۆڕێت ، هەرکەسێك خەڵك بکوژێت وسامانیان داگیر بکات ، دەکوژرێت ولە خاچ دەدرێت ، وهەرکەس خەڵك بکوژێت وسامانی خەڵك نەبات دەکوژرێت ولە خاچ نادرێت ، وئەگەر سامانیان ببەن ونەیان کوژن دەست وپێیان بەچەپ وڕاست دەبڕدرێت ، وئەگەر تەنها خەڵك بترسێنن وخەڵك نەکوژن وسامانیان نەبەن ، لەو ناوچەیە دوور دەخرێنەوە ، نەسائی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەو ئایەتە کە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ دەربارەی هاوبەش

بڕیاردەران دابەزیوە ، هەرکەسێکیان تەوبە بکات پێش ئەوەی دەستگیر بکرێن ، ئەوا خودا لێی خۆش دەبێت ، وئەم ئایەتە بۆ موسڵمان نییە ، ئەگەر موسڵمانێك خەڵك بکوژێت وئاشوب وبشێوی بنێتەوە لەسەر زەوی ، ودژایەتی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ بکات ، پاشان پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت پەیوەندی بکات بە بێباوەڕانەوە ، ئەوە نابێتە ڕێگری ئەوەی ئەو سزا حەددەی لەسەری پێویستە بەسەریدا جێبەجێ نەکرێت ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : کەسانێك لە (عكل) و(عرينة) هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وموسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند ، گوتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئێمە خەڵکی ئاژەڵ دارین وکشتوکاڵ نازانین ، وسکاڵای گەرمی شاری مەدینەیان کرد ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی کرد نزیکەی دە حوشتریان پێدان ، وشوانێکی لەگەڵ ناردن ، وفەرمانی کرد لە مەدینە دەربچن ، لە شیر ومیزی ئەو حوشترانە بخۆنەوە ، ڕۆیشتن لە (الحرة)ی دەوروبەری مەدینە مانەوە ، لە ئیسلامەتیەکەیان پاشگەز بوونەوە ، شوانەکەی پێغەمبەری خودایان ﷺ کوشت وحوشترەکانیان برد ، هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خودا ﷺ ناردی بە شوێنیاندا ، لە ڕیوایەتی مسلمدا هاتووە : چاویانی بە بزماری گەرم کراو ڕەشت وکوێری کردن لەبەر ئەوەی ئەوان بەو شێوەیە چاوی شوانەکەیان دەرکردبوو ، ولە ڕیوایەتی ئەبوداود هاتووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : خودا لەو بارەیەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا﴾ ؛ وئەبوداود ونەسائی لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کەسانێك دایان بەسەر حوشترەکانی پێغەمبەری خودادا ﷺ ودایانلەبەر ولە ئیسلام هەڵگەڕانەوە وشوانە باوەڕدارەکەی پێغەمبەری خودایان ﷺ کوشت

، پێغەمبەری خودا ﷺ ناردی بە دوایاندا ، دەست وپێی برین وچاویانی بە بزماری گەرم کراو کوێر کرد ، وئایەتی (المحاربة)یان لەسەر دابەزی .

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣٤﴾
جگە لەوانەیان کە تەوبە دەکەن وپەشیمان دەبنەوە پێش ئەوەی دەستتان بچێت بەسەریاندا ودەستگیریان بکەن ، بزانن بێگومان خودا لێخۆش بوو وپۆشەری تاوان وبە بەزەییە .

ئیبن قەیم دەڵێت : ئەوەی کە چەتە تەوبە بکات پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت لێی وەردەگیرێت ولەکەسانی تر وەرناگیرێت ، لە کوێی دەقەکانی شەرعدا ئەو جیاوازییە هاتووە ؟ وئەوەی دەفەرموێت : تەوبەی چەتە وڕێگر وەردەگیرێت پێش ئەوەی دەستگیر بکرێن بۆ ئەوەیە کە ئاگاداری بداتە موسڵمانان تەوبەی کەسانی تر لە پێشترە وەربگیرێت ، چونکە ئەگەر تەوبە ئەو حەددەی لەسەر لابدات لەگەڵ ئەوەی زیانی زۆرە وتاوانێکی گەورەیە ، ئەوا بێگومان تاوانێك لە چەتەیی کەمتر بێت شایانترە تەوبەی خاوەنەکەی وەربگیرێت ؛ وقورتبی دەڵێت : زانایان کۆدەنگن کە کاربەدەستان دەبنە بەرپرس وکەسوکاری ئەو کەسانەی کە چەتەکان برا یان باوکیان دەکوژن ، وکەسوکاری کوژراوەکە بۆیان نییە داوای خوێن لە چەتەکان بکەن ، وهەروەها بۆیان نییە لێیان خۆشبن وبیبانبەخشن ، بەڵکو ئەوە ئیشی کاربەدەستانە ، وئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەم ئایەتە سودی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەو کەسە تاوانبارانە ئەگەر تەوبە بکەن پێش ئەوەی دەستگیر بکرێن حەددەکەیان لەسەر دەکەوێت ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ، واتە : ئەگەر ئەوەتان زانی لێیان خۆشبن ، وئایا ئەو لێخۆشبوونە بە ڕەهاییە ؟ واتە : ئەگەر مافی خەڵکیشیان پێشێل کردبوو بە کوشتن وبریندار کردن

وبردنی سامانیان لێخۆشوونیان بۆ هەیە ؟ یان تایبەتە بە مافەکانی خوداوە ؟ دووەمیان دروست ترە ، چونکە مافی مرۆڤەکان دەبێت بۆیان بگەڕێتەوە ، بەڵام سەعدی دەڵێت : ﴿فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ واتە : ئەوەی مافی خودایە سزا نادرێن لەسەری ، وهەروەها مافی مرۆڤەکانیش ئەگەر چەتەکان بێباوەڕ بوون پاشان موسڵمان بوون سزا نادرێن ، بەڵام ئەگەر چەتەکان موسڵمانبن ئەوا مافی مرۆڤەکانی لێ وەردەگیرێتەوە ، ئەگەر خەڵکیان کوشتبێت دەکوژرێت وئەگەر سامانیان بردبێت لێیان وەردەگیرێتەوە .


﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣٥﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە پارێزکاربن ولە خودا بترسن ، وهەموو کردار وهۆکارێك بگرنە پێش کە دەتانگەیەنێت بە ڕەزامەندی خودا ، وجیهاد بکەن وتێبکۆشن لە پێناوی خودا بەڵکو لەو کەسانەبن کە سەرفراز دەبن .

راغبی ئەصفەهانی دەڵێت : ﴿ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ گەیشتنە بە شتێك بە حەزەوە ، ولە (الوصیلە) تایبەت ترە ، چونکە مانای حەزی تێدایە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ کە مانای ڕاستەقینەی وەسیلە ڕەچاوکردنی ئاینەکەی خودایە بەکردار وبە گوفتار ، وخۆڕازاندنەوە بە خووڕەوشتە بەرز وجوانەکان ؛ ئیبن کەسیر لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە دەڵێت : ﴿ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ کرداری چاکەیە بۆ نزیك بوونەوە لە خودا ، وئیبن عوسەیمین دەڵێت : ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ واتە: هەوڵی نزیك بوونەوە بدەن لە خودا سبحانه وتعالى ، بەڵام هەندێك لارِێ دەڵێن : مەبەست لە ﴿ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ پیاو چاکە یان پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم یان پلەوپایەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم یان پلەوپایەی پیاو چاکە ، ئەمەش هیچ بنەمایەکی نییە

، بەڵکو ﴿ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ کردارێکە کە دەتگەیەنێت بە خودا ونزیکت دەکاتەوە لێی ، بۆ نموونە : نوێژ هۆکاری نزیك بوونەوەیە لە خودا ﷻ ؛ وجێگای باسە (الوسیلە) ناوە بۆ بەرزترین پلە لە بەهەشتدا ، ئەوەش جیاوازە لەم باسە ، بوخاری لە جابرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك بانگی بیست بڵێت : ((اللَّهُمَّ ربَّ هذه الدَّعْوة التَّامَّة ، والصَّلَاة الْقَائمة، آت مُحَمَّدًا الْوسيلَةَ والْفَضيلَةَ ، مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذي وعَدْتَه)) ئەوا بێگومان شەفاعەتی منی بۆ حەڵاڵ دەبێت ؛ ومسلم لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر بیستتان بانگ بێژ بانگی دەخوێند ، ئەوەی دەیڵێت ئێوەش بیڵێنەوە ، پاشان سەڵاواتم لەسەر بدەن ، چونکە هەر کەسێك سەڵەواتێکم لەسەر بدات خودا دە سەڵەواتی لەسەر دەدات ، پاشان داوای (الوسیلە)م لە خودا بۆ بکەن ، چونکە ئەوە پلەوپایەیەکە لە بەهەشتدا تەنها بۆ یەك بەندە لە بەندەی خودایە ، وئومێدم هەیە من ئەو بەندەیەبم ، هەرکەسێك داوای (الوسیلە)م بۆ بکات شەفاعەتی منی بۆ حەڵاڵ دەبێت .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفۡتَدُواْ بِهِۦ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنۡهُمۡۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٣٦﴾ بێگومان ئەو کەسانەی بێباوەڕ بوون ئەگەر هەموو ئەوەی لەسەر زەوی هەیە موڵکیان بێت وئەوەندەی تریش ، بە فیدییە بیدەن بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە سزای ڕۆژی قیامەت لێیان وەرناگیرێت ، وبۆ ئەوان سزایەکی بە ئێش وئازار هەیە .

بوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا بەو کەسەی سووکترین سزا دەدرێت لە ڕۆژی قیامەتدا


الجزء السادس　　　سورة المائدة

يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَاۖ
وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ٣٧ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ
أَيْدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ
حَكِيمٌ ٣٨ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعْدِ ظُلْمِهِۦ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ
يَتُوبُ عَلَيْهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ٣٩ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ
لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغْفِرُ
لِمَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ٤٠ ۞ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْكُفْرِ مِنَ
ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفْوَٰهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْۛ وَمِنَ
ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوْمٍ
ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦۖ
يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ
فَٱحْذَرُواْۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ
شَيْـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمْ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْۚ لَهُمْ
فِي ٱلدُّنْيَا خِزْيٌۖ وَلَهُمْ فِي ٱلْأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٤١

١١٤

دەفەرموێت : ئایا ئەگەر دونیا وهەموو ئەوەی تیایدایە موڵکی تۆ بووایە بە فیدییەت دەدا بۆ ئەوەی خۆت لەم سزایە پێ ڕزگار بکەیت ؟ دەڵێت : بەڵێ ، دەفەرموێت : من زۆر لەوە ئاسانترم لێ داوا کردیت کاتێك لە پشتی ئادەمدا بوویت عليه السلام ، ئەویش ئەوە بوو کە : هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەیت ، بەوەش لە ئاگر ڕزگارت دەبوو ، بەڵام تۆ ئەوەت ڕەت کردەوە وهاوبەشت بۆ بڕیاردام .

﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَاۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ٣٧﴾ دەیانەوێت لە ئاگری دۆزەخ دەربچن ورِزگاریان ببێت ، ولێی دەرناچن وتیایدا دەمێننەوە ، وسزایەکی بەردەوامی نەبڕاوەیان بۆ هەیە .

ومسلم لە جابرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : کەسانێك لە دۆزەخ دەردەچن ودەچنە بەهەشتەوە ، یەزیدی فەقیر دەڵێت : گوتم ئەی جابر ، خودا دەفەرموێت : ﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَاۖ﴾ ، گوتی : ئایەتەکەی پێش ئەم ئایەتە بخوێنەرەوە : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ﴾ ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە بێباوەڕ بوون ؛ وئیبن

حبان لە جابرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : بیستم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بە گوێکانم وبە دەستی ئاماژەی بۆ هەردوو گوێی کرد ، فەرمووی : کەسانێك لە دۆزەخ دەردەچن ودەچنە بەهەشتەوە ، کەسێك پێی گوت : خودا دەفەرموێت : ﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَاۖ﴾ ، جابر رضي الله عنه گوتی : ئێوە ئایەتێك کە بۆ کەسانێکی تایبەت دابەزیوە بەسەر هەمووواندا دایدەبەزێنن ، ئەمە بۆ بێباوەڕانە ، ئایەتەکەی پێشی بخوێننەوە ، پاشان ئەم دوو ئایەتەی خوێندەوە : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٣٦ يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَاۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ٣٧﴾ .

﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ٣٨﴾ پیاو یان ژن ئەگەر دزییان کرد دەستیان ببڕن ، لە پاداشتی ئەو کردەوەیان وەك سزا وتەمێ کردنێك لە خوداوە ، خودا باڵا دەست ودانای کار لەجێیە .

دزی کردن بریتیە لە بردنی سامانی کەسانی تر بە شاراوەیی لە شوێنێکدا کە سامانەکەی تێدا پارێزراو بێت ، ویەکێکە لە تاوانە گەورەکان ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : زیناکار ئەو کاتەی زینا دەکات باوەڕی نییە ، ودز ئەو کاتەی دزی دەکات باوەڕی نییە ؛ وبوخاری لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەفرەتی خودا لەو کەسەی دزی دەکات ، هێلکەیەك دەدزێت دەستی دەبڕن ، وپەتێك دەدزێت

دەستی دەبڕن ؛ قورتبی دەڵێت : هەموو زانایان بۆچوونیان وایە کە دەست لە مەچەکەوە دەبڕدرێت ، نەوەك ئەوەی موبتەدیعەکان پەنجەکانی دەستی دز دەبڕن وپەنجە گەورەکەی دەهێڵنەوە ، ونەوەوی دەڵێت : شافعی وئەبوحەنیفە ومالك وجمهوری زانایان دەڵێن : دەست لە مەچەکەوە دەبڕدرێت ، کە بریتییە لەو جومگەیەی کە لە نێوان لەپی دەست وبازووی دەستدایە ، وئایا هەموو دزێك بە ڕەهایی دەستی دەبڕدرێت یان دەبێت ئەندازەیەکی دیاری کراو سامان بدزێت ئینجا دەستی دەبڕدرێت ؟ بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دەستی دز دەبڕدرێت ئەگەر چارەکە دینارێکی زێڕ وزیاتری دزی ؛ ودیسان بوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەستی دزێکی بڕی کە قەڵغانێکی دزی بوو نرخەکەی سێ درهەمی زیو بوو ؛ کە هەمان بەهای چارەکە دینارە زێڕەکەیە ، چونکە لەو سەردەمانە دوازدە درهەمی زیو یەك دیناری زێڕ بووە ، کە دینارێکیش مسقاڵێك زێڕە ، بەڵام ئەگەر لەو بڕە کەمتر بدزێت دوو هێندەی پێدەبژێردرێت وچەند دارێکی جەڵدیشی لێدەدرێت ، نەسائی لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : کەسێك لە (مزینة) هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، کەسێك مەڕێك بدزێت لە لەوەڕگاکەی لە شاخ ؟ فەرمووی : ئەو مەڕە ومەڕێکی وەك خۆی لێ دەسەندرێت ، وسزا دەدرێت وتەمێ دەکرێت ، ولە دزینی هیچ ئاژەڵێکدا دەست بڕین نییە ، جگە لەو ئاژەڵانەی لە پەچەکانیاندا دەدزرێن ، ئەگەر نرخەکەی نرخی قەڵغانێك بێت ، ئەوکاتە دەستی دەبڕدرێت ، وئەگەر نەگاتە نرخی قەڵغانێك دوو هێندەی پێدەبژێردرێت وچەند جەڵدەیەکی لێ دەدرێت وەك سزا وتەمێ کردن ، گوتی : ئەی

پێغەمبەری خودا ﷺ : ئەی ئەگەر کەسێك بەروبوومی هەڵواسراو بدزێت حوکمی چییە ؟ فەرمووی : دوو هێندەی پێدەبژێردرێت وتەمێ دەکرێت ، ودزینی بەروبوومی هەڵواسراو دەستی لەسەر نابڕدرێت ، هەتاکو لە کۆگا دادەنرێت ، وئەوەی لە کۆگا شت دەدزێت ئەگەر بگاتە نرخی قەڵغانێك دەستی لەسەر دەبڕدرێت ، وئەگەر نرخەکەی نەگەیشتە نرخی قەڵغانێك دوو هێندەی بەهاکەی پێدەبژێردرێت وچەند جەڵدەیەکیشی لێدەدرێت .

﴿فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ٣٩﴾ هەرکەسێك لەو دزانە تەوبە بکات دوای ئەو ستەمەی لە خەڵکی کردووە ونەفسی خۆی چاك بکات وچاکە ئەنجام بدات وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بکات ، بە دڵنیاییەوە خودا تەوبەی لێ وەردەگرێت ، بێگومان خودا لێخۆش بوو وپۆشەری تاوانە وبە بەزەییە .


ئەحمەد لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئافرەتێك لە سەردەمی پێغەمبەری خودا ﷺ دزی کرد ، ئەو کەسانەی کە دزی لێ کردبوون هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ گوتیان : ئەم ئافرەتە دزی لێ کردووین ، کەس وکاری ئافرەتەکە گوتیان : ئێمە فیدییەی بۆ دەدەین ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دەستی ببڕن ، کەس وکارەکەی گوتیان : ئێمە پێنج سەد دینار فیدیەی بۆ دەدەین ، فەرمووی : دەستی ببڕن ، دەستی ڕاستیان بڕی ، ئافرەتەکە گوتی : ئایا تەوبەم بۆ هەیە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی : تۆ ئەمڕۆ لەو تاوانەت پاك بوویتەوە وەك ئەو ڕۆژەی لە دایك بووی ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ٣٩﴾ .

﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤٠﴾﴾ مەگەر نازانی کە هەموو ئاسمانەکان وزەوی مولکی خودایە ؟ سزای دەدات هەرکەسێك کە بیەوێت وخۆش دەبێت لە هەرکەسێك کە بیەوێت ، وخودا توانا وبەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا .

﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِأَفْوَٰهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ ۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ ۛ سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوْمٍ ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ۖ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَٱحْذَرُوا۟ ۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمْ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٤١﴾﴾ ئەی پێغەمبەری خودا خەمبار ودڵتەنگت نەکەن ئەو کەسانەی بە پەلەن بۆ هەڵبژاردنی بێباوەڕی ، ئەوانەی بە زارەکی گوتیان : باوەڕمان هێناوە ، بەڵام لە دڵەوە باوەڕیان نەهێنا بوو ، وهەروەها هەندێك لە جوولەکەکان کە زۆر گوێ بۆ درۆ ودەلەسەی دەم سپییەکانیان دەگرن وگوێ بۆ کۆمەڵە کەسانێك دەگرن کە نەهاتوون بۆ لای تۆ لەبەر خۆبەگەورە زانینیان ، مانا ومەبەستی فەرموودەی خودا لە تەوراتدا دەگۆڕن وتێکی دەدەن ولێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن ، دەڵێن : ئەگەر محمد حوکمی لێدانی جەڵدەی بۆدانان لە بری ڕەجم کردن وەری بگرن ، وئەگەر حوکمێکی تری بۆدانان وریابن ، ئەگەر کەسێك خودا بیەوێت تووشی گومڕایی بکات تۆ هیچت لای خودا پێناکرێت بۆی ، ئەوانە کەسانێکن خودا نەیویست دڵەکانیان پاك بکاتەوە ، لە دونیادا ڕیسوا وسەرشۆڕن ، ولە دوارۆژیشدا سزایەکی زۆر گەورە وسەختیان بۆ هەیە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دڵ جێگای باوەڕە ، وکەسێك ئەگەر باوەڕ لە دڵیدا نەبێت قسەی زارەکی سودی پێناگەیەنێت ، بەڵکو ئەو کەسانەی کە بەو شێوەیەن کەسانێکی دووڕوون وسزایان لەکەسانێکی بێباوەڕ سەختترە ، ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟﴾ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : مانای ئەوەیە لە تاوان وخراپەکاری پەشیمان بووینەوە ودەستمان هەڵگرت وبۆلای تۆ گەڕاینەوە ، و(الیهود) خۆ دانەپاڵ (یهوذا)ی باوکیانە ؛ وهەندێك لە جوولەکەکان خۆش باوەڕ بوون بە هەموو درۆیەکی زانا وحاخامەکانیان وباوەڕیان دەکرد ، وکەسانێکی لووت بەرز وخۆ بە گەورە زانیان تێدا بوو نەدەهاتن بۆ کۆڕی پێغەمبەری خودا ﷺ ، ڕاستییەکانیان ئاوەژوو دەکرد وفەرموودەی خودایان دەگۆڕی وماناکەیان تێکدەدا ، وئەم ئایەتە هەڕەشەی ئەوەی تێدایە بۆ موسڵمانانیش کە ئەگەر مانا ومەبەستەکانی قورئان وسوننەت تێك بدەن ولێکدانەوەی پێچەوانەی مەبەستی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ بۆ بکەن هاوشێوەی جوولەکانن لەو سیفەتەدا ، وکەسانێك ئەگەر ئەوە سیفەتیان بێت خودا تووشی گومڕایی وڕاڕایان دەکات ولە دونیادا ڕیسوا وسەرشۆڕیان دەکات ولە دوارۆژیشدا ڕووبەڕووی سزای سەختی خودا دەبنەوە ، مسلم لە بەرائی کوڕی عازبەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : جوولەکەیەکیان بەلای پێغەمبەری خودادا ﷺ تێپەڕاند وڕوخساریان ڕەش کردبوو ، وجەڵدەیان لێدا بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ بانگی کردن ، فەرمووی : ئایا حوکمی ئەو کەسەی زینا بکات لە کتێبەکەتاندا بەو شێوەیە ؟ گوتیان : بەڵێ ، بانگی کەسێکی لە زاناکانیان کرد وپێی فەرموو : سوێندت دەدەم بە خودا کە تەوراتی دابەزاندووەتە سەر پێغەمبەر موسا عليه السلام ، ئایا حوکمی ئەو کەسەی زینا بکات لە کتێبەکەتاندا بەو شێوەیە ؟ گوتی : نەخێر ، وئەگەر سوێندت نەدابام بە خودا ئەو ڕاستییەم بۆ باس نەدەکردیت ! ، بەڵام لەبەر ئەوەی

کەسانی خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵایەتی زیناکارییان تیادا زیادی کرد ، وئێمە ئەگەر ئەو کەسانەی خاوەن پلەوپایە بوون زینایان بکردایە هیچمان بەرامبەریان نەدەکردن ، وئەگەر کەسانی لاواز وبێ دەسەڵات زینایان بکردایە حەدمان بەسەریاندا دەسەپاند ، لەبەر ئەوە ڕێککەوتین لەسەر شتێك کە بەسەر هەمووواندا دەسەڵاتدار وبێ دەسەڵاتدا بیسەپێنین ، ئیتر ڕەش کردنی ڕوخسار وجەڵدمان لەبری ڕەجم داهێنا ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پەروەردگارا من یەکەم کەسم کە فەرمانی تۆ زیندوو دەکەمەوە کە ئەوان گۆڕیویانە ، فەرمانی کرد ڕەجمیان کرد ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِأَفْوَٰهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ ۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ ۛ سَمَّـٰعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّـٰعُونَ لِقَوْمٍ ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ۖ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَـٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَٱحْذَرُوا۟ ۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمْ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٤١﴾﴾ ، دەیانگوت : بچن بۆ لای محمد ئەگەر فەرمانی پێکردن بە ڕەش کردنی ڕوخسار وجەڵد لێدان حوکمەکەی وەربگرن ، بەڵام ئەگەر فەتوایدا بە ڕەجم کردن وریابن وەری مەگرن ، خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ ، ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ ، ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ هەموو ئەو ئایەتانە دەربارەی بێباوەڕان دابەزیون ؛ وبوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما دەڵێت : پیاو وژنێکی جوولەکەیان هێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ زینایان کردبوو دوای ئەوەی هەریەکەیان پێشتر هاوسەرگیری کردبوو ،



الجُزءُ السَّادِسُ سُورَةُ المَائِدَةِ

سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ
فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن
يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٤٢ وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ
وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ
ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٤٣ إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ
فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ
لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن
كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَۚ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ
وَٱخۡشَوۡنِ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم
بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٤ وَكَتَبۡنَا
عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ
بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ
قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن
لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٥

١١٥

جوولەکەکان لای پێغەمبەری خودا ﷺ کۆبوونەوە ، فەرمووی لە تەوراتدا حوکمی زیناکار چییە ، گوتیان ڕوخساریان ڕەش دەکەین وبە پێچەوانەوە سواریان دەکەین ودەیانگەڕێنین بە شاردا ، فەرمووی : تەورات بهێنن ئەگەر ڕاست دەکەن ، هێنایان وخوێندیانەوە ، هەتاکو گەیشتنە ئایەتی ڕەجم ، ئەو گەنجەی کە تەوراتەکەی دەخوێندەوە پەنجەی خستە سەر ئایەتی ڕەجم وئایەتەکانی دوای ئەوەش ، عبداللەی کوڕی سەلام ﵁ لای پێغەمبەری خودا بوو ﷺ ، گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێ بکە دەستی هەڵبگرێت ، دەستی بەرزکردەوە ، بینی ئایەتی ڕەجم لە ژێر دەستیدا بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی کرد ڕەجمیان کردن .

﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٤٢﴾ جوولەکەکان زۆر گوێ بۆ درۆ ودەلەسەی دەم سپییەکانیان دەگرن ، وزۆر حەرام خۆرن وسڵ لە خواردنی بەرتیل ناکەنەوە ، ئەگەر هاتن بۆ لات حوکم بکە لە نێوانیان یان پشتگوێیان بخە ولایان لێمەکەرەوە ، ئەگەر پشتگوێیان بخەیت

ولایان لێنەکەیتەوە هیچ زیانت پێناگەیەنن ، وئەگەر حوکمت کرد لە نێوانیان دادگەرانە حوکم بکە ، بێگومان خودا دادگەرانی خۆش دەوێت .

ئەم ئایەتە سەرنج ڕاکێشانی تێدایە بۆ موسڵمانان بۆ ئەوەی گوێ لە کەسانی درۆزن نەگرن کە بەناوی ئاینی خوداوە قسە دەکەن وبە حەز وئارەزووی خۆیان لێکدانەوە بۆ دەقەکانی قورئان وسوننەت دەکەن ، ﴿أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ﴾ (سحت) خواردنی سامانی خەڵکە بە نارەوا ، جا بە سوو بێت یان بەرتیل یان داگیرکاری یان بە دزی یان هەر ڕێگایەکی تر ، وتاوانێکی گەورەیە وخاوەنەکەی شایانی سزادانە بە ئاگری دۆزەخ ، حاکم وئیبن حبان لە کەعبی کوڕی عوجرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو لاشەیەك کە بە خواردنی حەرام گەشە ونەشونمای کردبێت ئاگر شایانیەتی بیسوتێنێ ؛ وئەحمەد لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : قیامەت نایەت هەتاکو کەسانێك پەیدا نەبن بە زمانیان سامانی خەڵك دەخۆن وەك چۆن مانگا بە زمانی شت دەخوات ؛ واتە : وەك چۆن مانگا جیاوازی ناکات لە نێوان باش وخراپ ، ئەوکەسانەش گرنگ نییە بەلایانەوە حەرام دەخۆن یان حەلاڵ ، ﴿فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ﴾ زیانت پێناگەیەنن لە دونیا ودوارۆژیش ، خودای پەروەردگار ئەوەی نەفی کردووە کە نەوەکانی ئادەم زیانی پێ بگەیەنن ، مسلم لە ئەبوزەری غەفارییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا جل جلاله دەفەرموێت : بەندەکانم ئێوە ناتوانن زیان بە من بگەیەنن ، وناتوانن سودیشم پێ بگەیەنن ؛ بەڵام ئەزیەت (أذية) لە فەرموودەدا هاتووە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە

ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا ﷻ دەفەرموێت : نەوەی ئادەم ئەزیەتم دەدات جنێو وقسەی نەشیاو بە کات دەدات ، وکات بە دەستی منە وشەو وڕۆژ بە دوای یەکدا دەهێنم ؛ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ کەسانی دادگەر خۆشەویستی خودان ، مسلم لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەوانەی کە دادگەرن لەسەر کۆمەڵە مینبەرێکن کە لە ڕووناکی دروست کراون ، لای دەستە ڕاستی خودا ﷻ ، وهەردوو دەستی ڕاستن ، ئەوانەی کە دادگەرن لە نێوان خێزان ومنداڵ وئەوەی لە ژێر دەستیان دایە ؛ حومەیدی لە جابری کوڕی عبداللەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەبوداودیش بەکورتی ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێکی خەڵکی (فدك) زینای کرد ، نامەی نارد بۆ کەسانێکی جوولەکە لە مەدینە ، پرسیار لە محمد بکەن دەربارەی ئەو کردەوەیە ، ئەگەر فەرمانی پێکردن بە جەڵدە لێدان لێی وەربگرن ، وئەگەر فەرمانی پێکردن بە ڕەجم کردن لێی وەرمەگرن ، لەو بارەیەوە پرسیاریان لێکرد ، فەرمووی : دوو لە زاناترین پیاوەکانتانم بۆ بنێرن ، پیاوێکیان هێنا چاوێکی کوێر بوو پێی دەگوترا : ئیبن صوریا ، ولەگەڵ کەسێکی تر ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموون : ئێوە لەوانەی پێش خۆتان زاناترن لە ئاینەکەتان ؟ گوتیان : گەلەکەمان لەبەر ئەو مەبەستە بۆلامان دەگەڕێنەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموون : ئایا ئێوە تەوراتتان لانییە کە حوکمی خودای تێدایە ؟ گوتیان : بەڵێ ، فەرمووی : سوێندتان دەدەم بەو خودایەی کە دەریای شەق کرد بۆ نەوەکانی ئیسرائیل ، وهەوری کرد بە سێبەر بەسەرتانەوە ، ورزگاری کردن لە فیرعەون ودەست وپێوەندەکەی ، وگەزۆ وگۆشتی باڵندەی شیلاقەی بۆ دابەزاندن ، چی دەزانن دەربارەی ڕەجم لە تەوراتدا ؟

یەکێکیان گوتی : تا ئێستا سوێندی بەو شێوەیە نەدراوم ، پاشان گوتیان : لە تەوراتدا هاتووە زۆر دووبارە کردنەوەی سەیرکردنی ئافرەت زینایە ، ولە ئامێزگرتنی زینایە ، وماچ کردنی زینایە ، ئەگەر چوارکەس گەواهی بدەن پیاوێك زینای کردووە لەگەڵ ئافرەتێکدا وەك چۆن میل لە کلدانەکەی بوو ، پێویستە ڕەجم بکرێن ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەوە مەبەستەکەیە ، فەرمانی کرد ڕەجم کرا ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ﴾ ؛ ونەسائی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەو ئایەتەی لە سورەتی (المائدە) خودا دەفەرموێت : ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ﴾ دەربارەی خوێنبایی (الدية) بەنونەزیر وبەنوقورەیزە دابەزی ، کوژراوەکانی بەنونەزیر خاوەن پلەوپایە بوون لایان خوێنبایی تەواویان بۆ وەردەگرتن ، وکوژراوەکانی بەنوقورەیزە نیوەی خوێنباییان بۆ وەردەگرتن ، لەو بارەیەوە دادیان هێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، خودا ئەو ئایەتەی دەربارەیان دابەزاند ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی کرد بەوەی کە خوێنی هەمووان یەکسانە ؛ ئیبن ئەبوحاتەم وتەبەرانی وحاکم وئیبن مەردەوەی وبەیهەقی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وحاکم بە صەحیحی داناوە دەڵێت : دوو ئایەت لەم سورەتە نەسخ کراونەتەوە : ئایەتی : (القلائد) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ﴾ پێغەمبەری خودا ﷺ سەرپشك کرابوو ئەگەر بیویستایە حوکمی دەکرد لە نێوانیان ، وئەگەر بیویستایە پشتی لێ

هەڵدەکردن ووەڵامی نەدەدانەوە ودەیگەڕاندنەوە بۆ حوکمەکانی ئاینەکەی خۆیان : خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ ﴿٤٩﴾﴾ فەرمان کرا بە پێغەمبەری خودا ﷺ حوکم بکات لە نێوانیاندا بەوەی لە قورئاندا هاتووە .

﴿وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٣﴾﴾ چۆن تۆ دەکەن بە دادوەر لە نێوانیاندا ، وڕازی دەبن بە حوکمی تۆ ، لە کاتێکدا تەوراتیان لەبەر دەستدایە کە حوکمی خودای تێدایە ، پاشان دوای ئەوەی حوکمت کرد لە نێوانیان پشت هەڵدەکەن ، ئەوانە باوەڕدارنین چونکە ئەوە خورەوشتی باوەڕداران نییە .

جوولەکە باوەڕیان بە پێغەمبەری خودا ﷺ نەبوو ، بەڵام هەندێکیان جاربەجار دادیان دەهێنا بۆ لای ئەگەر حوکمەکەی بەپێی حەز وئارەزوویان بووایە وەریان دەگرت ، ئەگەرنا پشت گوێیان دەخست ، ولایان بە لای ئەو حوکمەدا نەدەکردەوە کە داوییەتی ، وپێغەمبەری خودا ﷺ بۆ ئەوەی بیانوویان ببڕێت تەوراتی دەکرد بە بەڵگە بە سەریانەوە ، کە زۆربەی حوکم وفەرمانەکانیان تێکدا بوو .

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَۚ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخۡشَوۡنِ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ بێگومان ئێمە تەوراتمان دابەزاندووە هیدایەت وڕێنمایی ورووناکی تێدایە ، پێغەمبەرانی دوای پێغەمبەر موسا کە موسڵمان وملکەچی فەرمانی خودا بوون ،


حوكمی جوولەكەكانیان پێدەكرد ، وهەروەها باوەڕداره شارەزا ودانا پەروەردكارەكانیان وزاناكانیشیان حوكمیان بە تەورات دەكرد ، چونكە ڕاسپێردرا بوون بە پاراستنی كتێبەكەی خودا وشاهید بوون بەسەریەوە ، لە خەڵك مەترسن ولە من بترسن ، وئایەتەكانی من بە شتێكی كەم لە دونیا مەگۆڕنەوە ، وهەركەسێك حوكم نەكات بەوەی خودا دایبەزاندووە ئەوانە بێباوەڕن .

﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ لە تەوراتدا پێویستمان كردبوو لەسەریان ، كەسێك بە ئەنقەست وناڕەوا كەسێكی تر بكوژێت دەكوژرێتەوە ، وچاو لە بری چاو كوێر دەكرێت ، لووت لە بری لووت دەبڕدرێت ، وگوێ لە بری گوێ ، وددان لە بری ددان دەشكێندرێت یان دەكێشرێت ، وبرینەكانیش هەریەكە بە گوێرەی خۆی تۆڵەیان بۆ دەكرێتەوە ، هەركەسێك تاوانبارەكە ببەخشێت دەبێتە كەفارەتی تاوانەكەی ، وهەركەسێك حوكم بە ئەوە نەكات كە خودا دایبەزاندووە ئەوانە ستەمكارن .

زانایانی (أصول الفقه) دەڵێن : شەریعەتی پێش خۆمان دەبێتە شەریعەت بۆ ئوممەتی ئیسلام بە مەرجێك ئەگەر لە شەریعەتی ئیسلام نەسخ نەكرابێتەوە یان پێچەوانەی نەهاتبێت ، ئەم حوكمانەی ئەگەرچی خودا باسی دەكات لە تەوراتدا هاتووە ، بەڵام لە ئاینی ئیسلامدا ماوەتەوە ، بەڵام لە شەریعەتی پێغەمبەر موسا عليه السلام ئەگەر كەسێك كەسێكی تری بكوشتایە لێبوردن وخوێنبایی وەرگرتن نەبوو ، بەڵام خودا ئەوەی لەسەر ئوممەتی ئیسلام ئاسان وسووك كرد ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە

دەڵێت : لای نەوەکانی ئیسرائیل تۆڵەکردنەوە هەبوو ، وخوێنبایی وەرگرتن نەبوو ، خودا بە ئەم ئوممەتەی فەرموو : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ فَمَنۡ عُفِيَ لَهُۥ مِنۡ أَخِيهِ شَيۡءٞ﴾ لێبوردەیی ئەوەیە لە کوشتنی ئەنقەستدا خوێنبایی وەربگرێت ، ﴿فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيۡهِ بِإِحۡسَٰنٖۗ﴾ بەشێوەیەکی جوان داوای خوێنباییەکەی بکات وکەسوکاری بکوژەکەش بە باشی ئەوەی پێویستە لەسەریان بەجێی بهێنن ، ﴿ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَرَحۡمَةٞۗ ﴾ ئەوە ئاسانکارییە بۆ ئێوەکراوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە کە لە سەر ئوممەتە پێشینەکان بەو شێوەیە نەبوو ، ﴿فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٧٨﴾ هەرکەسێك دوای وەرگرتنی خوێنبایی بکوژەکە بکوژێتەوە سزایەکی بەئێش وئازاری بۆ هەیە ؛ وتەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پیاویان لە بری ئافرەت نەدەکوشتەوە ، بەڵکو تەنها پیاویان لە بری پیاو دەکوشتەوە ، وئافرەتیان لە بری ئافرەت ، خودای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ ٤٥﴾(المَائِدَة) ، هەموو ئازادەکانی لە خوێنبایی کوشتنی ئەنقەستدا یەکسان کرد ؛ وکەسی موسڵمان لە بری کەسی بێباوەڕ ناکوژرێتەوە ، بوخاری ومسلم لە عەلییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : موسڵمان لە بری کەسی بێباوەڕ ناکوژرێتەوە ؛ وئیبن ماجە لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : باوك ئەگەر کوڕی خۆی بکوژێت لە بری ناکوژرێتەوە ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ڕوبەیعی پورم یەکێك لە ددانە پێشەوەی ئافرەتێکی پشتیوانانی شکاند ،

کەسوکارەکەی داوای تۆڵە کردنەوەیان کرد ، وهاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، فەرمانی کرد تۆڵەی بۆ بکەنەوە ، ئەنەسی کوڕی نەضری مامم رضي الله عنه ، گوتی : نەخێر ، سوێند بە خودا ددانی ئەو خوشکەم ناشکێندرێت ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە کتێبەکەی خودادا حوکمی تۆڵە کردنەوە هەیە ، کەسوکاری ئافرەتەکە ڕازی بوون بەوەی لەبری شکاندنی ددانەکە ئەوەی لە شەریعەتدا دیاری کراوە ئەگەر تۆڵە نەکرێتەوە وەریبگرن ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان کەسی وا هەیە لە بەندەکانی خودا ئەگەر سوێند لەسەر خودا بخوات سوێندەکەی بۆ جێ بەجێ دەکات ؛ وئەحمەد ودارقوتنی لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك بە شاخی ئاژەڵ ئەژنۆی کەسێکی بریندار کرد ، هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتی : تۆڵەم بۆ بکەرەوە ، فەرمووی : با برینەکەت سارێژ بێت ، پاشان گەڕایەوە گوتی : تۆڵەم بۆ بکەرەوە ، پێغەمبەری خوداش ﷺ: تۆڵەی بۆ کردەوە ، پاشان جارێکی تر گەڕایەوە ، گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ من بە هۆی ئەو لێدانەوە شەل بووم ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من یاساغیم لێکردی تۆ سەرپێچیت کردم ، خودا دوورت بخاتەوە ، وشەل بوونەکەش هیچی بۆ نییە ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ یاساغی ئەوەی کرد تۆڵە بۆ بریندار بکرێتەوە هەتاکو برینەکەی باش نەبێتەوە ؛ وئەحمەد لە عوبادەی کوڕی صامتەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەر کەسێك برینێك لە لاشەی بکرێت ، وتاوانبارەکە ببەخشێت ، ئیللا خودا دەیکاتە کەفارەتی تاوانی ودەیبەخشێت وەك چۆن ئەو تاوانبارەی بەخشی ؛ ئەگەر کەسێك بریندار کرابێت ئەویش تۆڵە لەو کەسە بکاتەوە کە برینداری کردووە ولە کاتی تۆڵە کردنەوەکەدا بمرێت ، لای جمهوری زانایان هیچی لەسەر نییە .


الجُزْءُ السَّادِسُ　　سُورَةُ المَائِدَةِ

وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ
مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا
لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ٤٦
وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم
بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ٤٧ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ
ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ
وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ
عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ
وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ
فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ٤٨ وَأَنِ ٱحْكُم بَيْنَهُم
بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ وَٱحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَنۢ
بَعْضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم
بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ٤٩ أَفَحُكْمَ
ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ٥٠

١١٦

﴿وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٦﴾﴾ بە دوای ئەو پێغەمبەرانەدا عیسای کوڕی مەریەممان عليه السلام نارد کە تەورات پشتڕاست دەکاتەوە ، وبە ڕاستی دادەنێت کە پێش ئەو دابەزی بوو ، وئینجیلمان پێبەخشی کە هیدایەت وڕێنمای وڕووناکی تێدا بوو ، وحوکم وفەرمانەکانی تەورات پشتڕاست دەکاتەوە وبە ڕاستی دادەنێت ، ومایەی هیدایەت وئامۆژگارییە بۆ پارێزکارە لە خودا ترسەکان .

شەریعەتی پێغەمبەر عیسا عليه السلام درێژە پێدەر وتەواوکەری شەریعەتەکەی پێغەمبەر موسا عليه السلام بوو ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : شەریعەتەکەی پێغەمبەر عیسا عليه السلام پێکهاتووە لە شەریعەتی تەورات وشەریعەتی ئینجیلیش ، لەبەر ئەوە ئینجیل کتێبێکی سەربەخۆ نییە بەڵکو وابەستەی تەوراتە ، وئەحکامی زۆر بە کەمی تێدایە ، زۆربەی ئامۆژگاری وسەرگوزەشتەیە .

﴿وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ ئەوانەی ئینجیلیان بۆ دابەزێنراوە با حوکم بەوە بکەن کە خودا تیایدا دایبەزاندووە ، وهەرکەسێك حوکم بەوە نەکات کە خودا دایبەزاندووە ئەوانە فاسق ولارێن .

پرسی حوکم نەکردن بەوەی خودا دایبەزاندووە ئاوەژوو کراوە وشێوێندراوە ، وتەم ومژێکی زۆری لە دەور دروست کراوە ، وئەو کەسانەی کە خەوارجن وزۆربەی موسڵمانان کافر دەکەن لە دەوری ئەو باسە زیاتر دەخولێنەوە ، بەڵام جێی داخە کەسانێکیش کە بانگەشەی سەلەفییەت دەکەن بە ئەنقەست یان بە نەزانی لەو پرسەدا تێکەوتوون ، بۆیە پێویستی بە درێژە پێدان وڕوون کردنەوەیە ، چونکە کافر کردنی موسڵمان بە ناڕەوا زۆر ترسناکە ، بوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك بە براکەی بڵێت کافر ، ئەوا یەکێکیان گیرۆدەی ئەو حوکمە دەبن ؛ وبوخاری لە ئەبوزەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : بیستم پێغەمبەری خودا ﷺ دەیفەرموو : کەسێك کەسێکی تر تۆمەتبار بکات بە کافر یان لادەر(فاسق) ئەگەر ئەو کەسە بەو شێوەیە نەبێت ، دەگەڕێتەوە بۆ خۆی ؛ محمد الأثيوبي قسەیەکی قورتبی خاوەنی "المفهم شرح صحيح مسلم" هێناوە ، دەڵێت : ئەوەی خودا دەفەرموێت : ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ ئەو کەسانەی بە تاوان موسڵمان کافر دەکەن کە خەوارجەکانن ڕەواڵەتی ئایەتەکە دەکەن بە بەڵگە بۆ کافرکردنی موسڵمانان ، بەڵام بەڵگەی تێدا نییە بۆیان ، چونکە ئەم ئایەتانە لەسەر جوولەکەکان دابەزیوە کە ئاینەکەیان گۆڕیبوو وتێکیان دابوو ، وەك لە فەرموودەدا هاتووە ، کە بیباوەڕن ، کەسێك لە حوکمەکەیدا هاوبەشیان

دەبێت کە لە هۆکاری دابەزینەکەیدا هاوشێوەی ئەوان بێت ، ڕوونتر : ئەگەر موسڵمانێك حوکمی خودای بەدڵنیاییەوە زانی لە پرسێکدا ، پاشان حوکمی پێنەکات ، ئەگەر نکولی ئەو حوکمە بکات کافر دەبێت ، هیچ ناکۆکییەك لەسەر ئەوە نییە ، بەڵام ئەگەر نکولی نەکرد ئەوە تاوانبارە وتاوانی گەورەی ئەنجام داوە ، چونکە باوەڕی بە بنەڕەتی ئەو حوکمە هەیە ، وزانایە بەوەی پێویستە لەسەری جێبەجێی بکات ، بەڵام تاوانی کرد لەبەر ئەوەی کردەوەی پێنەکرد ، وهەروەها هەموو ئەو حوکمانەی لە ئایندا ئاشکرا وزانراون (ما عُلم من الدين بالضرورة) وەك : نوێژ ، وئەوانی تریش ، ئەوە مەزهەبی ئەهلی سوننەتە ، بێباوەڕی بریتییە لە : نکولی وبە درۆ دانانی حوکمێك کە لە ئایندا ئاشکرا وزانراوە ، هەرکەسێك بەو شێوەیە نەبێت کافر نییە ، مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە : ئایەتەکان مەبەستی لە کافران وکەللە ڕەقەکانە ، وموسڵمانانی لێ دەرکراوە ، ئەگەرچی وشەکانیشی گشتین ، چونکە کردار نەکردن بە حوکمێك لەگەڵ باوەڕ بوون بە واجبێتی لە هاوبەش بڕیاردان بچووکترە ، وخودا فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴿٤٨﴾﴾(النِّسَاء) ، ووازهێنان لە حوکم کردن هاوبەش بڕیاردان نییە بەکۆ دەنگی هەمووان ، دەشێت خودا لە خاوەنەکەی خۆش بێت ، بەڵام کوفر خودا لە خاوەنەکەی خۆش نابێت ، کەواتە : کردار نەکردن بە حوکمێك کوفر نییە ، وستەم ولاڕێیی کە لە دوو ئایەتەکەی تردا هاتووە ، مەبەست پێی کوفرە ، چونکە کەسە بێباوەڕەکە شتێکی لە جێگای خۆی دانەناوە ، ولە ڕاستی لای داوە ، بۆیە ئەوە بۆ بێباوەڕان ڕاستە : کە ستەمکار ولاڕێن ، بەڵکو کافر شایانترە بەو دوو سیفەتە لە کەسێك کە کافر نەبێت ، چونکە ستەمەکەی گەورەترین ستەمە ، ولاڕێییەکەی گەورەترین لاڕێییە ؛ وقورتبی "خاوەنی تەفسیر" دەڵێت : ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ

ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ، ﴿هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ ، ﴿هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ ، هەمووی دەربارەی بێباوەڕان دابەزیوە ، ئەوەی لە صەحیحی مسلم دا لە بەرائەوە رضي الله عنه ڕیوایەت کراوە ، ئەوە بۆچوونی زۆربەی زانایانە ، بەڵام موسڵمان کافر ناکرێت ئەگەر تاوانی گەورەش ئەنجام بدات ، وگوتراوە : نادیارییەك لەو ئایەتەدا هەیە ، واتە : هەرکەسێك حوکم بەوە نەکات کە خودا دایبەزاندووە وقورئان ڕەت بکاتەوە ، ونکوڵی فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ بکات کافر دەبێت ، ئەوە گوتەی ئیبن عەباس وموجاهیدە ، لەسەر ئەم مانایە ئایەتەکە گشتییە ، وئیبن مەسعود وحەسەنی بەصری دەڵێن : گشتییە بۆ هەموو کەسێك حوکم نەکات بەوەی خودا دایبەزاندووە ، موسڵمان بێت یان جوولەکە یان بێباوەڕ ، واتە : باوەڕی وابێت وبە حەڵاڵی بزانێت ، بەڵام هەرکەسێك حوکم بەوە نەکات کە خودا دایبەزاندووە باوەڕی وابێت کە تاوانێکی ئەنجام داوە ئەوە لە موسڵمانە لادەرەکانە ، وچارەنووسی لای خودایە بیەوێت سزای دەدات وبیەوێت لێی خۆش دەبێت ، وئیبن عەباس رضي الله عنهما لە ڕیوایەتێکدا دەڵێت : هەرکەسێك حوکم نەکات بەوەی خودا دایبەزاندووە ئەوە کردارێکی کردووە هاوشێوەی کرداری بێباوەڕانە ، وگوتراوە : هەرکەسێك حوکم بە تێکڕای ئەوە نەکات کە خودا دایبەزاندووە ئەوە کافرە ، بەڵام ئەگەر کەسێك لە بیروباوەڕدا یەك خوا پەرست بێت وحوکم بە هەندێك لە شەریعەت نەکات ، ئەم ئایەتە نایگرێتەوە ، دەڵێت : بەڵام بۆچوونی یەکەم پەسەندترە ؛ ئەلبانی دەڵێت : بنەمای فیتنەی کافر کردن لەم سەردەمە بەڵکو لە سەردەمە پێشینەکانیشەوە ، ئایەتێکە بەردەوام دەیڵێنەوە ، ئەویش ئەو فەرموودەی خودای پەروەردگارە کە دەفەرموێت : ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ وبەبێ تێگەیشتنی قووڵ وەریانگرتووە ، ودەیکەن بە بەڵگە بەبێ زانیاری ورد ، وئێمە دەزانین ئەم

ئایەتە سێ جار دووبارە بووەتەوە وهەرجارە بە وشەیەکی جیاواز کۆتایی هاتووە کە ئەوانیش : ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ٤٤﴾ ، ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٥﴾ ، ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ٤٧﴾ ، لەبەر زۆری نەفامی ئەو کەسانە تەنها فەرموودەی یەکەمیان کە : ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ٤٤﴾ دەبەن ، چونکە ئەوان تەنانەت زانیارییان دەربارەی هەندێك لە دەقە شەرعییەکانیش نییە "قورئان یان سوننەت" کە باسی وشەی کوفری تێدا هاتووە ، بۆیە یەکسەر بەبێ تێڕامان ووردبوونەوە ، بەو مانایە وەریان گرتووە کە دەرچوونە لە ئایین ، ووایان داناوە کە جیاوازیی نییە لە نێوان ئەم کەسەدا کە کەوتووەتە کوفرەوە ولە نێوان ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەی کە جوولەکەن یان گاورن یاخود لە ئاینەکانی ترن جگە لە ئیسلام ، ئەوە لە کاتێکدا وشەی کوفر هەموو کاتێك لە زمانی قورئان وسوننەتدا ئەم مانایە ناگەیەنێت کە ئەمان لێکی دەدەنەوە ، وئەم تێگەیشتنە هەڵە وناتەواوەی خۆیانی بەسەردا دەسەپێنن ، بۆیە هەرچۆن وشەی (ٱلْكَٰفِرُونَ) یەك مانای نییە ، بەهەمان شێوە ئەو دوو وشەکەی تریش (ٱلظَّٰلِمُونَ) و(ٱلْفَٰسِقُونَ) ، یەك مانایان نییە ، چۆن کەسێك بە ستەمکار یان لادەر وەسف کرا بێت مەرج نییە لە ئاین هەڵگەڕابێتەوە ، بەهەمان شێوە ئەوەی بە کافر وەسف کرا بێت مەرج نییە لە ئاین دەرچووبێت ، وزمان بەڵگەیە لەسەر ئەم جۆرا وجۆریە لە مانادا وپاشان شەریعەت کە بە زمانی عەرەب هاتووە "زمانی قورئانی پیرۆز" دیسان بەڵگەیە لەسەری ، جا لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی کە سنگ دەردەکەن بۆ حوکمدان بەسەر موسوڵماناندا "دەسەڵاتداران بێت یاخود خەڵك" زانستێکی زۆریان هەبێت دەربارەی قورئان وسوننەت ، لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەوی پێشینە چاکەکان ، ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ

ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ، ئایا مەبەست لە کوفر لەم ئایەتەدا چییە ؟ ئایا دەرچوونە لە ئاین ، یاخود شتی تری مەبەستە ؟ ، بێگومان پێویستە وردیی هەبێت لە تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکە ، چونکە دەکرێ مانای کوفری کرداری بدات ، کە ئەوەش دەرچوونە بەکردار لە هەندێك لە حوکمەکانی ئیسلام ، وبۆ ئەم تێگەیشتنەش زانای ئیسلام وراڤەکاری قورئان ئیبن عەباس ﵄ یارمەتیمان دەبێت ، چونکە موسڵمانان هەموویان تەبان "جگە لەوانەی کە لە کۆمەڵە گومڕاکانن" لەسەر ئەوەی کە پێشەوایەکی بێ وێنەیە لە تەفسیردا ، وەك بڵێی ئەو پیاوە ، ئەوکاتە شتێکی بەرگوێ کەوتبێ لەوەی کە ئەمڕۆ بە ئاشکرا دەیبیستین ، کەسانێك هەن بەشێوەیەکی ڕووکەش وبەبێ وردەکاریی لەم ئایەتە تێدەگەن ، بۆیە دەڵێت : ئەوە ئەو کوفرە نییە کە بیری ئێوەی بۆ دەچێت ، وئەوە ئەو کوفرە نییە کە لە ئاین خاوەنەکەی دەردەکات ، وئەوە کوفرێکە لە خوار ئاستی کوفری گەورەوەیە ؛ ئەحمەد وئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ ، ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ ، ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند لەسەر دوو کۆمەڵ لە جوولەکەکان ، کۆمەڵێکیان لەسەردەمی نەفامی سەرکەوتبوون بەسەر کۆمەڵەکەی تریاندا ، ڕێك کەوتبوون لەسەر ئەوەی هەرکەسێك لە کۆمەڵە خاوەن پلەوپایە ودەسەڵاتدارەکان کەسێکی لە کۆمەڵە لاواز وبێ دەسەڵاتەکە کوشت خوێنباییەکەی پەنجا وەسق گەنمە "هەر وەسقێك شەست صاعە ، کەواتە : پەنجا وەسق دەکاتە سێ هەزار صاع ، هەمووی دەکاتە نزیکەی شەش تەن ونیو" ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە کۆمەڵە لاواز وبێ دەسەڵاتەکە لە خاوەن پلەوپایەکانیان کوشت دەبێت سەد وەسەق گەنم بدات بە خوێنبایی ، بەو شێوەیە بوون هەتاکو پێغەمبەری خودا ﷺ

کۆچی کرد بۆ مەدینە ، وهەردوو لایان سەرکز ورِیسوا بوون ، پێغەمبەری خودا ﷺ زاڵ نەبوو بوو بەسەریاندا ، ولە ئاشتیدا بوو لەگەڵیان ، کەسێك لە کۆمەڵە بیّ دەسەڵاتەکە کەسێکی لە خاوەن پلەوپایەکانیان کوشت ، پەیامی بۆ ناردن کە سەد وەسق گەنمان بۆ بنێرن ، بیّ دەسەڵاتەکان گوتیان : ئایا شتی لەو شێوەیە ڕوویداوە لە نێوان دوو گەڕەك کە ئاین ورِەچەڵەك وولاتیان یەك بێت ، کۆمەڵێکیان خوێنبایی نیوەی کۆمەڵەکەی تریان بێت ؟! ئێمە کاتێك ئەوەمان بە ئێوە دەدا ستەم وچەوسانەوە بوو لە ئێمەتان دەکرد ، خەریك بوو شەڕ لە نێوانیان هەڵ بگیرسێت ، پاشان ڕازی بوون کە پێغەمبەری خودا ﷺ بکەن بە دادگەر لە نێوانیان ، پاشان دەسەڵاتدارە خاوەن پلەوپایەکانیان گوتیان : سوێند بە خودا محمد دوو هێندەی خوێنی ئەوان بە ئێوە نادات ، چونکە ئێمە ئەوەمان وەك ستەم وچەوساندنەوە لێدەسەندن ، لەوەشدا ڕاستیان کرد ، کەسانێکیان نارد کە لەو بارەوە هەواڵیان لە پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ بباتەوە ، گوتیان : ئەگەر ئەوەی دەمانەوێت پێیدان ئەوا بیکەن بە دادوەر لە نێوانتان ، ئەگەرنا ورِیابن ومەیکەن بە دادوەر ، خودا هەموو ئەوەی کە مەبەستیان بوو هەواڵی دابوو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿۞يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ ﴿٤١﴾﴾ هەتاکو ﴿وَلۡيَحۡكُمۡ أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ سوێند بە خودا ئەم ئایەتانە دەربارەی جوولەکەکان دابەزی .

﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ

ءَاتَىٰكُمۡۖ فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٤٨﴾ وئێمە کتێبمان بۆ دابەزاندووی کە ڕاست وڕەوایە وسەلمێنەر وپشت ڕاستکەرەوەی کتێبەکانی پێش خۆیەتی وحاکم وبالآیە بەسەریاندا وشەریعەتەکانی نەسخ کردوونەتەوە ، حوکم بکە لە نێوانیان بەوەی خودا بۆی دابەزاندوویت ، وشوێن حەز وئارەزووەکانیان مەکەوە دوای ئەوەی بەڵگەی ڕاستیت بۆ هات ، بۆ هەموو ئوممەتێك شەریعەت ومەنهەجی تایبەتمان دابەزاندووە ، ئەگەر خودا بیویستایە هەمووتانی دەکرد بە یەك ئوممەت ، بەڵام جیاوازن بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە بەو شەریعەتەی پێی بەخشیون ، پێشبڕکێ بکەن بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان ، هەمووتان بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە ، وئاگادارتان دەکاتەوە لە هەموو ئەوەی تیایدا ناکۆك بوون .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە قورئان گەواهیدەر وبالآیە بەسەر هەموو کتێبەکانی پێش خۆیەوە ، وخودا بە قورئان هەموو شەریعەتەکانی تری نەسخ کردووەتەوە ، دوای ڕەوانە کردنی پێغەمبەری خودا ﷺ ودابەزینی قورئان بۆی هیچ ئاین وئاینزایەك ڕەوا نییە ، بەڵکو دەبێت هەموویان شوێن پێغەمبەری خودا ﷺ بکەون وپەیڕەوی لە قورئان بکەن ، ﴿وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ﴾ هەرگیز پێغەمبەری خودا ﷺ شوێن حەز وئارەزووی جوولەکە وگاورەکان نەکەوتووە بەڵکو ئەوە وانە وسەرنج ڕاکێشانە بۆ موسڵمانان کە شوێن ڕێباز وحەز وئارەزووەکانیان نەکەون ، ﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ﴾ لە سۆز ومیهرەبانی پەروەردگارە بەرامبەر بەندەکانی بەپێی سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ئاین وبەرنامەی تایبەت وپێویست بە قۆناغەکانی ژیانی بۆ دابەزاندوون ، وکۆتایی بە پەیامەکانی خۆی بەگەورەترین وکامڵترین پەیام هێناو وپێویستی کردووە لەسەر مرۆڤ وجن

پەیڕەوی بکەن ، شایانی باسە ئاینی پێغەمبەران هەموویان یەکە وئاینی یەکتاپەرستییە بەڵام شەریعەتەکانیان جیاوازە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پێغەمبەران هەموویان بران لە باوکەوە ودایکیان جیاوازە ، ئاینی هەموویان یەك ئاینە ؛ کە بریتییە لە پەرستنی خودا بە تاك وتەنها وهاوبەش بۆ بڕیار نەدانی ، ولەم دونیایە ناکۆکی وململانێ ودووبەرەکی کۆتایی نایەت ، وژیان تاقیکردنەوەیە وکێڵگەی ڕۆژی دواییە بۆیە پێویستە هەمووان پێشبڕکێ بکەن لە کردەوە چاکەکاندا ، بۆ ئەوەی پلەوپایە وڕێز وبەهەشتی نەبڕاوەی خودا ﷻ بە دەست بهێنن .


﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ۝٤٩﴾ حوکم بکە لە نێوانیان بەوەی خودا دایبەزاندووە کە قورئانە وشوێن حەز وئارەزووەکانیان مەکەوە ، وریایانبە تووشی فیتنەت نەکەن بەوەی ئاستەنگت بۆ دروست بکەن کردەوە بە هەندێك لە ئایەتەکانی خودا نەکەیت کە بۆی دابەزاندوویت ، ئەگەر پشتیان هەڵکرد وڕازی نەبوون بەوەی دادگەری بکەیت لە نێوانیان ئەوا بزانە بێگومان خودا دەیەوێت گرفتاریان بکات بە هۆی هەندێك لە تاوانەکانیانەوە ، وبەڕاستی زۆرێك لە خەڵك لادەر ولە ڕێ دەرچوون .

پێویستە موسڵمانان وریای ئەو هەموو پیلان وفێڵانەبن کە ناحەزانی ئاین وبیدعەکاران ولادەرەکان دایدەڕێژن بۆ لە خشتە بردنیان ، وبەردەوام لە هەوڵدان بۆ ئەوەی لە ئاینە ڕاستەکەی پەروەردگار هەڵەیان بکەن ووەکو خۆیان گومڕا وسەرلێشێواویان بکەن ، وزۆری ژمارەی خراپەکاران وهات وهاواریان نابێت ساردیان بکاتەوە لەسەر پەیڕەو

کردنی ئاینەکەیان ، چونکە لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ باسی زۆرینە بە خراپ کراوە وەك لێرە دەفەرموێت : ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَـٰسِقُونَ﴾ ، ولە چەند ئایەتی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد ، کە خودا پێغەمبەرەکەی ﷺ سەرپشك کردبوو بەڵام پاشان فەرمانی پێکرد کە حوکم بکات لە نێوان جوولەکەکان بە قورئان ، ئیبن ئەبوحاتەم وتەبەرانی وحاکم وئیبن مەردەوەی وبەیهەقی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وحاکم بە صەحیحی داناوە دەڵێت : دوو ئایەت لەم سورەتە نەسخ کراونەتەوە : ئایەتی : (القلائد) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحْكُم بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ پێغەمبەری خودا ﷺ سەرپشك کرابوو ئەگەر بیویستایە حوکمی دەکرد لە نێوانیان ، وئەگەر بیویستایە پشتی لێ هەڵدەکردن ووەڵامی نەدەدانەوە ودەیگەڕاندنەوە بۆ حوکمەکانی ئاینەکەی خۆیان : خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَأَنِ ٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ﴿٤٩﴾﴾ فەرمان کرا بە پێغەمبەری خودا ﷺ حوکم بکات لە نێوانیاندا بەوەی لە قورئاندا هاتووە .

﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَـٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾﴾ ئایا حوکمی نەفامییان دەوێت ؟! ، کێ حوکمی لە خودا ﷻ جوانترە ، بۆ کەسانێك کە دڵنیان وباوەڕی تەواویان هەیە .

ئەو کەسانەی کە دڵیان نەخۆشە ولە ناخەوە خۆیان بە بچوك وگرگن (قزم) دەزانن وتووشی شکستە خۆیی بوون ، وبە هەموو ئەوەی لە ڕۆژئاوا دەگوزەرێت سەرسامن ، ورەخنە لە ورد ودرشتی ئاین وژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی خۆیان دەگرن ، بەڵێ ،


الجزء السادس — سورة المائدة

۞ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَـٰرِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَـٰدِمِينَ ﴿٥٢﴾ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَهَـٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ ۙ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ ۚ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فَأَصْبَحُوا۟ خَـٰسِرِينَ ﴿٥٣﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَٱلْكُفَّارَ أَوْلِيَآءَ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾

١١٧

ئەو کەسانە حوکمی نەفامی وژیانی جەنگەڵیان دەوێت وسود لە ئایەت وئامۆژگارییەکانی خودا ﷻ وەرناگرن ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێزراوترین خەڵك لای خودا کەسانێکە کە دابونەریت وخورەوشتی سەردەمی نەفامی زیندوو بکاتەوە وپەیڕەوی بکات .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥١﴾﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە جوولەکە وگاور مەگرن بەدۆست ویاوەر ، ئەوان هەندێکیان دۆست ویاوەری هەندێکی تریانن ، هەرکەسێك ئەوان بە دۆست ویاوەر بگرێت بێگومان ئەوە لەوانە ، بەدڵنیاییەوە خودا هیدایەت وڕێنمایی ئەو کەسانە ناکات کە ستەمکارن .

ئەم ئایەتە یاساغی دەکات لە موسڵمانان کە جوولەکە وگاور بە دۆست بگرن وسەریان بخەن ، ئێستا کەسانێك پەیدابوون شەو وڕۆژ بانگەشە بۆ هەموو دابونەریت وخووڕەوشتەکانی ڕۆژئاوا دەکەن ، وبە هەموو شێوەیەك لاساییان دەکەنەوە وشوێن پێیان هەڵدەگرن ، ئەبوداود لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی

داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك خۆی بچوێنێت بە گەل وئوممەتێك ئەوە لەوانە ؛ ئێستا ئەو کاتەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ لەم فەرموودەیەدا وەسفی کردووە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : شوێن ڕێبازی ئوممەتەکانی پێش خۆتان دەکەون ، بست بە بست ، وباڵ بە باڵ ، هەتاکو ئەگەر بچنە کونی بزن مژەکیشەوە شوێنیان دەکەون ، گوتمان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ : مەبەستت جوولەکە وگاورە ؟ فەرمووی : بەڵێ ؛ بەیهەقی لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : عومەر رضي الله عنه پەیامی نارد فەرمانی پێکردم کە ئەوەی وەرت گرتووە وئەوەی خەرجت کردووە بە نامەیەکدا بۆمی بنێرە ، ئەبوموسا رضي الله عنه نوسەرێکی گاوری هەبوو عومەر رضي الله عنه نوسینی نامەکەی پێ باش بوو ، گوتی : ئەمە کەسێکە پارێزەر دیارە ، لە مزگەوتدا نوسراوێکمان هەیە لە شامەوە بۆمان هاتووە بانگی بکە با بۆمانی بخوێنێتەوە ، ئەبوموسا رضي الله عنه گوتی : ئەو ناتوانێت بێتە ناو مزگەوتەوە ، عومەر رضي الله عنه گوتی : بۆچی لەشی گرانە ؟ ئەبوموسا رضي الله عنه گوتی : نەخێر ، گاورە ، لێم تووڕە بوو وبە دەستی دای لە ڕانم ، گوتی : دەری بکە ، ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿۞يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥١﴾﴾ ، گوتم : سوێند بە خودا بە دۆستم نەگرتووە ، بەڵکو تەنها نوسەر بووە لام ، گوتی : ئایا کەسێکت لە موسڵمانان دەست نەکەوت نوسەریت بۆ بکات ؟ نزیکیان مەکەونەوە لە کاتێکدا خودا دووری خستوونەتەوە ، وبە ئەمینیان دامەنێن لە کاتێکدا خودا بە خائینی داناون ، وڕێزیان لێمەگرن لە کاتێکدا خودا ڕیسوا وسەرشۆڕی کردوون ، ئەبوموسا رضي الله عنه دوای ئەوە دەری کرد .

﴿فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾ بۆیە دەبینی ئەو کەسانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە بە پەلەن بۆ ئەوەی بە دۆستیان بگرن وسەریان بخەن ، ودەڵێن : دەترسین ڕۆژگارێك تووشی بەڵایەك ببین ، بۆیە ئەم دۆستایەتیەیان لەگەڵدا دەکەین ، خودا سەرکەوتن یان لای خۆیەوە فەرمانێك دەهێنێت ، بەوەش ئەوەی لە ناخیاندا حەشاریان دابوو لێی پەشیمان دەبنەوە .

دووڕووەکان لەبەر ئەوەی دڵیان نەخۆشە وترس وبێباوەڕی تێدایە نەیاندەتوانی پشت لە جوولەکە هاوبیرەکانیان بکەن ، بە بیانوی ئەوەی نەوەك چەرخی ڕۆژگار بسوڕێت ودەسەڵات بگرنە دەست ، ﴿بِٱلْفَتْحِ﴾ چەند لێکدانەوەیەکی بۆ کراوە : مەبەست لە ڕزگار کردنی شاری مەککەیە ، یان : ڕزگار کردنی گوندە جوولەکە نشینەکانی دەوروبەری مەدینەیە ، یان : سەرخستنی پێغەمبەری خودایە ﷺ بەسەر هەموو نەیار ودوژمنەکانیدا ، ﴿أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ﴾ شاربەدەر کردنی جوولەکەکانی بەنونەزیر بەنوقورەیزە ، یان وەرگرتنی سەرانەیە لە جوولەکەکان .

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْۚ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فَأَصْبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾ وئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە دەڵێن : ئەمانە ئەو کەسانە نەبوون کە سوێندی قورسیان دەخوارد کە دڵنیابن لە گەڵتاندایین ؟! ، کردەوەکانیان هەموو پوچەڵ وهەڵوەشاوەیە ولە زیانمەند ودۆڕاوەکانن .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٥٤﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ، هەرکەسێك لە ئێوە لە ئاینەکەی هەڵگەڕێتەوە ، ئەوا خودا خەڵکانێك دەهێنێت کە خۆشی دەوێن وئەوانیش خودایان خۆش دەوێت ، سەرکزن بەرامبەر باوەڕداران ، وبەرامبەر بێباوەڕان سەربڵند وبەهێزن ، لە پێناوی ڕێگای خودا جیهاد دەکەن وتێدەکۆشن ، ولە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك ناترسن ، ئەوە فەزڵی خودایە دەیبەخشێت بە هەرکەسێك کە بیەوێت ، وخودا فەزڵی فراوانە وزانایە بەوەی کە کێ شایستەیە پێی ببەخشێت .

ئەو هەموو ناز ونیعمەتەی خودا بە موسڵمانانی بەخشیوە پێویستە بەردەوام شوکرانە بژێر بێت وداوای جێگیر بوون وبەردەوامی لە خودا ﷻ بکات ، وملکەچ وفەرمانبەردار بێت ، ووریای ڕەخنە گرتن بێت لە خودا وئاینی ئیسلام نەوەك ببێتە هۆکاری پاشگەزبوونەوەی لە ئیسلام ، ئەم ئایەتە سیفەتی خۆشویستن بۆ خودا ﷻ بەو شێوەیەی شایستەی خودایە دەسەلمێنێت ، وموسڵمان پێویستە بە بەزەیی ومیهرەبان بێت بەرامبەر برا باوەڕدارەکانی ، وسەربڵند ونەفس بەرز وبەهێز بێت بەرامبەر بێباوەڕان ، ولە لۆمە وتوانج وتانە وتەشەری کەس نەترسێت وبە هۆیەوە وازبهێنێت لە پەیڕەوکردنی فەرمانەکانی ئاینەکەی ، چونکە ئاین بە کەسی لاواز وبێ ئیرادە وترسنۆك سەرناکەوێت ، ئەحمەد وئیبن حبان لە ئەبوزەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : خۆشەویستم پێغەمبەری خودا ﷺ وەسییەتی شەش خەسڵەتی چاکەی بۆ کردم

، وەسییەتی بۆ کردم : سەیری سەرووی خۆم نەکەم بەڵکو سەیری خوارووی خۆم بکەم ، وهەژارانم خۆش بوێت ونزیك ببمەوە لێیان ، وسیلەی ڕەحم بگەیەنم ئەگەر ئەوانیش پچڕاندبێتیان ، ولەبەر خودا لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسم ، وڕاستی بڵێم ئەگەرچی تاڵیش بێت ، وزۆر (لَا حَوْلَ ولَا قُـوَّةَ إلا بالله) بڵێم چونکە گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت ؛ وئەحمەد وترمزی وئیبن ماجە لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : با ترستان لە خەڵکی ڕێگر نەبێت لە کەسێکتان کە ڕاستی بڵێت ئەگەر زانی یان بینی یان شاهید بوو بەسەرییەوە ؛ وجیهاد وتێکۆشان بۆ سەرخستنی ئاینی خودا یەکێکە لە پەرستشە گەورەکان ، ئیبن ئەبوشەیبە وحاکم وتەبەرانی لە عیاضی ئەشعەرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ پێغەمبەری خودا ﷺ شتێك بە دەستیەوە بوو ئاماژەی پێکرد بۆ ئەبوموسا رضي الله عنه ، وفەرمووی : ئەو کەسانە گەلەکەی ئەم پیاوەن ؛ وئیبن ئەبوحاتەم وتەبەرانی لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی ئەو فەرموودەی خودا : ﴿فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ ، فەرمووی : ئەوانە کەسانێکن لە یەمەن پاشان لە کندە وپاشان لە (السکون) وپاشان هەرکەس وەڵامی بانگەوازی خودا بداتەوە .

﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾﴾ تەنها دۆست وپشتیوانی ئێوە خودا وپێغەمبەرەکەی وباوەڕدارانن کە

نوێژەکانیان بەو شێوەیە ئەنجام دەدەن کە فەرمانیان پێکراوە وزەکاتی سامانەکانیان دەردەکەن وملکەچن بۆ فەرمانەکانی خودا وکڕنوشی بۆ دەبەن .


﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾
وهەرکەسێك خودا وپێغەمبەرەکەی وباوەڕدارانی خۆش بوێت وئاینەکەی خودا سەربخات ، بێگومان حزبی خودا هەردەم براوە وبالآدەستن .

﴿حِزْبَ﴾ دەبینین بە تاك هاتووە ولە قورئاندا لە هەر شوێنێك بە کۆ بەکارهاتبێت بۆ بە خراپە باسکردن وبێباوەڕان بەکارهێنراوە ، ئەوەش ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پارچە پارچە کردنی موسڵمانان بە ناوی حیزبی ئیسلامیەوە خراپە وبیدعەیەکی داهێنراوە بەڵکو پێویستە هەموو موسڵمانان تێکڕا بەبێ دووبەرەکی وناکۆکی دەست بە ئاینەکەی خوداوە بگرن ، خودا دەفەرموێت : ﴿فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ ۖ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٣٧﴾﴾(مَرْيَم) ، ودەفەرموێت : ﴿وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ ﴿١٣﴾ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ ﴿١٤﴾﴾(صٓ) ، ودەفەرموێت : ﴿فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ ۖ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴿٦٥﴾﴾(الزُّخْرُف) ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم وئیبن ئیسحاق لە عوبادەی کوڕی صامتەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : کاتێك هۆزی بەنوقینقاع دژایەتی پێغەمبەری خودایان ﷺ کرد عبداللەی کوڕی سەلول دەستی لە هاوپەیمانی وسەرخستنیان هەڵنەگرت ، وداکۆکی لێدەکردن ، وعوبادە لە هۆزی خەزرەج بوو چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وپەرێزی خۆی بێبەری کرد لە هاوپەیمانیان وخۆشویستنی خودا وسەرخستنی ئاینەکەی

هەڵبژارد ، وەك چۆن ئیبن سەلول هاوپەیمانێتی لەگەڵ جوولەکەکان هەبوو بە هەمان شێوەش عوبادەش ﵁ هاوپەیمانیان بوو ، دەستبەرداری ئەو هاوپەیمانیەتیە بوو ، گوتی : من دۆستایەتی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ هەڵدەبژێرم ، ولەسەر من وئیبن سەلول ئەم ئایەتانە دابەزی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥١﴾﴾ هەتاکو : ﴿فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَٱلْكُفَّارَ أَوْلِيَآءَ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە کەسانێك کە گاڵتە ولاقرتی بە ئاینەکەتان دەکەن ، لەوانەی پێش ئێوە کتێبیان بۆ دابەزیوە ولە بێباوەڕان بە دۆست وهاوەڵ مەگرن ، ولە خودا بترسن وپارێزکاربن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن .

لەم ئایەتەدا خودا یاساغی دەکات لە موسڵمانان کە دۆستایەتی وهاوپەیمان وهاوەڵی بێباوەڕان بکەن ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە سنور دەبەزێنن وگاڵتە وسوکایەتی بە ئاین وقورئان وپیرۆزییەکانی ئیسلام دەکەن ، وهەروەها هەموو موبتەدیع ولاڕێ وگومڕایەکیش دەگرێتەوە کە حوکمەکانی قورئان وسوننەت بشێوێنێ وبە حەز وئارەزووی خۆی لێکدانەوەیان بۆ بکات .


الجزء السادس　　سورة المائدة

وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلَوٰةِ اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿٥٨﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ الْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِاللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٥٩﴾ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّٰغُوتَ أُولَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ السَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ وَإِذَا جَآءُوكُمْ قَالُوٓا ءَامَنَّا وَقَد دَّخَلُوا بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِۦ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا يَكْتُمُونَ ﴿٦١﴾ وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَٰرِعُونَ فِى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَٰنِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٦٢﴾ لَوْلَا يَنْهَىٰهُمُ الرَّبَّٰنِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ ﴿٦٣﴾ وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَٰوَةَ وَالْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَٰمَةِ كُلَّمَآ أَوْقَدُوا نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللَّهُ وَيَسْعَوْنَ فِى الْأَرْضِ فَسَادًا وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ ﴿٦٤﴾

١١٨

﴿وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿٥٨﴾﴾ کاتێك بانگ دەدەن بۆ نوێژ ئەو بێباوەڕانە گاڵتە ولاقرتی دەکەن ، لەبەر ئەوەی کەسانێکی ژیرنین وتێناگەن .

بانگدان دروشمێکی گەورەی ئیسلامە ونابێت بە هیچ شێوەیەك وازی لێ بهێنرێت ، وئێستا لە هەندێك دەبیسترێت باسی بانگدان بە ئامێر ودەنگی تۆمارکراو دەکەن ، کە ئەمەش بێبەشکردنی موسڵمانانە لە پاداشتێکی زۆر وپەکخستنی واجبێکی گەورەیە ، بوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ئەگەر بیویستبایە بجەنگێت لەگەڵ کەسانێك ، لە بەرەبەیان گوێی دەگرت بۆ بانگ ئەگەر بانگی ببیستایە نەیدەدا بەسەریاندا ، ئەگەرنا دەیدا بەسەریاندا .

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٥٩﴾﴾ بڵێ : ئەی خاوەن کتێبەکان ئایا ئێوە هیچ نەنگییەکتان لە ئێمە بەدی کردووە کە بە هۆیەوە تانەمان لێدەدەن وڕقتان لێمانە جگە لەوەی ئێمە باوەڕمان بە خودا وئەوەی بۆمان دابەزیوە وئەوەی پێش ئێمە دابەزیوە هێناوە ؟ ، ئەوە لە کاتێکدا زۆربەتان لادەر وتاوانبارن .

جوولەکەکان کە گاڵتەیان بە موسڵمانان دەکرد لەبەر ئەوە نەبوو کە شتێکی سەرسوڕهێنەریان ئەنجام دابێت بەڵکو تەنها لەبەر ئەوە بوو کە باوەڕی ڕاستەقینەیان بە خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ هێنا بوو ، وئەوان ئیرەییان پێ دەبردن ، لە کاتێکدا کە خۆیان لە هەموو جۆرە تاوانێکدا تێوەگلابوون وکەسانێکی خراپ ولادەر بوون .

﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾﴾ بڵێ : ئایا ئاگادارتان بکەمەوە لە کردارێك کە لە خۆتاندا هەیە وخراپترین سزا دەدرێن لەسەری لای خودا ؟ کەسانێك کە خودا نەفرەتی لێکردوون ولێیان توڕە بووە وهەندێکیانی کردووە بە مەیمون وبەراز وتاغوتەکان دەپەرستن ، ئەوانە خراپترین جێگەیان هەیە ، وگومڕاترین ودوورترین کەسانێکن لە ڕێگای ڕاستەوە .

مسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی : ﴿ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ﴾ ئایا ئەو مەیمون وبەرازانەی ئێستا لە نەوەی ئەوانەن کە خودا گۆڕییانی ؟ فەرمووی : خودا هەر گەلێکی لە ناوبردبێت یان گۆڕیبێتی نەوە ووەچەیان لێ بەجێ نەماوە ، ومەیمون وبەراز پێش ئەوەی خودا ئەو کۆمەڵە جوولەکەیە بگۆڕێت بوونیان هەبوو ؛ مەبەست ئەوەیە ئەو جوولەکانەی ئێستا بوونیان هەیە لە نەوەی ئەوانە نین کە گۆڕابوون بە مەیمون وبەراز ، چونکە ئەوانەی کە خودا سزایدان وگۆڕییانی نەوەیان لێ بەجێ نەماوە .

﴿وَإِذَا جَآءُوكُمۡ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلۡكُفۡرِ وَهُمۡ قَدۡ خَرَجُواْ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكۡتُمُونَ ۝٦١﴾ ئەگەر بێن بۆ لای ئێوە دەڵێن : باوەڕمان هێناوە ، بێگومان بەبێ باوەڕی هاتن بۆ لای ئێوە وهەر بەو شێوەش دەرچوون ، وخودا زانایە بەوەی لە ناخیاندا حەشاریان داوە .

﴿وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنۡهُمۡ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَأَكۡلِهِمُ ٱلسُّحۡتَۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ۝٦٢﴾ ودەبینی زۆربەیان بەپەلەن بۆ خراپە وتاوانکاری وخواردنی حەرام ، سوێند بێت ئەوە خراپترین کردەوەیە ئەنجامی دەدەن .

﴿لَوۡلَا يَنۡهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ عَن قَوۡلِهِمُ ٱلۡإِثۡمَ وَأَكۡلِهِمُ ٱلسُّحۡتَۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ۝٦٣﴾ ئەوە بۆچی شارەزا ودانا پەروەردەکار وزاناکانیان یاساغی گوفتاری خراپ وخواردنی حەرامیان لێناکەن ؟! سوێندبێت کارێکی نەشیاو دەکەن .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەو کەسانەی کە زانان وشارەزاییان لە ئایندا هەیە ئەگەر فەرمان بە چاکە نەکەن ویاساغی خراپە نەکەن تاوانبارن وخراپیان کردووە ، ئەحمەد وترمزی وئەبوداود لە ئەبوبەکرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : خەڵك ئەگەر ستەمکارییان بینی ودەستیان نەگرت ، نزیکە خودا سزای هەموویان بدات ؛ ولە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت : هیچ گەلێك نییە تاوانیان تێدا ئەنجام بدرێت ، وئەوانەی کە تاوان ناکەن وزۆرتر وبە دەسەڵاتتربن پاشان دەست نەهێننە ڕێی خراپەکارەکان ونەیگۆڕن ، نزیکە خودا سزای هەموویان بدات ؛ وئیبن ماجە لە جەریری کوڕی عبداللەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە

دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : هیچ گەلێك نییە تاوانی تێدا ئەنجام بدرێت ، وبتوانن بیگۆڕن بەڵام نەیگۆڕن ، ئیللا خودا تووشی سزایەکیان دەکات پێش ئەوەی بمرن .


﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌ ۚ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا۟ بِمَا قَالُوا۟ ۘ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ ۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَـٰنًا وَكُفْرًا ۚ وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ كُلَّمَآ أَوْقَدُوا۟ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ۚ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٤﴾﴾ جوولەکە دەڵێن : دەستی خودا بەستراوە ونابەخشێت ، خۆیان دەستیان بەستراوە وچروکن ونابەخشن ، ونەفرەتیان لێکرا بە هۆی ئەوەی کە گوتیان ، بەڵکو هەردوو دەستی خودا کراوەیە ، دەبەخشێت چۆن بیەوێت ، بە دڵنیاییەوە زۆربەیان ئەوەی بۆت دابەزیوە لە پەروەردگارتەوە کە قورئانە زیاتر لە سنور دەریان دەکات وبێباوەڕیان دەکات ، ودوژمنایەتی ورق وکینەمان خستە نێوانیانەوە هەتاکو ڕۆژی قیامەت ، هەرکاتێك ئاگری شەڕیان هەڵبگیرساندایە خودا دەیکوژاندەوە ، وهەوڵی نانەوەی بشێوی وخراپەکاری دەدەن لەسەر زەوی ، وخودا خراپەکار وبشێوی کارانی خۆش ناوێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لە سەر تاوانباری وسنور بەزێنی جوولەکەکان وڕێز نەگرتنی خودای پەروەردگار ، وبەڵگەی ئەوەی تێدایە کە خودا ﷻ دوو دەستی بەخشندەی هەیە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : خودا ﷻ دەفەرموێت : بێگومان دەستی ڕاستی خودا پڕە ، بەخشین شەو وڕۆژ لێی کەم ناکاتەوە ، دەبینن لەو کاتەوەی خودا ئاسمانەکان وزەوی دروست

کردووە دەبەخشێت وهیچ لەوەی لە دەستی ڕاستیدایە کەم نەبووەتەوە ، وعەرشی خودا لەسەر ئاوە ، وتەرازوو(المیزان) بە دەستەکەی ترییەوەیە ، بەرزی دەکاتەوە کێی بوێت ودایدەبەزێنێت کێی بوێت ؛ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئایا ئەم دوو دەستە وەسف دەکرێن بە ڕاست وچەپ ؟ سەلەف دوو بۆچوونیان هەیە لەو بارەیەوە ، هەیانە دەڵێن : نابێت بەوە وەسف بکرێن وئەو ڕیوایەتەی لە صەحیحی مسلمدا هاتووە کە باسی دەستی چەپ دەکات نکولی دەکەن ، وهەیانە دەڵێن : بەڵێ دەستەکانی خودا بە چەپ وڕاست وەسف دەکرێن ، بەڵام ئەوەی کە پەسەندە دەستەکانی خودا وەسف دەکرێن بە چەپ وڕاست ، ومانای ئەو فەرموودەی کە دەفەرموێت : دەستی ڕاستی پەروەردگارم هەڵبژارد ، وهەردوو دەستی ڕاستن ؛ مانای ئەوەیە فەزڵ وبەخشینی دەستەکانی وەك یەکە ، چونکە دروستکراو کە چەپ وڕاستی هەیە ، ڕاستی جیاوازە لە چەپی ، هێزیان جیاوازە ، بەڵام دەستەکانی خودا جیاوازیان نییە ولەم ڕووەوە هەردوو دەستی ڕاستن ، کەواتە : ئەوەی پەسەندە کە دەستی چەپ بۆ خودا دەسەلمێنین ، بەڵام مانای ئەوە نییە لە دەستی ڕاستی کەمترە ؛ وئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە قورئان کە سارێژی دەردەکانی دڵ دەکات ، کەچی بووەتە هۆی ملهوڕی وسەرکەشی وگەندەڵی جوولەکەکان لەبەرئەوەی سنورەکانیان دەبەزاند وملکەچی فەرمانەکانی خودا نەبوون ، باوەڕیان بە ئایەتەکانی نەدەهێنا .

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَـٰهُمْ جَنَّـٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٦٥﴾﴾ ئەگەر خاوەن کتێبەکان باوەڕیان بهێنایە وپارێزکار ولە خودا ترس بوونایە خراپەکانیانمان دەسڕییەوە ولێیان خۆش دەبووین ودەمان خستنە نێو باخەکانی بەهەشتی پڕ ناز ونیعمەت .

﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۚ مِّنۡهُمۡ أُمَّةٞ مُّقۡتَصِدَةٞۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ سَآءَ مَا يَعۡمَلُونَ ٦٦﴾ وئەگەر پەیڕەوییان لە تەورات وئینجیل وئەوەی بۆیان دابەزێنراوە لە لایەن پەروەردگاریانەوە بکردایە ، لە لای سەرەوەیان ولە ژێر پێیانەوە ڕۆزییان دەخوارد ، کۆمەڵێکیان مامناوەندن ، وزۆربەیان خراپەکار وبەدکردارن .



الجزء السادس | سورة المائدة

وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَكَفَّرۡنَا عَنۡهُمۡ
سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ٦٥ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ
ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ لَأَكَلُواْ
مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۚ مِّنۡهُمۡ أُمَّةٞ مُّقۡتَصِدَةٞۖ
وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ سَآءَ مَا يَعۡمَلُونَ ٦٦ ۞يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ
بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ
رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٧ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ
تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡۗ
وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۖ
فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٨ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ
هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ
وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٩ لَقَدۡ أَخَذۡنَا
مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمۡ رُسُلٗاۖ كُلَّمَا جَآءَهُمۡ رَسُولُۢ
بِمَا لَا تَهۡوَىٰٓ أَنفُسُهُمۡ فَرِيقٗا كَذَّبُواْ وَفَرِيقٗا يَقۡتُلُونَ ٧٠

١١٩

ئەگەر جوولەکە وگاور کرداریان بە تەورات وئینجیل بکردایە پاشان باوەڕیان بە قورئان وپێغەمبەری خودا ﷺ بهێنایە لە ڕۆزی وبەرەکەتی ئاسمان وزەوی بەهەرەیان دەبرد ودەخوارد ، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پەیڕەوکردنی ئاین مایەی خۆش گوزەرانییە ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ﴾ مانای ئەوەیە لە ئاسمانەوە بارانیان بۆ دەباری ، ﴿وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۚ﴾ دەغڵودان وبەرەکەتی زەوییان بۆ دەڕوا ؛ بەغەوی دەڵێت :﴿ مِّنۡهُمۡ أُمَّةٞ مُّقۡتَصِدَةٞۖ﴾ مەبەستی باوەڕدارانی خاوەن کتێبەکانە ، وەك عبداللەی کوڕی سەلام رضي الله عنه وهاوەڵەکانی ، کە مام ناوەند بوون نەڕۆچوو بوون ونەکەمتەرخەم بوون ، ﴿مُّقۡتَصِدَةٞ﴾

مانای مامناوەندییە لە کردارکردن بەبێ ڕۆچوون وکەمتەرخەمی ، ترمزی لە ئەبودەردائەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ بووین چاوی بڕییە ئاسمان ، پاشان فەرمووی : ئێستا ئەوکاتەیە کە زانست لە خەڵك وەردەگیرێتەوە هەتاکو دەستیان ناگات بە هیچ لە زانست ، زیادی کوڕی لەبیدی ئەنصاری ﵁ گوتی : چۆن لێمان وەردەگیرێتەوە ئێمە قورئان دەخوێنینەوە ، سوێند بێت منداڵ وهاوسەرەکانیشمان فێردەکەین ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە باردایکت بچوویتایە ئەی زیاد من تۆم لە شارەزایانی مەدینە دەزانی ، ئەوە تەورات وئینجیل بەدەست جوولەکە وگاورەکانەوە چ سودێکیان پێ دەگەیەنێت ؛ کەواتە قورئان کاتێك سود بە موسڵمانان دەگەیەنێت ودەبێتە مایەی خۆش گوزەرانیان کە پەیڕەوی لێبکەن بەو شێوەی کە پەروەردگار داوای لێ کردوون .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٦٧﴾﴾ ئەی پێغەمبەری خودا هەموو ئەو پەیامە بگەیەنە کە لە پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە ، ئەگەر وانەکەیت ئەوا پەیامەکەیت نەگەیاندووە ، وخودا دەتپارێزێت لە خەڵك ، بێگومان خودا هیدایەتی گەلی بێباوەڕان نادات .

بوخاری لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : هەرکەسێك گوتی محمد ﷺ شتێکی شاردووەتەوە لەوەی بۆی دابەزێنراوە ، درۆ دەکات ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ ؛ وبوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ئەگەر

محمد ﷺ شتێکی لە قورئان بشاردایەتەوە ، ئەوە ئەم ئایەتەی دەشاردەوە : ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ۝٣٧﴾(الأَحْزَاب) ؛ ومسلم لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە گوتاری حەجیماڵئاواییدا فەرمووی : کتێبەکەی خودام لە نێودا بەجێ هێشتوون گومڕا نابن ئەگەر دەستی پێوە بگرن ، وئێوە دەربارەی من پرسیارتان لێ دەکرێت ، چی دەڵێن لە بارەی منەوە ؟ گوتیان : گەواهی دەدەین کە پەیامەکەی خودات گەیاند وئەوەی لەسەرت بوو بەجێتهێنا وئامۆژگاری ئوممەتت کرد ، پێغەمبەری خودا ﷺ سێ جار پەنجەی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە وئاراستەی هاوەڵانی دەکرد ودەیفەرموو : خودایە تۆ شاهید بە ؛ وترمزی لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ پاسەوانی دەکرا هەتاکو ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ ، دوای ئەوە پێغەمبەری خودا ﷺ سەری لە کەپرەکەیەوە دەرکرد وفەرمووی : ئەی خەڵکینە بڵاوەی لێ بکەن خودا دەمپارێزێت ؛ وئیبن حبان لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ لە شوێنێك دابەزیبا ، هاوەڵان سەیریان دەکرد گەورەترین داریان بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ دەست نیشان دەکرد ولە ژێر ئەو دارە دەحەسایەوە ، وهاوەڵانیشی لە سێبەری دارەکانی دەوری دادەبەزین ، لە کاتێکدا لەو شوێنە بوو ، وشمشێرەکەی بە دارەکەوە هەڵواسی بوو ، دەشتەکییەك هات وشمشێرە هەڵواسراوەکەی هەڵکێشا ، پاشان نزیك بوویەوە لە پێغەمبەری خودا ﷺ کە خەوتبوو ، لە خەوی کرد ، گوتی : ئەی محمد ، کێ ئەم شەو لە من دەتپارێزێت ؟ فەرمووی : خودا ، خودا ئەم

ئایەتەی دابەزاند : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ۗ﴾ .

﴿قُلْ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ ۗ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَـٰنًا وَكُفْرًا ۖ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾﴾ بڵێ : ئەی خاوەن کتێبەکان ئێوە لەسەر هیچ ئاینێك نین هەتاکو پەیڕەوی نەکەن لە تەورات وئینجیل وئەوەی بۆتان دابەزیوە لە پەروەردگارتانەوە ، بە دڵنیاییەوە زۆربەیان ئەوەی بۆت دابەزیوە لە پەروەردگارتەوە کە قورئانە زیاتر لە سنور دەریان دەکات وبێباوەڕیان دەکات ، بۆیە خەفەت مەخۆ بۆ ئەو کەسانەی بێباوەڕن .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئیبن حەجەر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : مالکی کوڕی صەیف وکۆمەڵێك لە زاناکانی جوولەکە هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتیان : ئەی محمد مەگەر تۆ بانگەشەی ئەوە ناکەیت کە لەسەر ئاینی پێغەمبەر ئیبراهیمیت ، وباوەڕت هەیە بەوەی لە تەوراتدا هاتووە وگەواهی دەدەیت کە ڕاستە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، بەڵام ئێوە ئەوەتان شاردووەتەوە کە فەرمانتان پێکراوە بیگەیەنن ، ومن بەریم لەوەی داتان هێناوە ، گوتیان : ئێمە دەست دەگرین بەو هیدایەت وڕاستییەی لەبەر دەستماندایە وباوەڕ بە تۆ وئەوەی هێناوتە ناهێنین ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿قُلْ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ ۗ﴾ .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَٰخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ٦٩﴾ بێگومان هەموو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە وجوولەکەکان وصابیئەکان وگاورەکان ، هەرکەسێکیان باوەڕی بە خودا ورۆژی دوایی هەبێت وکردەوەی باش ئەنجام بدات ، ترسیان نییە لەوەی لە ئایندە دێتە ڕێیان وخەفەت ناخۆن بۆ ئەوەی لە دونیا لە دەستیان دەرچووە .


﴿ٱلصَّٰبِـُٔونَ﴾ گوتراوە : ئاینێکە تێکەڵ بە ئاینی گاورەکان وئاگرپەرستەکانە ، وگوتراوە : تێکەڵەیە لە ئاینی جوولەکەکان وئاگرپەرستان ، وگوتراوە : تێکەڵەیە لە ئاینی جوولەکە وگاور ، وگوتراوە : ئاگرپەرستن ، وگوتراوە : فریشتە دەپەرستن ونوێژ بۆ جگە لە قیبلە دەکەن ، وزەبور دەخوێننەوە ؛ ئایا ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئەگەر کەسێك موسڵمانیش نەبێت بەڵام باوەڕی بە خودا ورۆژی دوایی هەبێت وکردەوەی باش ئەنجام بدات دەچێتە بەهەشتەوە ؟ بێگومان نەخێر چونکە یەکێك لە پایەکانی باوەڕ باوەڕهێنانە بە هەموو پێغەمبەران ، ومحمد ﷺ پێغەمبەری خودا سەردار وگەورەی هەموو پێغەمبەرانە وجوولەکە وگاور باوەڕیان پێی نییە کەوابوو بێباوەڕن ، ودوای ڕەوانەکردنی پێغەمبەری خودا ﷺ ودابەزینی قورئان هەموو ئاینەکانی تر نەسخ کراونەتەوە ودەبێت هەموویان شوێن پێغەمبەری خودا ﷺ بکەون ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو کەسەی نەفسی محمدی بە دەستە ، هیچ کەسێك نییە لەم ئوممەتە هەواڵی من ببیستێ ، جوولەکە بێت یان گاور پاشان بمرێت وباوەڕ نەهێنێت بەوەی بۆی ڕەوانەکراوم ، هاوەڵی ئاگرە ؛ ئایا جوولەکە وگاور ئوممەتی محمدن ﷺ ؟ بەڵێ ، چونکە ئوممەت دوو جۆرە :

گشتی یان ئوممەتی بانگەواز هەموو مرۆڤایەتی بەم ئیعتیبارە ئوممەتی محمدە ﷺ ، وتایبەت ئەوانەن وەڵامی بانگەوازیان داوەتەوە کە موسڵمانانن ، ﴿وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ کردەوە کاتێك بە کردەوەی باش وەسف دەکرێت وخودا وەریدەگرێت کە دوو مەرجی تێدا بێت ، یەکەم : بەدڵسۆزی ونیاز پاکییەوە لەبەر خودا ئەنجامی دابێت ، دووەم : بە گوێرەی سوننەتی پێغەمبەری خودا بێت ﷺ.

﴿لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ رُسُلًاۖ كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُواْ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ ٧٠﴾ بێگومان ئێمە بەڵێن وپەیمانمان لە نەوەکانی ئیسرائیل وەرگرت وکۆمەڵێك پێغەمبەرمان بۆ ڕەوانە کردن ، هەرکاتێك پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە کرابا کە بەپێی حەز وئارەزوویان نەبووایە کۆمەڵێکیان بە درۆیان دەخستنەوە وکۆمەڵێکی تریان دەیان کوشتن .

﴿وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُواْ وَصَمُّواْ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٌ مِّنْهُمْۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ٧١﴾ گومانیان وابوو کە تووشی بەڵا وئاشوب نایەن ، بەڵام کوێر وکەڕ بوون پاشان خودا لێیان خۆش بوو ، پاشان زۆربەیان کوێر وکەڕ بوون ، وخودا بینەری هەموو کردارەکانیانە کە ئەنجامی دەدەن .

ئەوانەی کە خودا پەیمانی قورسی لێوەرگرتبوون وپێغەمبەرانیان بە درۆ دەزانی وهەندێکیان دەکوشتن ، گومانیان وابوو خودا تاقییان ناکاتەوە وتووشی بەڵا وئاشوب نابن ، بەڵام لە پاداشتی ئەو کردەوە چەپەڵانەیان کوێر وکەڕ بوون ڕاستییان نەدەبینی ونەدەبیست ، پاشان


الجزء السادس سورة المائدة

وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتۡنَةٞ فَعَمُواْ وَصَمُّواْ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ ثُمَّ
عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٞ مِّنۡهُمۡۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ ٧١
لَقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۖ وَقَالَ ٱلۡمَسِيحُ
يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۖ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ
بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا
لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ٧٢ لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ
ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ
عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٣
أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسۡتَغۡفِرُونَهُۥۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٧٤
مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ
صِدِّيقَةٞۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ
ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٧٥ قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا
يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٧٦ قُلۡ
يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ
قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ٧٧

١٢٠

خودا تەوبەی لێوەرگرتن ، بەڵام دووبارە زۆربەیان کوێر وکەڕ بوونەوە لە ئاستی بینین وبیستنی ڕاستی .

﴿لَقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۖ وَقَالَ ٱلۡمَسِيحُ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۖ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ٧٢﴾ بێگومان بێباوەڕ بوون ئەو کەسانەی کە گوتیان : بەڕاستی مەسیحی کوڕی مەریەم خودایە ! ، ومەسیح فەرمووی : ئەی نەوەکانی ئیسرائیل خودا بپەرستن کە پەروەردگاری من وئێوەشە ، بێگومان هەرکەسێك هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدات خودا بەهەشتی لەسەر حەرام کردووە وجێگای ئاگری دۆزەخە ، وستەمکاران پشتیوانیان نییە وکەس بەهانایانەوە ناچێت .

﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٣﴾ بێگومان بێباوەڕ بوون ئەوانەی گوتیان : بێگومان خودا سێ خودایە ، وهیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە جگە لە یەك

پەرستراو کە خودایە ﷻ ، وئەگەر دەست لەو قسە نارەوایە هەڵنەگرن وپەشیمان نەبنەوە ، ئەوا ئەوانەیان کە بەردەوامن لەسەر ئەو بێباوەڕییە گرفتاری سزایەکی بە ئێش وئازار دەبن .

گاورەکان دەیانگوت : سێ خودا هەیە کە مەبەستیان : خودای پەروەردگار وعیسای کوڕی مەریەم ﷺ ومەریەمی دایکی بوو ، ئەمەش کوفر وبێباوەڕییە ، خودا تاك وتەنهایە وتەنها خودا شایانی پەرستنە ، هەرکەس باوەڕی بەو شێوەیە بێت هاوبەش بڕیاردەر وبێباوەڕە ، وبە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دووچاری سزای بە ئێش وئازار دەبێتەوە .

﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٤﴾﴾ ئەوە بۆچی تەوبە ناکەن لای خودا وداوای لێخۆش بوون وپۆشینی تاوانەکانیان ناکەن ؟ کە خودا لێخۆش بوو وپۆشەری تاوان وبە بەزەییە .

﴿مَّا ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌ ۖ كَانَا يَأْكُلَانِ ٱلطَّعَامَ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ ثُمَّ ٱنظُرْ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٧٥﴾﴾ مەسیحی کوڕی مەریەم هیچ نەبوو جگە لەوەی پێغەمبەری خودا بوو ، وچەندان پێغەمبەر لە پێش ئەو هاتوون ، ودایکی ئافرەتێکی ڕاستگۆی باوەڕدار بوو ، هەردووکیان خۆراکیان دەخوارد ، سەیر بکە چۆن ئایەت وبەڵگەکانیان بۆ ڕوون دەکەینەوە ، پاشان سەیر بکە ئەوان چۆن لە ڕاستی لادەدەن دوای ئەو ڕوون کردنەوەیەش .

عیسای مەسیح ﷺ پێغەمبەری خودایە وهاوشێوەی پێغەمبەرەکانی برای بانگەوازی بۆ یەك خواپەرستی کردووە ، دایکیشی بەندەیەکی ڕاستگۆ وباوەڕدارێکی ڕاستەقینە بووە ، وئەوان خودا نین وڕازیش نابن بەوەی بانگەشەی خودا بوونیان بۆ بکرێت ، وپێویستیان بە

ڕۆژی خودای پەروەردگار بووە ولەوەی کە خودا ڕۆزیداون خۆراکیان خواردووە ، ئەم بەڵگە ونیشانە ڕوونانە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن کە مەسیح ﷺ ودایکی بەندەی خودان ، بەڵام لەگەڵ ڕوونی ئایەت وبەڵگەکانی خوداش گاورەکان لادەرن وسنور بەزێنن ودەڵێن عیسا ﷺ ودایکی دوو خودان لە سێ لەو سێ خودایە کە دەیان پەرستین !.

﴿قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ۝٧٦﴾ بلێ : ئێوە جگە لە خودا دەپەرستن کە هیچ قازانج وزیانیان بە دەست نییە بۆتان ، وخودایە کە بیسەر وزانایە .


ئەحمەد وترمزی لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ڕۆژێك لە پشتی پێغەمبەری خوداوە ﷺ سواربووم ، فەرمووی : ئەی لاو سنورەکانی خودا بپارێزە خودا دەتپارێزێت ، سنورەکانی خودا بپارێزە خودا پشتیوان ویارمەتیدەرت دەبێت ، لە کاتی خۆشیدا خودا بپەرستە خودا لە تەنگانەدا بە هاناتەوە دێت ، ئەگەر داوات کرد تەنها داوا لە خودا بکە ، وتەنها پشت بە خودا ببەستە ، وبزانە ئەگەر هەموو خەڵك کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن ، ناتوانن هیچ سودێکت پێ بگەیەنن ، سودێك نەبێت کە خودا بۆی نوسیبێت ، وئەگەر هەموویان کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن ، شتێك نەبێت کە خودا لەسەرتی نوسیبێت.

﴿قُلْ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟ كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ۝٧٧﴾ بلێ : ئەی خاوەن کتێبەکان زیادەڕۆیی مەکەن لە ئاینەکەتان شوێنی جگە لە ڕاستی مەکەون ، وشوێن حەز

وئارەزووەکانی کەسانێك مەکەون کە لە پێشدا گومڕا بوون وخەڵکێکی زۆریشیان گومڕا کرد ، وگومڕا بوون ولە ڕێگای ڕاستی مامناوەند لایاندا .

زیادەڕۆیی لە ئاینی ئیسلامیش کارێکی خراپە ، خەواریجەکان لەسەردەمی پێشەوا عوسمان ﵁ وسەردەمەکانی دوای ئەویش هەندێکیان پەرستشی زۆریان هەبوو بەڵام زیادەڕۆییان دەکرد وموسڵمانانیان کافر دەکرد ، بوخاری لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان ئەم ئاینە ئاسانە ، ئەوەی زیادەڕۆیی بکات ولەسەر خۆی قورسی بکات ئاین زاڵ دەبێت بەسەریدا وناتوانێت بەردەوام بێت ؛ ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : تیاچوون بۆ ئەو کەسانەی زیادەڕۆن ، سێ جار ئەمەی فەرموو ؛ وئەحمەد لە عبدالرحمانی کوڕی شبلەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : قورئان بخوێنن وکرداری پێ بکەن ، وپشتی تێمەکەن ، وتێیدا ڕۆمەچن ، ونانی پێمەخۆن ، وسامانی دونیای پێ کۆمەکەنەوە .

﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ٧٨﴾ نەفرەت کراوە لەو کەسانەی بێباوەڕبوون لە نەوەکانی ئیسرائیل لەسەر زمانی داود وعیسای کوڕی مەریەم ، ئەوە لەبەر ئەوەی سەرپێچییان کرد ودەستدرێژی کاربوون .


الجُزْءُ السَّادِسُ سُورَةُ المَائِدَةِ

لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ
دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ
يَعۡتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ
لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٧٩﴾ تَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ
يَتَوَلَّوۡنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ لَبِئۡسَ مَا قَدَّمَتۡ لَهُمۡ
أَنفُسُهُمۡ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَفِي ٱلۡعَذَابِ هُمۡ
خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوۡ كَانُواْ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِيِّ وَمَآ
أُنزِلَ إِلَيۡهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرٗا
مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ﴿٨١﴾ ۞ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ
لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ
أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ
ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ
لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٨٢﴾ وَإِذَا سَمِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَى
ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعۡيُنَهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ مِمَّا عَرَفُواْ
مِنَ ٱلۡحَقِّۖ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨٣﴾

١٢١

﴿كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٧٩﴾﴾ خراپەیان ئەنجام دەدا وقەدەغە ویاساغییان لە یەك نەدەكرد ، بە ڕاستی ئەوەی ئەنجامیان دەدا خراپ وناپەسەند بوو .

فەرمان كردن بە چاكە ویاساغی كردنی خراپە لە سیما دیارەكانی ئوممەتی ئیسلامە ، بۆیە هەركات بەرەو كزی ولاوازی ڕۆیشت دەبێت چاوەڕوانی ئەو دەرئەنجامانە بكەین كە لەسەر وازهێنان لە فەرمان بەچاكە كردن ویاساغی كردنی خراپە دێتە دی ، ئەحمەد وترمزی لە حوزیفەی كوڕی یەمانەوە ﵁ ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو كەسەی نەفسی منی بە دەستە ، فەرمان دەكەن بە چاكە ویاساغی دەكەن لە خراپە ، یان نزیكە كە خودا لای خۆیەوە سزایەكتان بەسەردا بهێنێت ، پاشان لێی بپاڕێنەوە ووەڵامتان نەداتەوە ؛ ومسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەركەسێك لە ئێوە خراپەیەكی بینی با بەدەستی بیگۆڕێت ، ئەگەر نەیتوانی بە زمانی ، ئەگەر نەیتوانی بە دڵی ، وئەوەش لاوازترین باوەڕە ؛ وئەبوداود لە عرسی كوڕی عومەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر خراپە لەسەر زەمینێك ئەنجامدرا هەركەسێك لەوێ ئامادە بێت پێی ناخۆش بێت ، وجارێك

فەرمووی : نکولی لیٚ بکات ، وەك ئەو کەسەیە کە ئاگای لیٚ نەبووبێت ، وهەرکەسێك ئامادەی نەبوو بێت وپێی ڕازی بێت وەك ئەو کەسەیە کە ئامادەی بوو بێت .

﴿تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ ﴿٨٠﴾﴾ دەبینی زۆربەیان خۆشەویستی ودۆستایەتی لـەگەڵ بێباوەڕان دەکەن ، ئەوەش خراپترین کردەوەیە کە نەفسیان بۆیانی پێش خستووە کە بە هۆیەوە خودایان لیٚ تورە بووە ولـە دۆزەخدا بە هەمیشەیی سزا دەدرێن .

﴿وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٨١﴾﴾ وئەگەر باوەڕیان بە خودا وپێغەمبەری خودا وئەو قورئانەی کە بۆی دابەزیوە بهێنایە ، ئەو کەسانەیان بە دۆست وخۆشەویست هەڵنەدەبژارد ، وبەڵام زۆربەیان لادەرن وملکەچی فەرمانی خودا نین .

﴿۞ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا ۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٨٢﴾﴾ بێگومان دەبینی کەسانی جوولـەکە وهاوبەش بڕیاردەران دوژمنی سەرسەختی باوەڕدارانن ، وبێگومان دەبینی نزیکترینیان بۆ خۆشویستنی موسڵمانان ئەوانەن کە دەڵێن : ئێمە گاورین ، لـەبەر ئەوەی کەسانێکی زانا وگۆشەگیریان تێدایە ، وخۆیان بە گەورە نازانن لـە ئاست وەرگرتنی ڕاستی .

﴿وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ ۖ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴿٨٣﴾﴾ وئەگەر قورئان ببیستن کە بۆ پێغەمبەری خودا دابەزیوە ، دەبینی فرمێسك پڕ چاوەکانیان دەبێت ودێتە خوارەوە ، لـەبەر ئەو ڕاستییەی کە بۆیان دەرکەوت ، دەڵێن : پەروەردگارمان باوەڕمان هێنا ، بۆیە لـەگەڵ ئەو کەسانەمان بنوسە کە گەواهی ڕەوا دەدەن .

حاکم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وزەهەبی هاوڕایەتی لە بە صەحیح دانانی ، دەڵێت : ﴿فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ واتە : لەگەڵ محمد ﷺ وئوممەتەکەی کە ئەوان شاهیدن وشاهیدی دەدەن کە پێغەمبەرەکەیان پەیامەکەی گەیاندووە ، وشاهیدی بۆ پێغەمبەرانی تریش دەدەن کە پەیامەکانیان گەیاندووە بمان نووسە ؛ وئیبن ئەبوحاتەم ونەسائی لە "التفسیر"دا لە عبداللەی کوڕی زوبێرەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە ومقبل وادعی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : ﴿وَإِذَا سَمِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعۡيُنَهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ ٱلۡحَقِّۖ﴾ دەربارەی نەجاشی وهاوەڵانی دابەزی ؛ وتەبەرانی لە سەلمانی فارسییەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وزەهەبی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە خواردنێکم لێنا وهێنام بۆی ، فەرمووی : ئەمە چییە ؟ گوتم : خێرە ، بە هاوەڵانی فەرموو : بیخۆن ، وخۆی لێی نەخوارد ، پاشان گەڕامەوە وخۆراکم کۆ کردەوە وخواردنێکی ترم لێنا وهێنام بۆی ، فەرمووی : ئەمە چییە ؟ گوتم : دیاریە ، خواردی ، وبە هاوەڵانی فەرموو : بیخۆن ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ باسی گاورەکانم بۆ بکە ؟ فەرمووی : خێریان تێدا نییە وخێر لەو کەسەشدا نییە کە خۆشی دەوێن ، هەستام وقورس بوو لەسەرم ، خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿۞لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ﴾ هەتاکو ﴿تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ﴾ پێغەمبەری خودا ﷺ ناردی بە دوامدا وفەرمووی : ئەی سەلمان ئەوانە هاوەڵانی تۆن کە خودا باسی کردوون .